**سیاسییانی ئەدیب**

# سیاسییانی ئەدیب

گفتوگۆ لەگەڵ
سەلاحوددین موهتەدی و محەمەد ئەمین پێنجوێنی

سازدانی
فەرەیدون پێنجوێنی

له بڵاوكراوه‌كانی گۆڤاری ئاینده

ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م

# سیاسییانی ئه‌دیب

بابه‌ت: گفتوگۆ

ئاماده‌كردنی : فه‌ره‌یدون پێنجوێنی

به‌ڕێوه‌بردنی هونه‌ری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی كۆمپیوته‌ری : سه‌یران عبدالرحمان

تیراژ:   دانه

ژماره‌ی سپاردن:    ی ٢٠٠٣

www.sardam.net

## دەروازە

هەموو دەزانن کە شێوازی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی "گفتوگۆ"" بەڵام من خۆم زیاتر لە هەر جۆرێکی گفتوگۆ و قسەوباس, ئەو جۆرەیانم پێخۆشە کە جەدەلی‌یەو تیایدا(بەرامبەرەکان) هەم لە رووی زانینەوە هاوشانی یەکترن‌و, هەم (تەوەرەکانی‌گفتوگۆکە) بەبازی خێراو بە نیوەوناچڵی جێناهێڵن(یەك بەدوای ئەوی دیکەدا)"جگە لەوە (گفتوگۆ) دەگەیەننە ئاستی ئەوەی کتوپڕ هەردوولا پرسیاریان لەیەکتر هەبێت, بەمجۆرە (دوێندراو)و (دوێنەر) شوێنەکانیان بگۆڕنەوەو هەردووکیان لای (خوێنەر, یان بینەر) نیشانەلێگیراو و جێی مەبەستبن!بەڵام بێگومان ناتوانرێت لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم میتۆدە بگیرێتەبەر.

من لەم کتێبە چکۆلەیەدا دوو(ئەدیبی سیاسی),یان دوو(سیاسیی ئەدیب)م دووواندووە کە بریتین لە بەرێزان: سەلاحوودینی موهتەدی‌و محەمەد ئەمین پێنجوێنی.

دیارە دەکرا ئەم کتێبە لەمە باشتر بێت(لە هەموو رویەکەوە)" بەڵام داوجار ئەم (پەنجەرە چکۆلەیە)ی لێ‌دەرهات کەدەیبینن" پەنجەرەش وەکو دەرگا نییە فرکوهوڕی گەورە بکێشێ" بەڵکو تەنها بۆ سەرەتاتکێ دەست دەدات‌و بەس!سەرەتاتکێش هەر فرتەیەکە بەبەرچاوی بەرامبەرداو هیچی‌تر! هەر دەست تێوەژەندنێکە لە قەپرەغەی بەرامبەرو هیچی‌تر!

هەردوو گفتوگۆکە نزیکەی ساڵێك دەبێت ئەنجام دراون و دانراون! ڕەنگە ئەگەر ئێستا ئەنجامم بدایەن، میوانەکانم قسەی دیکەیان هەبووایە بۆ وتن" چونکە ئەگەر ئێستا بووایەت، ئەوان لەبەردەم ئاسۆگەلێکی نوێدا بوون"

لەبەردەم ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و وەرچەرخانی هەرە گەورەی سەردەمدا بوون" بۆیە حەتمەن هەم من پرسیاری دیکەم دەبوو لەوان, هەم ئەوانیش قسە و بۆچوونی دیکەیان دەبوو بۆ من، کەواتە دەبێت داوای بوردن بکەم، لە پێشدا لە هەردوو میوانە بەڕێزەکەم" ئەوجا لە خوێنەرانی خۆشەویست" کە دەبوو زووتر کتێبەکەیانم لەدەست بێتە دەر! بەڵام بەهەرحاڵ ئیتر وای لێهات!

دەمەوێ لێرەدا دەربارەی چۆنیەتی سازدانی گفتوگۆکان ئەوەش بڵێم کە: ئەم دوو گفتوگۆیە لە دوو هەلومەرجی دەروونیی جیاوازدا ئەنجامدراون!


گفتوگۆکەی تەك (کاك سەلاحوددینی موهتەدی) لە هەلومەرجێکی ئارام و هێمندا و لە ماڵی کاك سەلاح و بە چەندین ڕۆژ ئەنجام دراوە" بەڵام گفتوگۆکەی تەك (کاك محەمەد ئەمین پێنجوێنی) لە یەك دیدەنیی ئەودا بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ئەنجام دراوە کە هێشتا ماندوویی ڕێگای سەفەر لە گیانیا بووو دووبارەش بە نیازی خۆپێچانەوە بوو بۆ گەڕانەوە بەرەو ئەورووپا! کەواتە ئاساییە ئەم جیاوازیی نەفەسە، بە قسە و گفتوگۆکانەوە بەدی بکرێ!

شتێکی دیکە کە دەبێت لەم دەروازەیەدا بیڵێم ئەوەیە: من دەمویست ئەم کتێبە لەمە فراوانتر بێت و سەرجەم ئەو کارانەم بگرێتەخۆ کە لەم بوارەدا ئەنجامم داون" بەڵام کارەکانی دیکە پێشتر لە گۆڤاردا بڵاوکراونەتەوە" هەر لەبەر ئەم هۆیە نەمتوانی شفاعەتیان بۆ بکەم و بۆ ئێرەیان دەربازکەم!

دواجار: سوپاسی هاوڕێیانم (هەوار شەریف, هیدایەت ئیبراهیم, نەورۆز حسێن) دەکەم, کە ئەرکی گواستنەوەی دەقی ئەم گفتوگۆیانەیان (لەسەر کاسێتەوە بۆ سەر کاغەز) گرتە ئەستۆ.

**فەرەیدون پێنجوێنی**

# سەلاحوددینی موهتەدی



# سێبەری "سوارە" هێشتا سێبەرێکی سەنگینە ...

**فەرەیدون پێنجوێنی:**

**کاک سەلاحوددین موهتەدی، ئەمن زۆر خۆشحاڵم بوارت پێداین ئەو گفتوگۆیە بۆ گۆڤاری ئاینده سازبدەین، گفتوگۆکەمان دابەش کردووە بەسەر چوار __پێنج تەوەردا، تەوەری یەکەم: منالّی و بۆکان و ژیانی خێزانی، ئایا ڕەنگدانەوەی پێگەی خێزان و بنەماڵە لەسەر ئێوە چۆن بو، ئەگەر بکرێ لەو دەروازەیەوە بچینە نێو قسە و گفتوگۆکەمانەوە؟**

سەلاحوددین موهتەدی:

سوپاست دەکەم ... ڕاستی نازانم ئەوە ژیاننامەی منە، یان هەر باسێکە بۆئەوەی ببێتە دەروازەیەك و بۆئەوەی لەوێڕا بچینە نێو باسەکانی ترەوە " لە ڕاستیدا خەڵکی دیکەش لەو بارەیەوە زۆریان لێ پرسیوم .. من لە قەدەر توانای خۆم باسی ئەو ڕابردووەم کردووە.. بە تایبەت خەڵکی وا هەبوون بەشە سیاسیەکەیان زۆرتر مەبەست بووەو پرسیویانە، وا بزانم تۆ لێرە زیاتر بەشە ئەدەبی و فەرهەنگییەکەت مەبەستە.

**پ/ بەڵی بێگومان ...**

و/من لە ساڵی ١٩٣٨ ,چوار پێنج ڕۆژی ماوە بۆ ساڵی ١٩٣٩, لە گوندێك لەدایك بووم.. گوندەكە لە جنوبی بۆكانە و ناوی "قوڵ قوڵە"یە.. بەڵام كەم لەوێ ماومەتەوە.. هاتوینەتە خوارێ بەرەو شاری بۆكان. بەرلەوە بێینە ناو شار چووینە گوندی "شێخلەر".. كاتێك هاتینە ناو شار من تەمەنم گەیشتبووە حەوت ساڵان، خوێندنم نەك لە مەكتەبی ڕەسمی بەڵكو لە حوجرەیەكدا خوێند,بەڵام نەك حوجرەی فەقێكان, بەڵكو حوجرەیەكی تایبەت بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی كوڕەكانی بنەماڵەی خۆمان " هەر بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستایەك بانگكرابوو شوێنی درابوویێ ، جێ و ڕێی درابویێ لەلایەن بنەماڵەی ئێمە و باوكمەوە ! ناوی "شێخ ئەحمەد بوو" ,خەڵكی "كەسنەزان" بوو , هەتا بڵێی پیاوێكی دروست و مامۆستایەكی جدی و دڵسۆز و باش بوو.. بەڵام هەتا بشڵێیت سەختگیر و توندوتیژ و دەستوەشێن ! من ئەوەندەی دواتر لە زیندانەكانی ئێران ئەشكەنجە دراوم, ئەوەندەش مامۆستا لێی داوم.. ئێمە، من و بڕێك لە براو ئامۆزاكانم، شوێنی تایبەتمان بۆ گیرابوو كە لە خزمەت مامۆستا "شێخ ئەحمەد"دا بخوێنین .. هەمووئەو وانانەی پێدەگوتین كە لە مەدرەسە بە خەڵك دەوترایەوە.. تەنانەت من ناویشم نوسرابوو لە مەكتەب گوایە شاگردی ئەو مەدرەسەیەم .. هەموو تاقیكردنەوەكانیش دەچووم ئیمتیحانم دەدا ، بەڵام دەوامم نەدەكرد لە مەدرەسە " لە باتی ئەوە لەو حوجرە تایبەتییە دەوامم دەكرد. مامۆستا "شێخ ئەحمەد" نەك هەر

ماموٚستا بوو بەڵکو مورەبی و سەرپەرشیاری ئەخلاق و ڕەوشتیشمان بوو و لە لایەن باوکمەوە بۆ ئەم کارە ڕاسپێردرابوو.. دوای مەدرەسەش ئەو سەرپەرشتی دەکردین کە ئێمە چۆن هەڵدەستین, چۆن دادەنیشین, لە مەجلیس و دیواخان دەبێت چۆن ڕەفتار بکەین, تەنانەت کاتی نانخواردن : نان چۆن بخۆین...؟ ئەمە بەشێکە لەو تەربییەت و ئەخلاق، یا لەو فەزا عالیەی عادەتەن خێزانێکی ئەرستۆکرات سازی دەکات! لە ڕاستیدا بنەماڵەی ئێمە تێکەڵێك بوو لە بنەماڵەیەکی: عەشایەری ، ئەرستۆکراتی ، دینی ، سیاسی... بابم و تەنانەت هەموو بنەماڵەکەش (بەڵام بە تایبەت بابم!) هەر چوار خەسڵەتی تێدابوو..

**پ/ بابت سیاسەتی کردووە؟**

و/بەڵێ بابم سیاسەتی کردووە ... ڕەنگە یەکەم جار کە دەروازەی بیری سیاسیی بۆ کرابێتەوە ئەو کاتە بووبێت کە "مستەفا پاشا" لە سلێمانییەوە هاتووە بۆ "کوردستانی ئێران" بۆ چاوپێکەوتنی "سمایل خانی شوکاك – سمکۆ" ... باپیرم کە خۆی کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیری سەردەمی خۆی بووە, جگە لە پلەوپایەی عەشایەریش، کابرایەکی خوێندەوارو ئەهلی مێژوو و ئەهلی ئەدەبیات بووە.. داوای لە "مستەفا پاشا" کردووە کە مادام بەو ڕێگایەدا دەڕوا و دەچێ, بێت لە ماڵی وان میوان بێت " خزمەتی بکات و خەڵکی لەگەڵدا بنێری بۆ لای "سمکۆ"... باوکم لەم سەفەرەدا (وەکو خۆی دەگێڕێتەوە) تازە گەیشتۆتە تەمەنی جحێڵی.. "مستەفا پاشا" کاریگەریی زۆر کردۆتە سەر" باسی بۆ کردووە کە بۆ پێویستە کورد

دەوڵەتی خۆیان هەبێت ؟ بۆ پێویستە کورد سەربەخۆ بێت ؟خودی ئەو لەپێناوی چیدا خەبات دەکات ؟

ئەو باسە باسێکی دوور و درێژە، ڕەنگە کاتێك ببێ بە درێژتر لەسەری بنووسم، بەلاّم ئەوەی کە ئێستا دەمەوێ بیلێم ئەوەیە : "مستەفا پاشا" دەرگای ئەوەی بۆ باوکم کردەوە کە بیری دواڕۆژی کورد بکات، لەکاتێکدا کە باوکم تازە گەیشتبووە تەمەنی گەنجی یان نەگەیشتبوو.. دواتر لە کوردستاندا "حەسەنی سەیفی قازی" کە مەشهورە بە "سەیف ئەلقوزات" و شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنگەرێکی سیاسی کوردبووە, کاریگەریی زۆری لەسەر باوکم کردووە و لە ڕێگەی ئەدەبەوە واردی سیاسەتی کردووە... باوکم خۆشەویستیی زمان, خۆشەویستیی ئەدەبی کوردی , تێکەڵبوون و خۆ خەریککردن بە ئەدەبەوە,هەموو ئەوانەی لە "سەیفی قازی"یەوە وەرگرتووە.. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین : "مستەفا پاشای یامولکی" مامۆستای سیاسەتی بووە , مامۆستای ئەدەبیاتیشی "سەیفولقوزات" بووە (دواتر لەقەبی "قوزات" بە پێی دەستوری زەمانی "ڕەزا شا" ڕەت کرایەوە, ئەویش ناوی خۆی گۆڕی بە "سەیفی قازی")...

لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا , دوای ئەوە کە دەوڵەتانی هاوپەیمان هاتن و ئێرانیان گرت و حکومەتی "ڕەزا شا" ڕووخا، ڕووناکبیرانی کوردی ئێران, بە هاوکاری لەگەڵ ڕووناکبیرانی کوردستانی عێراق, یەکەمین حیزبی هاوبەشی کوردییان دانا کە بە کۆمەڵەی" ژ. ك" مەشهور بوو.. (کە دەڵێم "ژ.ك"یەکەمین حیزبی

هاوبەشە ، واتە: یەکەمین حیزبە کە لە دانان و دامەزراندنیدا کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە دەستیان داوەتێ !) خەڵکی : وەکو "میرحاج" ,خەڵکی وەکو "مستەفا خۆشناو", وەکو "عزەت عەبدولعەزیز"، بەشدارییان کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی" ژ.ک"دا لە مەهاباد ..بەشداریی "عیزەت عەبدولعەزیز" و"میرحاج" موئەکەدە و هەموو خەڵکی ئەو سەردەمە کە بیرەوەرییەکانیان نووسیوە، باسی دەکەن.. بەڵام ئەوەی من بیستوومە"مستەفا خۆشناو"یش لەگەڵ بووە... ئینجا زۆری پێ نەچووە لە دامەزراندنی حیزبی "ژ. ک" کە باوکم پەیوەندی پێوە کردوون و بۆتە ئەندام....

**پ/کاک سەلاح جارێکیان لە دانیشتن و گفتوگۆیەکماندا, باسی ئەوەت کرد کە باوکت وەکو سیاسییەکی ڕیفۆرمیست جموجوڵی کردووە.. یان با بڵێم: بیرێکی ڕیفۆرمخوازانەی هەبووە.. تەنانەت ڕۆژگارێك خوێندکار و قوتابیی کوردی ئێرانی وەها ئاراستە کردووە کە هیچ فرسەتێك , ئەگەر سازشکارانەش بێت , لەدەست نەدەن, بۆئەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی ببەنە پێشەوە....**

**پیاوێك بە بیرێکی لەو جۆرەوە ,چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ئێوە هەبوو؟ لەسەر تۆ.. لەسەر کاك "عەبدوڵڵای موهتەدی" ؟**

**پیاوێکی ڕیفۆرمیست نەوەیەك دەخاتەوە کە هەم کەسی ناسیونالیستی تیایە ,هەم کەسی مارکسیستی تیایە.. ئەم کاریگەری و جەدەل و بەرخوردە لە نێوان ئێوەدا شتێکی سەیرو جوانی لێ کەوتۆتەوە.. پێم خۆشە تیشکێك بخەیتە سەر ئەو حاڵەتە !**

و/ ئەگەر وابێت من دەبێ بازبدەم لە منالێمەوە بۆ گەورەییم ... باوکم دوای ڕوخانی "کۆماری کوردستان" ژیانی لە کوردستان خۆش نەبوو.. خۆی نەگیرا " بەلام بە دڵ خۆشحاڵ نەبوو.. ڕازی و ئاسوودە نەبوو لەو وەزعە کە دوای "کۆمار" تێیدا دەژیا" لەبەرئەوە باری کرد و چوو بۆ "تەبرێز".. ئەو وەختە "تەبرێز" شوێنگەی ئایالاتی ئازەربایجان بوو " کە ئازەربایجانەکانیش بە یەکەوە بوون ( ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) تەبرێز پایتەختیان بوو.. لە تەبرێز باوکم گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات , هەم لە باری فیکرییەوە , هەم لە باری ئەخلاقییەوە..کە ژینگەی ژیانی خۆی گۆڕی ولە ژینگەی کوردەواری و بەتایبەت لە ژینگەی ولاتی خۆمان هاتە دەرێ ,گەیشتەوە سەر ئەو خوێندەوارییەی کە هەیبوو و پێشتر کەڵکی لێوەرنەگرتبوو... باوکم علومی دینیی تەواو کردبوو، بەلام قەت سودی عەمەلیی لێ نەدیبوو، قەتیش سودی دنیایی لێ نەدیبوو " نەبووبوو بە پێشەوایەکی دینی, یان کارێك بە خوێندنە ئاینیەکەی خۆی بکات.. بەلام کە هات بۆ تەبرێز, خەڵکە زانا و ئاینیەکانی ئەوێ کە دیارە هەم ئازەربایجانی و هەم شیعەن, زۆریان پێ خۆشبوو پیاوێکی وا لە کوردستانەوە هاتووە و کوردە و سونی مەزهەبە و شافعییە و زانایە و دەمارگیریش نییە.. زۆری پێ نەچوو کۆڕێکی گەورە لەو پیاوە زانایانە پێکهێنرا , یەکێك لە کوردەکان کە تیایدا بەشدار بوو جگە لە بابم ," ئەحمەدی تورجانی زادە"یە..ئەم پیاوە پیاوێکی ئەدیب و زانای کورد بوو.. هەروەها لە تەبرێز مامۆستای زانکۆ بوو (مامۆستای ئەدەبی عەرەبی) , لە بنەماڵەیەکی

عیلمیی ئەوەی "مەلا عەلی قزڵجی"یە , "مەلا عەلی قزڵجی"مامۆستای هەموو مەلاکانی کوردەواری بووە.."ئەحمەدی تورجانی زادە" خۆیشی مەلایەتی تەواو کردبوو، دوای ئەوە علومی تازەیشی خوێندبوو، لە ئەدەبیاتی عەرەبدا زانا بوو.. مەلا شیعەکان لە تەورێز , لەگەڵ باوکم و لەگەڵ ئاغای "تورجانی زادە"، جۆرێك ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی و رووناکبیرییان پێکەوە نابوو کە لەوێدا لەسەر ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبیش قسە دەکرا.. لەسەر علومی ئیسلامیش قسە دەکرا.. لەسەر کێشەی نێوان شیعە و سوننەش قسە دەکرا.. بەڵام هەموولا هەوڵیان دەدا جۆرێك تەفاهوم و تەبایی لە نێوانیاندا هەبێت، نەك ناکۆکی و دژایەتی.. گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانە , دانیشتن لەگەڵ ئەوانە , گۆڕینی ژینگە , یارمەتیی باوکمی دا کە زیاتر بچێتەوە سەر ئەو علومەی کە کۆن خوێندبووی و زیاتر پیایدا بچێتەوە..ئەوە پاڵی پێوەنا , بە تایبەت بە هاندانی ئەو مەلایانە , لیباسیشی گۆڕی.. لە حاڵێکدا تەمەنی تەواو بەرەو پیری دەڕۆیشت.... باوکم کاتێك لە کوردستان بوو جلوبەرگی کوردیی لەبەر دەکرد .. کاتێکیش دەهات بۆ تەبرێز و تاران و شارەکان , جلوبەرگی ئەفەندی لەبەر دەکرد و بۆینباخی دەبەست.. بەڵام لە کۆتاییدا قەناعەتیان پیێ هێنا کە : تۆ زانای , لە کۆڕی زانستیدا بەشداری دەکەیت , بۆ جلوبەرگی زانایانی ئاینی لەبەر ناکەیت ؟ ئەمە وای لێکرد جلوبەرگی گۆڕی و جلوبەرگی مەلایانەی لەبەر کرد!

**پ/ئەی فیکری نەگۆڕی؟**

و/بەڵی , زیاتر لە فیکرەکەی ئەخلاقی گۆڕا، چونکە من کوڕی گەورەی بووم , زیاتر ئەوەم بە چاو دەدیت! باوکم لە گەنجیدا پیاوێکی توندوتیژ بوو.. پیاوێکی بە حوکم و سەختگیر بوو لەگەڵ منداڵەکانیدا.. هاتنی بۆ تەورێز و ڕەفتاری ئەو خەڵکە خوێندەوار و زانایەی تەورێز، گۆڕینی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە پێشتر تێیدا بوو , وای کرد کە ئەخلاقی گۆڕا.. یەکێك لەو شتە باشانەی کە بۆ من سودی هەبوو ئەوە بوو ڕەفتاری لەگەڵ منداڵەکانی گۆڕا , بەرەو باشتر , بەرەو نەرم بوون , بەرەو ئەوە کە ئێمە وەکو هاوڕێ پێکەوە قسەمان دەکرد.. ڕەفتاری لەگەڵ دایکیشم گۆڕا بەرەو زیاتر حورمەت و زیاتر تەفاهوم و زیاتر تەبایی لەگەڵی.. ئەمانە هەموویان فەزایەکی تازەیان خوڵقاند.. ئێمە لەو فەزا تازەیەدا بە ئازادی باسی هەموو شێتکمان دەکرد.

**پ/ئێوە لەو فەزا تازەیەوە دەستتان بەکار کرد:جەنابت, کاك "عەبدوڵلا"و....**

و/لە پێشدا من , چونکە "عەبدوڵلا"ێ منداڵ بوو.. من و برایەکی لە من بچوکتر " محەمەد " ...ئێمە زیاتر لەو فەزایە کە لە تەورێز دروست بوو کەڵکمان وەرگرت. کەوتینە ناو قسەوباسی سیاسی , فەلسەفی , ئینجا ئێمە خوێندەوار بووین , دەچووینە خوێندن..ئێمە چوار ساڵ لە تەورێز ماینەوە.. دوای چوار ساڵ چووین بۆ تاران .. کە چوین بۆ تاران باوکم ئەو فەزایەی فراوان و بەرینتر کردەوە.. ئینجا نەك هەر زانا و پیاوانی ئاینی بەڵکو پسپۆڕی بواری ئەدەب , سیاسەت , حقوق و قانون کە زیاتر مامۆستای زانکۆ بوون لێی کۆبوونەوە.. هاتووچۆی لەگەڵ

ئەوان دەستپێکرد. خۆیشی لە تاران وەرگیرا , وەکو مامۆستای زانکۆ لە تاران بۆ علومی ئیسلامی , بەتایبەت فیقهی شافعی.. (دیارە ئەوە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان و ئەوانەیە).. ئەمە ڕێگای کردەوە کە خەڵکێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆی تاران , بەتایبەت ئەوانەی ڕابردووی سیاسییان هەبوو و دەشیانزانی باوکم ڕابردوویەکی سیاسیی هەبووە , زەوقیان هەبوو هاتوچۆی بکەن، بانگی بکەن، دەعوەتی بکەن " خۆیشی چونکە لە بنەڕەتدا بنەمایەکی سیاسی هەبوو , زەوقی لەمە هەبوو! تارانیش شارێکی کراوە بوو, وەکو تەوریز نەبوو, شارێکی ئێجگار کراوە بوو , پڕبوو لە خەڵکی ئۆپۆزسیۆن.. باوکم دەستی کرد بە دۆستایەتیی کەسی وەکو "د. سەنجابی" کە بە ڕەگەز کوردە (سەرۆکی جەبهەی ئێرانی و جێگری د. محەمەدی موصەدەق بوو) لەوێڕا دەستی پێکرد تا کەسی وەکو "فروزان فەڕ"ی ناسی کە سەرۆکی کۆلیژی خۆی بوو و باوکم لەویێ دەرسی دەگوتەوە.. لەوێڕا دەس کرا بە دۆستایەتیکردنی خەڵکی ئۆپۆزسیۆن و موعارەزەی ئێرانی.

**پ/ئەی لەناو خێزانی ئێوەدا کەس سەروکاری لەگەڵ ئەدەبیاتدا هەبوو..؟**

و/لە خێزان و بنەماڵەی ئێمەدا هەموویان سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبیات هەبوو.. من .. مامەکانم .. لەگەڵ ئەوەشدا بە مانای نووسەر نووسەر نەبوون , یان شاعیر نەبوون، بەلام هەموویان پەیوەندییان بە شیعرەوە هەبووە.. یەکی بە قەد شانامەیەکیان شیعر لەبەر بوو , شیعری فارسی و کوردی.. لە ماڵی ئێمەدا قسەکردن لە ئەدەب و شیعر باسی هەمیشەیی بوو " یانی کە دادەنیشتین دوو باس هەمیشە لە

گۆڕێ بوو : یەکێکیان باسی سیاسەت , یەکێکیان باسی ئەدەبیات و شیعر... بەڵام با من باسی ئەوەت بۆ بکەم کە چووینە تاران ... ئەم فەزا سیاسییە باوکمی جارێکی دی بردەوە ناو جیهانی سیاسەت، بەڵام ئەم جارە وەکو مامۆستای زانکۆ و سەوداسەری ئەدەبیاتی کورد و زمانی کوردی.. جا ئەوەی کە تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت و خەڵکی دیکەش ئاماژەی بۆ کردووە لێرەدا بوو.. ئەوسا ماڵی ئێمە لە تاران و، بەتایبەت باوکم خۆی، بوو بوون بە مەرکەزێك، بووبوون بە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی قوتابیان و خوێندکارانی کورد.. خوێندکارانی کورد لەهەر کۆلیژێك کە دەیانخوێند : حقوق , ئەدەبیات , سیاسەت , ئابووری , هەندەسە , و زۆر شتی تریش , تەنانەت کۆلیژی (شەریعە) کە خۆی دەرسی تیا دەگوتەوە , خوێندکاری هەموو ئەو کۆلیژانە دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە..لە جەژنە گەورەکاندا ماڵی ئێمە وەکو نادیی لێ دەهات..لە جەژنی قوربان , جەژنی ڕەمەزان , جەژنی نەورۆز , جەژنە میللییەکان و جەژنە مەزهەبییەکاندا , دەبوو بە نادییەك و خەڵك لەوێ کۆدەبوونەوە!! تەنانەت جاری وا هەبوو نوێژی جەژنیشیان لەوێ دەکرد" جاری واش هەبوو سرودی نەورۆزیان لەوێ دەخوێند.. جگە لەوە ماڵی ئێمە بوو بە جێگای مەشورەت و لێکۆڵینەوە و قسەکردن لە مەسائیلی سیاسی و باسی کورد و کوردستان , بۆیە ئەو ماڵە بەهۆی باوکمەوە , بوو بە ناوەندێك , ئەم ناوەندە ڕووناکبیری و فەرهەنگی و سیاسییە , نەك خوێندکارانی گرتەوە , بەڵکو خەڵکی کوردی دانیشتووی تارانیش کە پێیان دەگوتن "کوردەکانی دانیشتووی

تاران" دەهاتنە ئەوێ ، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەبوایە ,پەیوەندیی بە کاری ئەدەبییەوە هەبوایە , یان پەیوەندیی بە مەسائیلی کۆمەلایەتییەوە هەبوایە !هەموو دەهاتنە ئەوێ و لەوێ کۆبوونەوە و ڕاوێژیان دەکرد...

ئینجا لەوێ نەك تەنها من و کۆمەڵێکی تر (بۆ دەوری دووەم)پێگەیشتین , بەڵکو بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی کورد کە دواتر هەرکەسە وناوێکی پەیدا کرد , هەرکەسە و ڕێبازێکی گرت , بوون بە پێشمەرگە , بوون بە سیاسی , سەرەتای گەنجێتی و ئاشنابوونیان لەگەڵ کاری سیاسی و ئەدەبی کوردی لەوێ پەیدا کرد..!ئەم ناوەندە بوو بە ناوەندی هەمووومان..سروشتیيه منیش تیایدا پێ بگەم بە ڕێبازی خۆم , "محەمەد"ی براشم تیایدا پێ بگات بە ڕێبازی خۆی (کە دواتر بوو بە کەسێکی ڕووناکبیر لە ئەوروپا), پاشان "عەبدوڵلا"ش تیایدا پێ بگات... ئێمە (چونکە بەحسەکان کراوە بوون !) کە دادەنیشتین , بە تایبەت لەم سالانەی دواییدا باوکم ڕەوشێکی زۆر ئازادیخوازانە و لیبرالی گرتبووە بەر لە ڕەفتار لەگەڵماندا , بە ئاشکرا هەموو شتێکی سیاسەتمان باس دەکرد..! سیاسەتیش قەیناکا, باسی مەسائیلی فەلسەفەمان دەکرد , باسی عەقیدەمان دەکرد , باسی خوامان دەکرد، باسی باوەڕبوون و باوەڕنەبوون بە دیانەتمان دەکرد.. ئەو لەگەڵ ئەوەی زانایەکی ئاینی بوو , موفەسیر بوو , موحەدیس بوو , فەقیهیش بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە دائەنیشت لەگەڵ ئێمە دەکەوتە جەدەلێکی فەلسەفییەوە..

ئێمــە ئــازاد بــووین هــەموو بیروبــاوەڕێکی خۆمــان بڵــێین ، ئــەویش بیروبـاوەڕی خـۆی لای ئێمـە دەگـوت، ئینجـا لـە فەزایـەکی سیاسـی و فیکـری و فەلسەفیی ئـاوادا , کاریگـەریی دەرەوەش لەبەرچـاو بگـرە : هەرکام لە ئێمە چوینە زانکۆ , هەرکام لە ئێمە لەگەڵ جەرەیان و ڕەوتی فیکریـی جۆراوجـۆر ڕووبـەڕوو بـووین , تێکهەڵکێـشێك لـە کاریگـەریی ماڵەوە و کاریگەریی دەرەوە هەرکام لە ئێمەی بە لایەکدا برد..

**پ/کاك سەلاح ببەخشە , ئەو فەزا لیبراڵیەی کـە خێزانـی ئێـوە دەسـتەبەری کردبوو بۆ ئێوە.. ئەو سەکۆ لیبراڵییـەی کـە سـەکۆی خێزانـی ئێـوە بـوو...چـۆنە کەسێکی(لیبراڵ)ی لەناو ئێـوەدا پێنەگیانـدووە : ئـەوتان مارکسیـست , ئـەمتان ناسیونالیست ؟**

و/کێ دەڵێ جێی نەهێشتووە ؟ من خـۆم زۆر لـە فیکـری لیبراڵـی بـە دوور نابینم , چونکە ناسیونالیزم بە هیچ جۆر دژایـەتی یـان ناکۆکی لەگـەڵ بیرێکـی لیبراڵـی نییـە بـۆ ژیـان , بیرێکـی لیبراڵـی بـۆ ئـابووری , بیرێکـی لیبراڵـی بـۆ قـەبوڵکردنی بەرانبـەر.. هـیچ دژایەتییـەك لـەوەدا نـابینم.. ناسیونالیزم هانـدەر و پاڵنـەری ئێمەمانانـە کـە چۆن ڕێبازێك بدۆزینـەوە میللەتەکـەی تێدا بپـارێزین لـە فـەوتان و لەناوچوون...بیرم دێت :– لە تەوریز بووین..هێشتا منداڵ بووم (تەمـەنم ١٤ سـاڵ و ١٥ سـاڵ بـوو).. نەخۆشـخانەیەکی گـەورە هـەبوو.. مـن بـە بـەردەم ئـەو نەخۆشخانەیەدا دەهاتم و دەڕۆیشتم بۆ مەکتەب ..لە ماڵی خۆمانەوە بە پیـادە دەڕۆیـشتم..خـەڵك لەبـەر دەرکـی خەسـتەخانەکە ڕیـزی دەبەسـت بۆئـەوەی بـچێت بـۆ لای دکتـۆر نـۆرە وەربگرێـت..زۆرجـار مـن کـوردم

دەدیت بە جلوبەرگی کوردییەوە , زۆر هەژار , ڕێگایان نەدەدا , لە ڕیزەکەدا پاڵیان پێوە دەنا , دەیانخستە پشتەوە, توانای نەبوو بچێت بۆ لای دکتۆری تایبەتیش، پریاسکەیەکی لە کۆڵە پشتەکەی دەردەهێنا کە هەندێك نانی تێدابوو , نانێکی ڕەق , یان پێخۆرێکی زۆر ناخۆش , لە بن دیوارێك دادەنیشت دەیخوارد تا نۆرەی دەهات! من زۆر جار بە چاوی گریانەوە دەچووم بۆ مەکتەب " خۆم پێڕانەدەگیرا تا مەکتەب..! لەوێ پێش ئەوەی بچمە ناو کلاسەکە، ئاوم بە دەم و چاودا دەکرد بۆئەوەی خەڵك نەزانێ گریاوم.. خۆ تۆ ناتوانی ناسیونالیست نەبی کە ئەمەت دەدی.. ئەو شتانە هاندەر و پاڵنەر و بزوێنەری من بوون , ئەوە جگە لەوەی کە ماڵی خۆشمان و باوکم و مامەکانم و خەڵکی دیکەش هاندەرم بوون بۆئەوەی ئەم بیرە ناسیونالیستییە بێتە مێشکمەوە و بچەسپێت! تەنانەت ئەم گریانەش بەرهەمی ئەو باوەڕە بوو کە من لە منداڵییەوە وەرم گرتبوو, بەرهەمی ئەو خۆشەویستییە بوو کە بەرامبەر بە کورد و کوردستان و گەلی کورد لە منداڵییەوە چووبووە دڵمەوە.. ئینجا کە دەمدی ئاوا , سروشتی بوو بگریم !!

ئێستا با وەڵامی سەرەتای پرسیارەکەت بۆ تەواو کەم : من لە بۆکان کە لە ٧ ساڵییەوە هاتم , لە مەکتەب ناوم نوسیبوو" کاتەکەم تەنها بەشی ئەوە بوو ئیمتحان بدەم لە مەکتەب , دەناخوێندنەکەم لای مامۆستا "شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی" بوو, گۆڕی پڕ لە نوور بێت و هەموو ئەو لێدانانەی کە لێی داوم گەردنی خۆش و ئازا بێت, چونکە ئێستاش بە قەد باوکم خۆشم دەوێت، پیاوێکی ئێجگار شەریف بوو,

بەڵام دوای چوار ساڵ مامۆستا هەرچی دەیزانی هەمووی فێرکردم , لەبەرئەوە تازە پێویست بوو بگەڕێمەوە بۆ مەکتەب شتی تازەتر فێر بم! هەرچەندە من لای مامۆستا هەر لەم چوار ساڵەدا فارسی نووسین , خوێندنەوە , جوگرافیا , مێژوو , ڕیازیات , هەموو ئەمانە فێر بووم .. باوەڕبکە بەم چوار ساڵە بەشی شەش حەوت ساڵی فێرکردم , بەڵام ئیتر تەواو بووبوو , گەورە بووبووم , دەبوو بچمەوە سەر خوێندنێکی ڕێکوپێکتر لە مەکتەب.. پۆلی ٥ و ٦م لە بۆکان خوێند لە مەکتەب.. من شەشی سەرەتاییم تەواو کردبوو ئیتر ماڵمان چوو بۆ تەورێز.. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە دوای ئەوەش فێری بووم ,هی ئەوە بوو کە لای مامۆستا "شێخ ئەحمەد" فێری بووبووم , چونکە من کە چوومە تەورێز, بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا , زانیم من لە خوێندکارەکانی ناو کلاسەکەمان زۆر زیاتر شت دەزانم ، ئەوە فەزڵی مامۆستا "شێخ ئەحمەد" بوو...

**پ/ئەو مامۆستایە ئەدیب بوو ؟ هیچی جێماوە لای ئێوە ؟**

و/ئەو مامۆستایە پیاوێك بوو زۆر زەوقی ئەدەبیاتی هەبوو، زۆر شیعری لەبەر بوو " بەڵام خۆی شیعری نەدەگوت.. کابرایەك بوو خەتی زۆر خۆش بوو , وەك ئێرانییەکان دەڵێن (مونشی) بوو , نامەی زۆر جوانی دەنووسی..خەڵکی دەیانهێنا فێری نامەنووسینیان بکات، فێری سەرەتایەکی ئەدەبیاتیان بکات، فێری بیرێك لە حساب و ڕیازیاتیان بکات...

باوکم چۆتە ناو کۆمەڵەی "ژ. ک"ەوە ، سیاسەت و پێویستبوونی دەوڵەتێکی کوردی , کاتی خۆی لە "مستەفا پاشا"وە فێربووبوو , دواتر خۆشەویستیی زمان و ئەدەبی کوردی و خۆتێکەڵکردن لەگەڵ ئەدیبی کورد، لە مامۆستای گەورە "مامۆستا حەسەنی سەیفی قازی"یەوە فێربووبوو ، بەم هەردوو بیر و بەم هەردوو فیکرەوە بوو , یا بەو دوو باڵەوە بوو, کە دەفڕی و , چووە ناو کۆمەڵەی "ژ. ک"... بە خێرایی لە کۆمەڵەی "ژ. ک" دا بەرزبۆوە و بوو بە یەکێك لە پیاوە ناسراوەکانی ... بەڵکوماڵەکەی خۆیو توانا و ئیمکانیاتی مادی و قودرەتی سیاسی و عەشایەری و هەموو ئەوانەی کرد بە بنکەیەك بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵە.. لە کۆمەڵەدا دوو ناوی هەبوو :- یەکەمیان "برای ڕاست" بوو.. بەڵام دوای ئەوە کە خەڵکێکی زۆر موراجەعەیان دەکرد و دەناسرا و نامەی زۆری بۆ دەهات ( بەم ناوە) , ناوەندی کۆمەلەی "ژ. ک" ناوەکەیان گۆڕی و ناوێکی دیکەی نهێنیی بۆ دروست بوو بە ناوی "مرۆڤ"ەوە ! ئێستا لە گۆڤاری "نیشتمان"دا کە زمانحاڵی کۆمەڵەی "ژ. ک" بوو دەبینی مەقال و نوسراوەی تێدایە هەم بە ناوی "برای ڕاست" , هەم لە ئەوانەی دواتردا بابەتی تێدایە بە ناوی "مرۆڤ".

**پ/ببوورە با لێرەدا ڕاتبگرم و بپرسم : ئایا تۆ بۆ خۆت دەتەوێ "برای ڕاست"ی سیاسەت بیت، یان "برای ڕاست"ی ئەدەب ؟! دەتەوێ ئەو چەند ساڵەی تەمەنت کە لە ژیاندا ماوتن , وەکو "مرۆڤ"ێك لە خزمەتی ئەدەبدا بژییت یان لە خزمەتی سیاسەتدا ؟!**

و/من ئەگەر ئەوەم بۆ ساغ ببوایەتەوە (بە درێژایی تەمەنم ,لە منداڵیمەوە تا ئێستا) کارم لە جێگایەکی دیکە بوو.. یا لە نێوان ئەدیباندا ساغ دەبوومەوە ، بە کابرایەکی ئەدیب و نووسەر قەبوڵ دەکرام لە کۆڕی نووسەراندا..“ یا لەناو سیاسییەکاندا ساغ دەبوومەوە:– پیاوێکی سیاسییە و لە حیزبێکدایە و کاری سیاسیی خۆی دەکات..!!

لە ڕاستیدا من وەکو کابرای کوردە لە هەردووك دین بووم ! لەناو ئەدیبەکاندا دەگوترێ : فلاّن کەس هەر بە قسە لەگەڵ ئەدەبیات خەریکە و کوا ئەدیبە و ئەمە هەمیشە سیاسەت دەکات.. لەناو سیاسییەکانیشدا ڕەنگە بەهەند هەڵنەگیرێم، بڵێن سیاسییەکی جدی نییە ! بڵێن ئەمە بەشی زۆری لەگەڵ ئەدەبیات خەریکە... شیعرێکی شاعیرێکی بەناوبانگی ئێرانی هەیە فارسە ، ناوی "فەخرەدینی عێراقی"یە ... "فەخرەدینی عێراقی" دەڵێ:

نه در مسجد دهندم ره : كه مستى

نه در ميخانه : كين خمّار خام است !

ميان مسجد و ميخانه راهى است

غريبم ، عاشقم ان ره كدام است ؟

من لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا وەکو "عێراقی"ی شاعیرم لێهاتووە, قەت نەمتوانیوە خۆم ساغ بکەمەوە.

**پ/کەواتە کاك سەلاح با وردتر بچینە ناو ئەو (تەوەر)ەوە کە بۆ ئەدەب و سیاسەتم دانابوو : ئایا لە تۆدا بەهرەی سیاسەت و بەهرەی ئەدەب کامیان**

**غـەدریان لـەوی تریـان کـردووە و خوازیـاری گەشـەکردنی کامیـان بوویـت..؟ ئەگەرچی ئێستا سووکە وەڵامێکت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکە داوەتەوە...!**

و/کاری من نییە لەسەر ئەوە قەزاوەت بکەم کە تو خوا من دەبوو کامەیان بکەم ؟! ئەدەب یان سیاسەت ؟! ئەو قەزاوەتە دەهێڵینەوە بۆ خەڵك .. بەڵام من خۆم نەمتوانیوە دەست لە هیچیان هەڵگرم.. لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوە کە لەپێشدا پێم گوتی : وەك "عێراقی"ی شاعیر وام , لە بەینی مزگەت و مەیخانەدا گیرم خواردووە " بەڵام من ئەم گیرخواردنەی خۆیشم بە شتێکی خراپ نابینم..! یان تەنانەت ئەگەر خراپیش بووبێت , ئەی چیی لێ بکەم؟! ئەمە سروشتی منە! من خۆم لەگەڵ مرۆڤێکی یەك لایەنە کە تەنها یەك ساحە لە ژیانی خۆیدا ببینێ زۆر ڕازی نیم .. من خۆم بە گوێرەی سروشتی خۆم پێم خۆشە مرۆڤێکی فرە لایەن بم ! نەك تەنها سیاسەت و ئەدەب.." بەڵکو سیاسەت , ئەدەب , تەنانەت کاروکاسبی, بواری کاری کۆمەڵایەتی, تێکەڵبوون بە مەسائیلی عەقیدەو فەلسەفە.. لە هیچ کام لەوانەدا نەمتوانیوە خۆم بپارێزم " دەنوکم بۆ هەموویان بردووە " جا چەندی توانیبێتم و زانیبێتم و کاتیشم ڕێگای پێدابم و بەهرەم تێدا بووبێت، کەم مەجال لەوانەدا ماوە لەگەڵی خەریك نەبووبێتم و سەرێکم لەگەڵ نەسووبێتەوە !! دیارە ئەوە یەك شتی چاکی هەیە و یەك شتی خراپی هەیە : لە باری بەرینی بوارەکاندا تۆ بوارێکی بەرین بۆ خۆت فەراهەم دەکەیت , یا بڵێین چەندین بوار بۆ خۆت فەراهەم دەکەیت کە لە دواجاردا مەیدانێکی گەورە دێتە گۆڕێ.. تۆ لە هەر کام دەتوانی

شتێکی تێدا بڵێی.. بەڵام ئیرادێکی هەیە : لە هیچ کامیاندا ناتوانی زۆر قووڵ ببیتەوە .. لەسەردەمی ئێمەدا جیهان جیهانی پسپۆڕییە .. ئینجا سیاسەت وایە، ئەدەب وایە، فەلسەفە وایە، تەنانەت ئابوری وایە..!

**پ/بە پلەیەکی تریش جیهان جیهانی تێکەڵاوکردن و لێکدانەوەی پسپۆڕیە جۆربەجۆرەکانە لەناو یەك کەسی دیاریکراودا ! ئەمڕۆ دەبینی کابرایەك کاتێك ئیش لەسەر بوارێکی مەعریفی دەکات , زیاد لە میتۆدێك دەگرێتە بەر: دەرونشیکاری , ئابووری , ئەنترۆپۆلۆجیا, سۆسیۆلۆجیا..ئەمە پاساوێکیشە بۆ جەنابت کە لە سیاسەت و لە ئەدەبیشدا کار دەکەیت و هەموویان لێك دەدەیتەوە... بەڵام با بپرسم زۆرترین کاتت بۆ کامیان تەرخان دەکەیت؟ ئایا هاوڕێکانت زۆرترینیان ئەدیبن , یان سیاسین؟ بە ڕاستی من حەز دەکەم پەلکێش بین بۆ ناو گفتوگۆیەکی ئەدەبی..!**

و/زۆرباشە با بچینە نێو ئەدەبەوە ...

لە سەرەتای ژیانمەوە ئەدەب بەشێك بووە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم:- لە دانیشتن, لە ماڵ , لە دیوەخان , لە چوونە دەرێ , لە دیتنی هاوڕێ , لە هیچ کام لەو بوارانەدا نەمتوانیوە خۆ بدزمەوە لە ئەدەب، لە شیعر.

**پ/پێم خۆشە بزانم ئێستا لەگەڵ ئەدەبدا بە چ ئەندازەیەك خەریکیت ؟ نووسینی تازەت هەن یان نا ؟**

و/ ئەدەبی کوردستانی ئێران ، بە تایبەت ئەو ئەدەبەی لە سەرەتای شەستەکانی میلادییەوە سەریهەڵدا , خەڵکی تریشی تێدا بوو.. منیش یەکێك بووم لەوانە.. دواتر باسی ئەوەت بۆ دەکەم...

نەخێر نوسینی تازەم نییە وەکو نووسین.. بە ڕاستی ماوەی چەند ساڵێکە کارەکانم زیاتر لەوەی نووسین بە خۆیەوە بگرێت سیمینار بە خۆیەوە دەگرێت.. بڕێک لەو سیمینارانە بڵاودەبنەوە و چاپ دەبن...ڕەنگە بتوانم باسی دوو سێ دانە لەو سیمینارانەت بۆ بکەم.. یەکێکیان لەسەر "حاجی قادری کۆیی" داومە و لە بڕێک شوێن و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە.. کۆمەڵێک بە تەمان بیکەن بە نامیلکە .. چەندین سیمینارم لەسەر زمانی کوردی و دەوری زمانی کوردی لە پاراستنی بوونی نەتەوەیی لە جێگای جۆراوجۆر ساز داوە : لە واشنتۆن , لە ئەڵمان , هەروەها لە سوید "لە ستۆکهۆڵم" ، لەهەر کام لەوشوێنانە گۆشەی جیاجیای ئەو مەسەلانەم باس کردووە.. هەرچەند هەمووشیان دەچنە نێو یەک خانەوە : مەسەلەی زمان و گرنگی و دەوری زمانی کوردی , بە تایبەتی لە ڕاگرتن و پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی کورد بە درێژایی مێژوو تا ئێستا !! بۆیە کارەکانی ئێستای من زیاتر شێوەی سیمینار بەخۆوە دەگرن ... بڕێک لە هاوڕێکانم خەریکی ئەوەن و داوای ئەوەم لێ دەکەن ئەو سیمینارە جۆراوجۆرانە کە لە شاری جۆراوجۆر و وڵاتی جۆراوجۆر بەرگوزارم کردوون , کۆبکەنەوە و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوی بکەنەوە ... من ڕاستییەکەی خۆم بە دووی ئەو کارە ناکەوم ، بەڵام بەهەرحاڵ کۆمەڵێکی گەنجتر پێیەوە خەریکن ... من خۆم پەیوەندیم بە ئەدەبیات لەوەوە بوو کە گەورە بووم و هاتمە دەر و هاتمە ناو ماڵی خۆمان و دیوەخانی خۆمان ، سەیرم کرد هەموو کەس باسی زمان و ئەدەبیات

دەكات , بەر لە هەموويان باوكم..“ دوايى مامەكانم و ئامۆزاكانم..“ پاشان ميوانەكانى باوكم... باوكم لە كاتى خۆيشيدا كە ئەندامى كۆمەڵەى "ژ. ك" بووە ئەم حاڵەتەى هەبووە كە ئێستا من هەمە.. ئەديبەكانى ناو كۆمەڵەى "ژ. ك" دۆستى ئەو بوون , بە پلەى يەكەم : "هەژار، هێمن ، زەبيحى، قزڵجى, سەيد كاميلى ئيمامى, خاڵەمين، حەقيقى..." ، ئەمانە لە واقعدا حەلقەيەك بوون لە دەورى ئەو.. لە ماڵەكەى ئەو...تەنانەت "هەژار" دەڵى: كەم جار هەبووە شيعرێك بلاّوبكەمەوە كە پێشتر پيشانى "كاكە ڕەحمان"م نەدابێ و ئەو نەزەرى خۆى لەسەر نەدابێ و قسەى خۆى لەسەر نەكردبێ ..."كاكە ڕەحمان" باوكمە.. لە كۆمەڵەى "ژ. ك" هەر پێيان وتووە "كاكە ڕەحمان" چونكە گەنج بووە ... دواى ڕوخانى "كۆمارى كوردستان" , كە چووبوو بۆ حەج , تازە ئەوجا پێيان دەگوت :"حاجى ئەوڕەحمان ئاغا" !! بەلاّم ڕەفيقەكانى كۆمەڵەى "ژ. ك" تا ئەو كاتانەش كە مابوون , تا "زەبيحى" مابوو , هەر پێيان دەگوت : "كاكە ڕەحمان" !! ئەم ئەديبانە لە ماڵى ئەو بوون.. پێكەوە قسەيان لە شيعر كردووە.. شيعرێك كە بلاّوبۆتەوە بە يەكەوە خوێندوويانەتەوە.. يان بڕياريان داوە ئەمە بۆ بلاّوبوونەوە دەبێت.. باوكم دەورێكى ديكەى هەبووە، بێجگە لەوە كە ئەديب بووە , پارێزەر و پشتيوانيش بووە بۆ ئەمانە !! چونكە بە شيعرەكانيان هێرشيان دەكردە سەر زۆر كەس .. ئەمانە لە دەورەى خەباتێكى توندوتيژدا بوون.. هێرشيان دەكردە سەر ئاغا گەورەكان، هێرشيان دەكردە سەر سەرۆك عەشيرەتەكان، ئەوكاتەش جەنگەى

دەسەڵاتیان بوو.. ئەم شاعیرانە هەموو تەهدید دەکران.. باوکم بە خۆیو بە قودرەتی بنەماڵەی و نفوزی ناوچەکەی ، کارێکی وای کردبوو کە پشتیوانی ئەم شاعیرانە بێت بۆ پاراستنیان لە خراپەی خەڵکی بە دەسەڵات !!

بازرگانەکان و ئاغاکان و سەرۆك عەشیرەتەکان و شێخ و مەلا گەورەکان , هەموو ئەوانە دەکەوتنە بەر پەلاماری شیعر..!!

تەنانەت "قانع" کاتی خۆی بۆی گێڕاومەتەوە , دەڵی:- بۆئەوەی کە ئیتر قسەم لەسەر نەبێت و خراپەم لەگەڵ نەکرێت , دەچوومە ماڵی "کاکە ڕەحمان" , دەعوەتێك ساز دەکرا , خەڵك بانگ دەکرا , یەکەمجار بەشی زۆری شیعرەکانم لەوێ دەخوێندەوە ..ئینجا کە لەوێ دەمخوێندنەوە ئەمە دەبووە جەوازێك بۆ ئەوەی کە دەتوانم لە شوێنی تریش بیانخوێنمەوە و کەس نەتوانێ خراپەم لەگەڵ بکات (ئەمە دوای ئەوەی لە کوردستانی عێراقەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران) !!

باوکم هەم وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی لەگەڵ ئەدیبان و شاعیران هەڵسوکەوتی دەکرد، هەم وەکو پارێزەر و پشتیوانێکی سیاسی ، بۆئەوەی پیاوی دەسەڵاتداری ناوچەکە خراپەیان بەرامبەر نەکەن !!

من یەکەمین کاری ڕەخنەگری کە دەستم پێکرد لە بواری ئەدەب و زمانی کوردیدا , هەڵسەنگاندنی شیعر بوو:- چاکە یان خراپ ؟!! غەڵەتە یا ڕاست؟!! پاش شیعریش پەخشان...

**پ/ باسی ئەوەت کرد خەڵکانێکی زۆر لە دیوەخانی باوکتدا ولە حزوری ئەودا بەرهەمی ئەدەبیی خۆیانیان پێشکەش کردووە.. ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ**

**بەرهەمێکی خۆت لە حزروی باوکتدا خوێندۆتەوە , یان بۆچوونی باوکت لەسەر وەرگرتووە؟**

و/زۆر نا، لە ڕاستیدا زۆرنا، بەڵام جارجار !! بە تایبەتی لە ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٦٨ دا بڕێك چیرۆکی کورتم هەیە( من خۆم چیرۆکی کورتم دەنووسی) جارجار کە بە تەنیٚ دادەنیشت بۆم دەخوێندەوە.. بۆم دەخوێندەوە و بۆچوونەکانیم وەردەگرت .. دیارە ئەو چیرۆکە کورتانە کە من دەمنوسین شتی نویٚ بوون.. ئەدەبێکی نویٚ بوو! باوکم ئەدیبێکی قەدیمی بوو.. ئەدیبێکی کلاسیك بوو.. یان ئەدەب دۆستێکی کلاسیك بوو.. تەنانەت بۆ شیعری نوێی کوردیش هەروا بوو..ئەو قەت ئێمەی مەنع نەدەکرد لە گوتن , یان لە پەرەپێدانی شیعری نوێی کوردی.." بەڵام بە ئاشکراش بۆچوونەکانی خۆی پێدەگوتین کە شیعری کلاسیك بۆ باشترە ؟! دەلیلی هەبوو , دەیگوت: خەڵك لە بەری دەکەن , ئێمە ڕۆژنامەمان نییە، گۆڤارمان نییە (دیارە تۆ دەبیٚ کوردستانی ئێران لەبەرچاو بگریت) , ئێمە لە ڕادیۆ بۆمان بڵاونابێتەوە، TV مان نییە، گۆڤار و ڕۆژنامەشمان نییە بۆمان بڵابکەنەوە , خەڵك ناچارە شیعر لەبەربکات , بۆئەوەی شیعر لەبەربکات پێویستە شیعر وەزن و قافیەی هەبێت ...!

بابم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تەماشای ئەم مەسەلەیەی دەکرد:– ئێوە شیعر بۆ دەڵێن ؟!مەگەر شیعر بۆئەوە ناڵێن خەڵك گوێی لێبیٚ و بیزانێت ؟! ئێوە شیعر بۆئەوە ناڵێن کۆمەڵگای کوردیی پیٚ هان بدەن ؟! بیگۆڕن؟! بەرەو پێشەوەی بەرن؟! ئەگەر وا بوو دەبیٚ

شـــیعرەکانتان خـــەڵکی بتوانـــێ لەبـــەری بکـــات و لـــە مەجلیـــسدا بیانخوێنێتەوە..!!

بەڵام من لەگەڵ هاوڕێکانمدا، لەگەڵ "سوارە" (کە هەم هاوڕێم بوو, هەم ئامۆزام بوو) , "عەلی حەسەنیانی"، "فاتیح شێخەلئیسلامی" , یا ئـەوانی دیکـە کـە لـە بـواری ئەدەبدا کاریـان دەکـرد, وەکـو : "ئـەمیری حەسـەن پـوور"، ئێمـە بەرهەمـەکانی خۆمـان دەخوێنـدەوە بـۆ بـاوکم.. جاری وا هـەبوو ڕەخنـەی لێ دەگـرت و جاری واش هـەبوو دەیگـوت :- (موبارەکتـان بێـت , هەرچـەندە مـن لەگـەڵ ئـەم جـۆرە ئەدەبیاتـە نـیم و زەوقـی تـەواوی لێ وەرنـاگرم و هـەموو شـیعرە نوێیـەکانی ئێـوە بـە قەسیدەیەکی "نالی" ناگۆڕمەوە !!)

یان جاری وا هەبوو دەیگوت :- (هەموو شیعرە سیاسییەکانی ئێوە بە شیعرێکی "هەژار" ناگۆڕمەوە!) ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونێکی وای هـەبوو کـە ئەمـە شـیعری ئـەم سـەردەمەیە.. بـا ئـەم خـۆی زەوقـی لەگەڵی نەبێت.. بەڵام ئەوە شیعری ئـەم سـەردەمەیە و موبارەکتـان بێـت لەسەری بڕۆن.

**پ/کاك سـەلاح بـا مـن تـەوەرێکی تـرت لەگەڵدا بکەمـەوە کـە تـەوەری ناسیونالیزم و ئەدەبە.. ئایا ئەدەب تا چ ڕادەیەك بەشـداربووە لـە دامەزرانـدن و ئاراستەکردنی گوتاری ناسیونالیستیی ئێمەدا ؟یان بە پێـچەوانەوە : ئایـا گوتـاری ناسیونالیستیی ئێمە تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی بینیوە لە ئاراستەکردنی ئەدەبەکەماندا ؟**

و/بـەلای منـەوە ئـەوە لێکۆڵینەوەیـەکی دوورودرێـژی دەوێ، ئاسـان نییـە ئـەوە.. ! لـەم بـوارەدا دەبـێ لـە "ئەحمـەدی خـانی"یـەوە

دەستپێبکەین.. "ئەحمەدی خانی" ئەو مامۆستایە بوو کە ئەدەب و سیاسەتی تێکەڵ کرد.. دوای ئەوەی "خانی" ئەم ڕەچەیەی شکاند , ئەو کەسەی لە هەموو کەسی تر بە تواناتر , زانایانەتر , لێبڕاوانەتر.." کەوتە سەر ئەم ڕچەیە و دواتریش خۆی بوو بە مامۆستا , خۆی بوو بە تیئۆرسیەنی بیروباوەڕەکە , "حاجی قادری کۆیی" بوو!! "حاجی قادر" کەوتە سەر ئەم ڕچەیە کە "ئەحەدی خانی" شکاندی !! من زۆر کارم لەسەر "حاجی قادری کۆیی" کردووە.. زۆریشم خوێندۆتەوە و ئێستاش بەردەوام لەسەری کاردەکەم.. "حاجی قادر" لە سەرچاوەی ماڵە بەدرخانییەکان زۆری وەرگرتووە... تێکەڵیی لەگەڵ فیکری ئەوروپی :- (ئەوەتا فەرەنسییەکان بورجی "Eevil"یان دروست کرد , ئەوەتا لەوێ وایان کرد , ئەوەتا لەشکریان بردە کوێ , چۆن پیشەسازی دەکەن)..., تەنانەت ئەم فیکرە کە ئێمە کۆمەڵێکی تازە دروست دەکەین , "حاجی قادر" یەکێك لەو کەسانەیە کە پێویستە کورد زۆری لێ بکۆڵێتەوە... ئەو کۆمەڵە کوردستانییە کە ئەو پێشنیاری دەکات , هەر ئەوە نییە دەوڵەتێکی بۆ دروست بکەین، بەڵکو بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە پێویست دەبینێت کە کوردستان بگۆڕدرێت, یان ڕەواڵ و شێوەی تەقلیدی ژیانی کوردەواری بگۆڕدرێت ... ئەم دەڵێ :- دەبێ شوان و گاوان و میر و جوتیار یەك دەنگیان هەبێت لە بڕیاردا...ئەمەش لە شەرقدا و بە تایبەتیش لە کوردستاندا پێش ئەو نەوتراوە، عادەتیش نەبوو, ئەمە لاساییکردنەوەی ئەو فیکرە تازەیە بوو کە لە ئەوروپاوە دەهات ... لای

"حاجى"دەنگى يەكسانى هەيە , ئينجا باسى ژن و خوێندنى ژنان هەيە كە پێويستە كچ پێى بخوێندرێت ! ئينجا باسى ئەوە دەكات كە دەبێ پيشەسازى هەبێت ...

**پ/ پەرەدان به پيشەسازى ، هەروەها هەوڵدان بۆ ئازادكردنى ژن، ئەمانە كۆمەڵێ چەمكى گشتگير نين كە لەناو هەموو خەونە گەورەكانى ترى لە چەشنى "ناسيوناليزم"يشدا جێيان دەبێتەوە؟! ئايا ئەمانە كۆمەڵێ بۆچوون و كۆمەڵى تێز و تێروانينى كۆمەلآيەتى نين كە دەتوانين بۆ نموونە لەناو "ماركسيزم"يشدا جێيان بكەينەوە ؟! ئەگەر "حاجى قادرى كۆيى" تەنها بەمانە ئەديبێكى ناسيوناليست بێت , ئەوا من پێم وايە دەكرێت كەسێكى تريش هەمان شت بكات و لەرِيزێكى تردا (بۆ نموونە لە رِيزى ماركسيەكاندا !!) پۆلێن بكرێت ...!!**

و/وايە بەلآم ئەو كەسە كێيە و لە چ زەمانێكدا ژياوە ؟ "حاجى قادر" لە دەوروبەرى ١٨١٥ تا ١٨٢٠ لەدايك بووە.. ئەو لە چەرخى نۆزدەهەمدا ژياوە..، ئەوكاتە "ماركسيزم" جارێ نەبووە.. لە ١٨٤٨دا "ماركس" لەگەڵ "ئەنگلس" مانيڤێستيان نووسى .. لە نێوەرِاستى سەدەى نۆزدەهەمدا هێشتا نەگەيشتبووە "حاجى قادرى كۆيى" و لە ئەوروپاشدا بلآو نەبووبۆوە ! بەلآم ئەمە چەمكى پێشكەوتنخوازييە , ئەم چەمكى گۆرِانكارى كۆمەلآيەتييە , تايبەتمەنديى كوردستان نييە، تايبەتمەنديى بزوتنەوەى ناسيوناليستيى كورد نييە.. بۆ ئاگاداريت "ناسيۆناليزم" دوو رِووخسار و دوو سيماى هەبووە , بە دوو ئاقاريشدا رِۆيشتووە :– ناسيوناليزمێك كە تەنيا پێداگيريى لەسەر مێژووى رِابردووى خۆى , يان لەسەر بە دەستەوەگرتن و بەهێزكردنى

دابونــەریتی کۆمەڵگاکــەی خــۆی کــردووە .. خــۆی جیاکردۆتــەوە لــە خــەڵك.. تەنانــەت دژایــەتی و دوژمنایــەتیی لەگــەڵ میللــەتانی تــر کــردووە... لــە ڕێگــای دوژمنایــەتی لەگــەڵ میللــەتانی تــردا هەســتی ناسیونالیــستی قەومەکــەی خــۆی بزوانــدووە... ئەمــە لــە زۆر جێگــادا هەبووە !!وەکو ئەو "ناسیۆنال سۆشیالیزم"ەی کە "هیتلەر" گرتیەبەرو دونیــای وێــران کــرد و ڕووخانــد!! بــەڵام ناســیونالیزمێکیش لــەناو میللــەتانی تــردا هــەبووە و تــا ئێــستاش هەیــە .., ناســیونالیزمێك بــە سیمایەکی ئینسانییەوە.., ناسیونالیزمێکی خێرخوازە، لە پێشدا بۆ میللەتی خۆی , بەڵام بۆ میللەتانی تریش هەر بە هەمان شێوە.." نە دەیەوێ کەس داگیر بکا , نە دەیەوێ دوژمنایەتی لەگەڵ کەس بکا, نە دەیــەوێ بیروبــاوەڕی ناسیونالیــستی و نیــشتمانپەروەریی میللەتەکــەی خــۆی , لــە ڕێگــای ســازکردنی دوژمنایــەتی لەگــەڵ میللــەتانی تــر و کوشــتن و بڕینــی ئــەقوامی تــرەوە هــان بــدات !! ئینجــا ئــەم بەشــەی ناســیونالیزم , ناســیونالیزمێکە بــە ڕوخــساری ئینــسانییەوە , لەهــەر جێگایەك بووبێت ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆی هێناوە..!

پێویستە ئێمە خوێندن پەرە پێبدەین.. پیشەسازی پەرەپێبدەین.. مــافی ژنــان بــدەین .. ئــازادیی ناوخۆمــان مــسۆگەر و دابــین بکــەین .. دەنگــی بەرامبــەر بــۆ شــارۆمەندان و هاووڵاتیــان و گەلەکــەی خۆمــان فەراهەم بکەین.. لەگەڵ دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی دژایەتی بکەین.... ئەمانــە لــە بەشــە پێــشکەوتنخوازەکەی ناسیونالیــستی نــاو هــەموو میللەتێکدا هەبووە..!

"حاجی قادر"یش لەناو کورددا تیئۆرسیەنی ناسیونالیزمێکە کە ڕووخسارێکی مرۆیی دەدا بە باوەڕەکەی خۆی....

**پ/مـن ویـستم پرسـیاری ئـەوە بکـەم :- ئایـا ئـەو سـیمایانە چـین کـە ناسیونالیزمی "حاجی قادری کۆیی" لە ناسیونالیزمێکی تر جیادەکەنەوە ؟! خـۆ چەمکی "دەوڵەت"ی لیێ دەرچێت کە دەکرێت ناسیونالیـستێك و (بـۆ نموونـە) مارکسیستێك جیاوازییان لەسەری هەبێت.., دەکرێت هـەموو داخـوازی و ڕیفۆرمـە کۆمەڵایەتییەکانی تر, لە چوارچێوەی هەموو جەرەیانێکی فیکریدا جیێ بکرێنـەوە! ئایـا "حـاجی قـادری کـۆیی" تـەنها بـەوەدا ناسیونالیـستە کـە داوای هەنـدێ چارەســەرو ڕیفــۆرمی کۆمەڵایــەتیی کــردووە .., یــان بەوەشــدا کــە داوای "دەوڵەت"ی لە چوارچێوەی فیکرێکی ناسیونالیستیدا کردووە ؟**

و/ (بـەبێ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـورد , مەسـەلەی کـورد چارەسـەر ناکرێ..!)...

ئەمە سەروبەری هەموو قسەکانی "حاجی قادری کۆیی"ە !! هەموو شیعرەکانی کە لێکدەدەیەوە لەسەر ئەم ڕێگاچارەیە ساغ بۆتەوە , بەڵام پێـی وایـە بـۆ دروسـتبوونی ئـەم دەوڵەتـە دەبـێ ئـەو ڕێگـا سیاسـی و ڕیفۆرمـە کۆمەڵایەتییانـە بگریتـە بـەر کـە ئەگـەر ئـەوە نـەبێت نـاتوانی دەوڵەت دروست بکەیت...

**پ/ ئایا دوای "حاجی قادر" کەسی تر دەرکەوتوون موتوربەکارییەکیان لـە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا کرێت , سیاسەت لە ڕوانگە ناسیونالیستیەکەیەوە ؟**

و/هەموو کەس !! دوای "حـاجی قـادری کـۆیی" ئیـدی کـورد کەوتـە سەر ڕچەیەکی سیاسی .. هیچ شاعیرێکی کورد (کەم تا زۆر کە شیعری

گوتبێ!) نەیتوانیوە خۆی دووربخاتەوە لە بیری سیاسی و مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد...(بەڵام خراپی بۆ چووم , یان هەر بە ڕاستی باشی بۆچووم!؟) من پێم وایە دوای "حاجی قادری کۆیی" کەسی تر نەیتوانیوە شتێکی زیاد بخاتە سەر ئەو میراتە گەورەیە کە "ئەو" جێی هێشتووە...

**پ/لە کاتێکدا کە سەردەم سەردەمی ئاوابوونی حەکایەتە گەورەکان و خەونە گەورەکانە , ئێمە بۆچی ئەدەبەکەمان لە خەونی گەورە و حیکایەتی گەورەی وەك "مارکسیزم" و "ناسیونالیزم" باربکەین ؟! ئایا پێت وا نییە بارکردنی ئەدەبەکەمان بەم جۆرە خەونە گەورانە , دەبێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ئەو ڕووبەرەی کە ئەدیب تیایدا ممارەسەی خودگەرایی‌و تاکگەرایی دەکات ؟! پێت وانییە پێویستە ئەدیب ئەو ڕووبەرەی بەدەستەوە بمێنێتەوە ؟!!**

و/بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین سەردەمی ئێمە (بەتایبەت ساڵانی ڕابردوو) سەردەمی قەیرانی ئایدیۆلۆجیایە.. قەیرانی ئایدیۆلۆجیا قەیرانێکی جیهانگیرە ، بەڵام ئەمە وەکو بڕێك لە نووسەران یان لە موتەفەکیران نیشانی دەدەن .., کۆتایی مێژوو نییە !! ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی بیروکردەوەی مرۆڤە .. تا مرۆڤ مابێت هەم بیر و هەم کردەوەی دەمێنێت ! لەبەرئەوە ئایدیۆلۆجیا تەولید دەبێتەوە ! ڕەنگە ئایدیۆلۆجیایەك بۆ سەردەمێك زاڵ بێت بەسەر بەشی زۆری بیری مرۆیی‌دا و سەردەمێکی دیکە جێگا جێبێڵێت، بەڵام ئەم جێگا بەجێهێشتنە ئەگەر لە کورتخایەنیشدا بەتاڵییەك و بۆشاییەك لە

جیهاندا دروست بكات ، لە درێژخایەندا جێگای پڕدەبێتەوە : بە بیری تازە , بە ئایدیۆلۆجیای تازە !!

لـــەم ســـەروەختی بۆشـــایی ئایدیۆلۆجییـــەدا , بـــیری تەســـكی توندڕەوانە زاڵ دەبن بەسەر بەشێك لە كار و كردەوەی خەڵكدا ! ئەمە دەشێت لە بواری ئاییندا بێت , لە بواری سیاسەتدا بێت , لە بواری ئـابووری و لـە بیركردنـەوەی فەلـسەفیدا بێـت ، بـەڵام ئـەم بۆچـوونە سیكتاریـــستی و توندڕەوانـــە , لەگـــەڵ سروشـــتی ژیـــانی مرۆڤـــدا ناگونجێن و هەر دەبێت جێگای خۆیان بەجێ بێڵن بۆ بیركردنەوەیەكی مـەنتقی!! لۆژیكێـك دەبێـت كـە بتوانێـت جـارێكی دیكـە پەیوەندیـە مرۆییـەكان ڕێـك بخـات .. بۆیـە مـن وای تێناگـەم سـەردەمی ئێمـە سەردەمی كۆتاییهاتنی خەونە گەورەكان بێت ! ڕەنگە گۆڕینی خەونە گـەورەكانی یـەك سـەردەم بێـت، بـە خەونـە گـەورەكانی سـەردەمێكی دیكـــە..! زاڵبـــوونی ئایدیۆلۆجیایـــەك بێـــت كـــە دێـــت جێگـــای ئایدیۆلۆجیایـەكی كـۆنتر دەگرێتـەوە ! ئـەوە سروشـتییە لـە جیهـانی مرۆییدا ! بەڵام ئەوە كە ئێمە بارێك بخەینە سەرشانی ئەدەبی كوردی كـە بـاری خۆبەستنەوەیە بـە یـەك جـۆرە بیركردنـەوەوە , بـە یـەك جـۆرە ئایـدیۆلۆجیاوە , ئـەوە ئێمـە نـەمانكردووە و ئێمـە نایكـەین !ئـەوە تەبیعـەتی ئـەو كۆمەڵگایـە دەیكـات كـە ئێمـە تێیـدا دەژیـن! لـە هـەر كۆمەڵگایەكدا شتێك یان شتانێك دەبنە سیفەتی ئەسڵی و نیشانەدەری ئەم كۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا ! تۆ لە كاتێكدا كە لـە شارەكەتدا "منع التجـول"ە , حكومـەتی نیزامـی خـەڵك دەگـرن, خـەڵك لەسـەر جـادە

هەڵـدێن، گەنجـەکان کۆڵانـە و کـۆڵان ڕادەکـەن وعەسـکەر وەدوویـان دەکـەوێ , دەرگـای ماڵـەکان دەکرێنـەوە بـۆ ئـەوەی ڕێگـا هـەبێت خـەڵك خـۆی پێـدا بکـەن .., لـەم کاتـەدا زەحمەتـە دانیـشی و تـەنیا بـیر لـە فەردییـەتی خـۆت و لـە بۆچـوون و ئارەزووەکـانی تاکەکەسـی خـۆت بکەیتەوە !! ئەگەر زەمانە گۆڕا , ئەگەر هەلومەرجەکانی ژیـان گۆڕانیـان بەسـەردا هـات , دیـارە شـێوەی بیرکردنـەوەکانی تـۆش دەگۆڕدرێـت.. کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی لەم دوو سەد ساڵەی ڕابردوودا, هـەرگیز ژیـانێکی ئـەمین و ئـارام و ئاسـودەی بـە خۆیـەوە نـەبینیوە " هـەرگیز حەسـانەوە و دانیـشتن و دڵنیـایی نـە بـە خۆیـەوە نـە بـە دانـە دانـەی هاوشـارەکانی خۆیـەوە نـەدیوە ! لـە بـری ئـەوە : دڵـەڕاوکێ , هـەڵات هـەڵات, گـیران , کـوژران ,ئـاڵۆزی , شـەڕ , هـەموو ئـەو شـتانە بوونەتـە شـێوازێکی ئاسـایی بـۆ ژیـانی خەڵکەکـە.. تەبیعییـە ئـەدەبیش ڕەنگدانەوەی ئەم وەزعە دەبێت !

**پ/بەڵام ئایا بۆ ساغکردنەوەی ئەو چەندوچوونە ڕووبەرێکی ترمان نییە جگە لە ئەدەب ؟**

و/بەڵی هەیـە، بـەڵام میللـەتانی تـر توانـا و دەسـەڵاتیان زیـاترە بۆیـە زیـاتر لـە ئێمـە خـەریك دەبن! ئێمـە تواناکانمـان زیـاتر لـە چوارچێوەی ئەدەبـدا قـەتیس بـووە , بۆیـە کـە تـەعبیریش لێدەدەیتـەوە لـە ڕێگـای ئەدەبـەوە لێـی دەدەیتـەوە.. بـۆ نموونـە ئێمـە فەیلەسـووفی گـەورەمان نییـە! ئێمـە زانکـۆی گـەورەمان نییـە تـا دەرسـی فەلـسەفی و فیکـری بڵێتـەوە ! ئێمـە دەسـتە و کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری و هزریمـان نییـە ! ئێمـە

پیـــشەسازیمان نییـــە تـــا لـــە دنیـــای پیـــشەسازیدا بۆچـــوونی تـــازە ســـەرهەڵبدات ! تـــەنیا چـــەکی دەســـت ئێمـــە کـــە بـــۆ میللـــەتێکی کـــەم دەرامەتو کەم دەسـەڵاتی وەکو کـورد دەگونجـێ ، شیعر و ئەدەبەکەیـە کـە ئاسـانترە ! لـە کۆنـەوە عادەتمـان پێـوە گرتـووە ! ئـەدەب کـەمتر پێویـــستی بـــە کۆمەڵگایـــەکی زۆر پێـــشکەوتوو و زۆر موعەقـــەدی کۆمەڵایەتی هەیە! لە کۆمەڵگایەکی سادە و ساکاریشدا دەکرێ مرۆڤ لـە ڕێگای شیعر و ئەدەبەوە بۆچوونەکانی خـۆی بـەیان بکـات ! بۆیـە ئێمـە زیاتر ئەدەبمان کردووە بە چەکی تەنانەت لێکۆڵینەوە !! مێژوونووسـی گەورەمان نەبووە , تیئۆرسێنی جیهانی فیکر و فەلسەفەو فەرهـەنگمان یـان نـەبووە ، یـان زۆر کـەم بـووە ! لەبەرئـەوە قورسـاییەك کەوتۆتـە سەرشـانی ئـەدیب کـە ئـەم قورسـاییە جـاری وا هەیـە قورسـایی کـاری فەیلەسوفیشە , کـاری سیاسەتمەدارانیـشە , کـاری خـەڵکی مـورەویچ و ئایژاتۆری فیکری و کـادری حیزبیـشە , هـەروەها جـاری وا هەیـە کـاری پێشمەرگەشە !! ئەو شیعرە کوردییەی کە دەڵـی : (هەر وشـەیەك دەکـەم بە گوللەیەك و سنگی دوژمنی پیێ دەپێکم) لەڕاستیدا نووسەر لە ڕادەی نووســـەری دەباتـــە بـــواری پێـــشمەرگایەتیش, جـــا بـــا بـــە گوللـــەی وشەکانیش بێت ! لێرەدا نـاتوانی بڵێـی نووسـەر یـان شـاعیر ئەمـەی بـە ئـارەزووی خـۆی هەڵبـژاردووە.. ئەمـە هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتی، نـەك ئەمساڵ و پار و چەند ساڵی ڕابردوو، بەڵکو دوو سـەد سـاڵی ڕابـردوو, ئەوەی بەسەر شاعیر و نووسەر هێناوە.. ئەمە بە هیچ جۆر ڕێگا نـاگرێ , یان نابێ ڕێگا بگرێ کە شاعیر و نووسەر و ئەدیب بیری کەسایەتیی

خۆی نەبێت ..، یان تاکە تاکەی بیرکردنەوەی خۆی بەکار نەبا " یان ئەگەر بە کاری برد ڕەخنەی لێ بگیرێ و تاوانبار بکرێ: ئەی کوا خەمی تاکەکەسیی خۆت ؟ ئەی کوا ئەوین و عەشق و دڵداری؟ ئەی کوا خەمی غوربەت ؟ ئەی کوا خەمی توڕەیی و تۆران و ئاشتبوونەوەت لە ژیاندا ؟ هەموو ئەوانە هەقە شاعیر و ئەدیب و نووسەر خۆیانی پێوە خەریك بکەن، بەڵام لە ناو میللەتانی وەکو ئێمەدا بتەوێ و نەتەوێ پاناوکێکی زۆر گەورەتر لە دەروون و مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤدا تەرخان دەکرێ بۆ خەمە کۆمەڵایەتییەکانی کە بەرۆکمان دەگرێ! بەرۆکی ئێمەمانانی شارۆمەندی وڵاتی دەربەدەری و وڵاتی شەڕ و وڵاتی ئاوارەیی..!تۆ سەیری ڕابردوو بکە : کاتێك لەشکری "خەلیفەی عوسمانی" ، دێت و وڵاتی کوردستان دەگرێ و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی "بابان" دێنێ لە سلێمانی" یەکێکی وەکو "نالی" ئەوەی بۆی دەکرێ ئەوەیە : هەڵێ و لە دەست ئەم وەزعە خۆی ڕزگارکات ... بڕۆ بۆ "شام" و لە شامەوە بۆ "ئەستەنبوڵ" و .." نایەوێ وەکو هاوڕێیانی ، شاهیدی ئەم خەم و خەفەتە بێت کە بەسەر میللەتەکەدا زاڵ بووە..! بەڵام ئایا هەموو کەس وەکو "نالی" وڵاتەکە بەجێ بێڵێ و بڕوا و خۆی دوورخاتەوە لە دیتنی ئەم هەموو دیمەنە ناخۆش و دڵتەزێن و جەرگ بڕە ؟! ئەی تەبعەن هەموو کەسێك ناتوانێ ئەمە بکات ! زۆر کەس لە وڵات دەمێننەوە ، یەك لەوانە "سالم"ە کە لە ڕووداوەکەدا ماوەتەوە و دەبێ ئەو شیعرانە بڵێت کە وتوویەتی!! لەبەرئەوە "نالی" دەتوانێ لە شامەوە قەسیدەیەك بنێرێ زیاتر خەمە

فەردییەکانی خۆی تێدا باس بکات :- حوجرەکەم چیی لێ هاتووە؟! یارانم لە چیدان ؟! شارەکەم ئێستا چۆنە ؟! ئەم فەردییەتە کەسێك لە غوربەتەوە دەیڵێ.. بەڵام کە تۆ لەناو ڕووداو و کارەساتەکەدا بوویت وەکو "سالم" , ئیدی ناتوانی هەمووی بکەی بە خەمی فەردیی خۆت !! ئیتر تازە باس لە هەر کوێیەکی شاری سلێمانی دەکەی , ناتوانیت هەر تەنیا بەشە مرۆییەکەی کە خەمی غوربەتە بکەی بە مایەی باسکردن، بەڵکو تۆ باسی هەر شتێك دەکەی , ڕەنگی داگیرکرانی پێوە دەبینی !! بۆ هەر جێگایەك دەچی سەرەنێزەی دوژمن نوکی تیژی دەکاتە چاوتەوە!! ناچاری ببی بە "سالم" و لە سنگی داگیرکەری بچەقێنی..! بۆ "نالی" دەتوانێ خۆی لە خەمە سیاسیەکە دووربخاتەوە ؟ دیارە خۆی بە تەواوەتی دوورنەخستۆتەوە.. بەڵام دەتوانێ لە پەردەدا بیڵێ.. بە ئارامییەوە بیڵێ .. زیاتر خەم و خەفەتە فەردییەکانی بکاتە بابەتی باس ..!! بەڵام "سالم" ناتوانێ وەکو "نالی"جواب بداتەوە .. "سالم" ناچارە وەکو شاعیری سەردەمی داگیرکەران بەگژ داگیرکەردا بچێتەوە:- باسی سەرچنار دەکا، باسی بەکرەجۆ دەکا, باسی شێخ عەباس دەکا, باسی حوجرەکەی "نالی" دەکا , باسی کانیئاسکان دەکات , باسی هەرکام لەوانە دەکات , ڕەنگی داگیرکرانی نیشتمانی تێدا دەبینێ ! لەبەرئەوە ناچارە لەو ڕوانگەیەوە سەیری تابلۆکانی شاری سلێمانی بکات ! ئەمەیە هۆی ئەوەی کە شاعیرێکی وەکو "نالی" دەتوانێ ئاوا شیعر بڵێت , "سالم" ناتوانێت لەناو شاری سلێمانی بەو شێوەیە بیڵێت ...

پ/کاک سەلاح من نالێم هیچ شاعیرێك ناتوانێ سەرکەتووانە خەم و دەرد و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە هینی هەمووانن , بکات بە شیعر و بکات بە ڕۆمانی سەرکەوتوو , بەڵام تۆ خۆت چۆن داوەری دەکەیت لە کێشەیەکی ئاوادا:-

"محەمەد ئۆزۆن" کە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سوید و ئەدیبێکی کوردی کوردستانی باکورە , لە بارەی خەمە گەورەکان و, لە بارەی باس و خواس و نەهامەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانەوە دەنووسێ! یەکێك لەو نامیلکە شیعرییانەی کە ئەو نوسیویەتی بە ناونیشانی "مەرگی قارەمانێك"ە وپێشکەشی شەهیدێکی کردووە ! ڕۆمانەکانیشی هەموویان هەر باس و خواسی نەتەوەیی و , هەر باسی چەوسانەوەی میللەتی کوردن ..!

"نزار ئاگری" لەبارەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەوە دەڵێت :- ئەوە هەر ئەدەب نییە کە ئەو خۆی پێوە خەریك کردووە ! هەروەها دەڵێت :"ئۆزۆن" بە فرسەتی زانیوە ، بە بەهرەیەکی خوایی زانیوە کە میللەتەکەی لەو بارە ناهەموارەدا دەژی و هاتووە کێشەی میللەتەکەی خۆی قۆستۆتەوە بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە خۆی بە پاڵەوان و بە گەورە ئەدیبی میللەتی خۆی بداتە قەڵەم !!

تۆ بۆ خۆت چۆن چۆنی داوەری دەکەیت لە نێوان ئەو جۆرە تێز و تێڕوانین و پێکدادانانەدا..؟ ئایا پێت وا نییە وەك چۆن ڕەنگە ئەدیبی سەرکەوتوو لە بواری خەمە نەتەوەییەکاندا هەبن و سەرهەڵبدەن و دروست ببن , بە هەمان شێوە ئەم خەمە نەتەوەییانە ئەدیبی (ناسەرکەوتوو) دروست بکەن ؟ئایا زۆرجار هۆکاری شکستخواردنی ئەدیبی کورد ئەوە نییە بە کێشە گەورە و خەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە خۆی هەڵواسیوە؟

و/دیاره ئەوە باسێکی گرنگە !! زۆریش وردەکاریی دەوێ!! بەڵام من دوایی دەچمەوە سەر ئەو باسە...  با لە "نزار ئاگری"یەوە دەست پێبکەم :- "نزار ئاگری" نوسەرێکە بۆ نووسینی بابەتی سیاسی پیاوێکی بەتوانایە ! بەڵام ئەوەی لێی نەزانێ ئەدەبی کوردییە !هەر کوردی نازانێ تا ئەدەبی کوردی بزانێ !!

**پ/بووره کاك سەلاح ... "نزار" بۆ خۆی "ئۆزۆن" تاوانبار دەکات بەوەی کوردی نازانێ ! ئەو دەڵێت :- عەیبە "ئۆزۆن" بە کوردی دەنووسێ و باسی میللەتی کورد دەکا چونکە زمانەکەی نازانێ !!**

و/ "نزار ئاگری" کە هاتە ناو مەیدانی نووسینەوە، بە شتە سیاسییەکان دەستی پێکرد" بەڵام زۆر کاڵ و کرچ بوو.. پەیدابوونی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی دووەمی کەنداو (لە ١٩٩٠ بەدواوە) , نووسینەکانی لە ڕۆژنامەکاندا , بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی "حیاة"دا بڵاودەکردەوە، بەڵام پیاوێکی زیرەکە، توانا و بەهرەی خۆفێرکردنی زۆرە !! بۆ ماوەیەك کە تێپەڕی توانیی لە بواری سیاسیدا ببێ بە نووسەرێکی باش و وەکو نوسەرێکی کورد کە بە عەرەبی دەنووسێ ناو دەربکات ..کوردیش چونکە عەرەبی باش نازانن ، کە عەرەبی نوسێکی وایان تێدا پەیدابوو، زۆریان پێ خۆش بوو، زۆر باشیش ناوی دەرکرد! ئەمە وای لێکرد بەو قەناعەتە بگات کە چۆن دەتوانێت لێکۆڵینەوەی سیاسی بنووسێ , ئینجا بۆ ناتوانێ لەسەر ئەدەبیاتیش دەست بکات بە نووسین ؟ یەکێك لە نووسینەکانی , ئەو حەملە توندە بووە کە کردی بۆ "ئەحمەدی خانی" !

**پ/بۆ سەر ئەویش حەملەی کردووە ؟!**

**و/ بەڵێ...!**

**دەڵێ :- "ئەحمەدی خانی" شاعیر نییە ، شیعرەکانی هیچ نین و "مەم و زین" هیچ قیمەتێکی ئەدەبیی نییە! یەکێك لەو شتە سەیرانەی کە لە "خانی"ی بە ئیراد دەگرێ ، دەڵێ:- کتێبەکەی پڕە لە وشەی عەرەبی!! ئینجا کەسێك نەزانێ پێش سێ سەد ساڵ شێوەی نووسینی کوردی هەر ئاوەها بووە ؟!! بێگومان پێش "خانی" و دوای "خانی"یش ئەمە شێوازی بەیانکردنی ئەدەبی ئەو سەردەمە بووە ...**

**لەو بابەتەی "نزار ئاگری"دا کە باسی "خانی" دەکات ، تۆ تەنها یەك شتت لێ حاڵی دەبێ : ("نزار ئاگری" ئاگای لە ئەدەبی کوردی نییە!!) ... ئەمەش هیچ عەیبی تێدا نییە !! زۆر نووسەری سیاسی هەن لەسەر ئەدەب شت نازانن، زۆر پێشمەرگەی ئازا هەن بەڵام ناتوانن شیعر بڵێن !!**

**ئەم حەملەیەی "نزار ئاگری" کە کردوویەتی بۆ سەر "محەمەد ئۆزۆن" هەروەکو حەملەکەی سەر "خانی" وایە ! "ئۆزۆن"پێش ئەوەی ئەدیب بێت و بێتە ناو دنیای ئەدەبەوە تێکۆشەرێکی سیاسی بوو.. ئەندامێکی چالاکی ئالای ڕزگاری بوو.. بەشێك لە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە.. بەشێك لە ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیی بوون و نەبوون.. تۆ لەسەر ئەوانە بیرەوەری وەردەگری! ئەمە بەشێکە لە بوونی تۆ، بەشێکە لە ژیانی تۆ.. چ کێشەیەك یان چ پروبلەمێك لەوەدایە کە مرۆڤ باسی بەشێك لەم ژیانەی خۆی بکات ؟! "محەمەد ئۆزۆن" بۆ بۆی**

هەیە لەڕوانگەی تاکگەرایی‌یەوە باسی ئەم دەورەیە بکات کە لە سوید دانیشتووە , فەردییەتی خۆی تێدا نیشان بدات "– چۆتە دەرێ چیی کردووە؟ چاوی بە ژنێك کەوتووە، عاشقی بووە.." یان لەگەڵ سەرۆکی دەزگاکەی خۆی تووشی کێشە بووە.. یا برادەری خۆی چۆن دیوە... هەرکام لەوانە !! بۆ ئەگەر ئەوەی نووسیبا مایەی ڕەخنە نەبوو ؟! بۆ ئەوەی کە لە شاخ و کێو بووە، گیراوە، چیی بەسەرهاتووە و خۆی شاردۆتەوە، چ جۆرە بەسەرهاتێکی هەبووە ,بە عەیب بدرێتە قەڵەم ؟! لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە ژیان و ئەزموونی خۆی.. "محەمەد ئۆزۆن" کتێبەکانی بەشێکن لە ئەزموونی خۆی.. ئەزموونەکەی ئەویش ئەزموونێکە کە لە خەباتی گەلی کوردەوە هەڵقوڵاوە.. ئەگەر ئەو خەباتە بێتە ناو چیرۆك و ئەدەب چیی تێدایە..؟! بەلای منەوە هەڵەی گەورەی "نزار ئاگری" لەوەدا بووە کە نەك ئاگای لە ئەدەبی کوردی نییە، بەڵکو ئاگای لە ئەدەبی جیهانییش نییە ..! هەرە کتێبە گەورەکانی بەناوبانگ لە ئەدەبی جیهانیدا ئەوەن کە باسی خەباتی گەورەی میللەتان دەکەن !! کام ئەدیبی گەورە لە ڕوسیای کۆن و سۆڤیەت شك دەبەیت , لە "تۆلستۆی"یەوە تا دەگاتە خاوەنی "دۆنی ئارام" , باسی خەباتی گشتیی میللەتەکەی خۆی نەکردبێ , یان باسی شەڕە گەورەکانی نەکردبێ ؟! وەرە ناو ئەدەبی ئەمەریکییەوە ... باشترین کتێبەکانی "جۆن شتاین بێگ" ئەو بەشە لە کتێبەکانییەتی کە باسی خەباتی ناوخۆیی یان هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەمەریکا دەکات .. وەرە ناو ئەدەبی فەرەنسییەوە.. جوانترین بەرهەمەکان ئەوانەن کە لە دوای

شۆڕشی فەرەنسییەوە، تا سەردەمی "ناپلیۆن" و تا دوای ئەوەی کە پێی دەڵێن :"کۆماری بچکۆلە" و تا دوای هاتنەسەرکاری دیموکراسی لە فەرەنسا نووسراون...بەڵام خۆ مەرج نییە ئەم کتێبانە چەمکی کتێبێکی سیاسی بەخۆوە بگرن ! وەزعی کۆمەڵایەتیی فەرەنسا وەها لە کتێبەکانی "بالزاك"دا وەسفکراوە کە یەکێك لە نووسەران دەڵێ :- ئەگەر ڕۆژێ فەرەنسا و مێژووی فەرەنسی لەناو بچێ , لە ڕێگەی چیرۆکەکانی "بالزاك"ەوە جارێکی دی دەتوانی بازسازی بکەیتەوە..ئەمە مانای ئەوەیە "بالزاك" توانیویەتی هەموو کون و کەلەبەری کۆمەڵگای فەرەنسا لە کتێبەکانی خۆیدا حەشار بدا , بەبێ ئەوەی کتێبەکەی ڕاستەخۆ ببێتە تەبلیغێکی : سیاسی , دیکۆمێنتی, مێژوویی ...

پ/بەڵام کاك سەلاح، پێم خۆشە زیادەیەك بخەمە سەر قسەکەی جەنابت : "مارکیز" کاتێك ناوی دێت، هەموو خوێندەوارێك ئەمەریکای لاتینی دێتە زهنەوە.. یان با بڵێین: وێنەیەك لە ئەمەریکای لاتین دێتە بەر خەیاڵی... واتە : "مارکیز" و ئەمەریکای لاتین وەکو دوو دیوی شوناسێك وان کە هەردوولایان سەرکەوتووانە بەکەڵکی یەکتر هاتوون ! ئەگەر کارکردن لە بواری ئەدەب و لە بواری پیشاندانەوەی خەمە گەورەکان و کێشە جۆراوجۆرەکانی میللەتێك بەم جۆرە بکرێ , ئەمە هیچ کەس نکوڵی لێ نییە ! بەڵام ئەگەر سەرنەکەوتووانە دەست بۆ ئیش ببرێت ، ئەمە خراپە ! ئەوەیە کە "نزار ئاگری" ڕەخنەی لێی هەیە...!

و/جا چی بکەین ؟! ئەوە بەندە بە توانا و لێهاتوویی نووسەر! خۆ تۆ ناتوانی لەسەر گەلی کورد ئیراد بگری بەو پێیەی کە ئێمە بۆ تەیارەیەك دروست ناکەین بە قەد تەیارەکانی "بوینگ"ی ئەمەریکی چاك و بەتوانا و قایم و خۆڕاگر و جێگای متمانەی خەڵك ؟!! ئەی بۆ ناتوانین لە بواری دەرماندروستکردندا بە قەد "هۆخست"ی ئەڵمان، کارگەی باشمان هەبێت بۆ دەرمان دروستکردن ؟!! میللەتی دواکەوتوو، میللەتێك کە هێشتا پێشکەوتنی پیشەسازیی تێدا جێبەجێ نەبووە , کە لە بوارەکانی ژیاندا ئەو پێشکەوتنەی نەبووە کە میللەتانی تر بەدەستیان هێناوە لە بوارەکانی : ئەدەب , فیکر , فەلسەفە , پیشەسازی , تەنزیمی کۆمەڵگا، تەنزیمی شارەکان ، ئەندازیاری..." هیچ سەیر نییە ئەگەر ئەم میللەتە ڕۆمانیشی نووسی ڕۆمانەکەی نەگاتە ئاستی جیهانی و نەگاتە ئاستی ئەو ڕۆمانەی کە خەلاتی نۆبڵی پێبەخشراوە...

**پ/بۆچی ؟!! خۆ ئەگەر دروستکردنی فڕۆکەیەکی پێشکەوتوو , یاخود شەمەندەفەرێك، یاخود ئۆتۆمبیلێکی پێشکەوتوو، پێویستی بە دەستەبەرکردنی ئیمکانیاتی مادی هەیە .." داهێنانی ئەدەبێکی جوان و سەنگین، ئەوەندەی پێویستی بە ئیمکانیاتی زاتی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە ئیمکانیاتی مادی نییە...!**

و/با من پرسیارێکت لێبکەم :- بۆ ؟ میللەتانی هەژاری جیهانی سێهەم کامەیان تا ئێستا توانیویانە خەلاتی نۆبڵ بۆ فیزیا و کیمیا و

پزیشکی نا , بەڵکو بۆ ئەدەبیش وەربگرن ؟!! لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە هەبووە ڕەنگە یەك یان دوو لەسەد بووبێت ...!

**پ/ "ویل سوینکا" کە ئەدیبێکی نەیجیرییە وەریگرتووە ! خۆ وەزعی نەیجیریا لە ئێمە باشتر نییە !!**

و/نا "نەیجیریا" حاڵی لە ئێمە زۆر باشترە !! وڵاتێکی زۆر گەورەیە، لە کۆنەوە داگیرکراوی بەریتانیا بووە، تێکەڵاوییان لەگەڵ زمان و ئەدەبی ئینگلیزی زۆر بووە، ئەمە یارمەتی داون بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەدەبی جیهانی تێکەڵبن ! بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم نەکا ئێمە تووشی ئەو هەڵەیە ببین کە پێمان وابێت گەشەکردنی مەعنەوی لە گەشەکردنی مادی جیایە !! لەناو میللەتێکدا ڕەنگە ئەمە زۆر بە دەگمەن هەڵکەوێت! بەپێی لۆجیکی تەکامولی مرۆیی، مرۆڤ واحیدێکی(واتە : یەکەیەکی) بە یەکەوەنووساو و بە یەکەوە تێکەڵبووە لەگەڵ بەشەکانی ژیانی .. زۆر زەحمەتە لە بەشێکدا کۆمەڵگا لە دواکەوتوویی‌دا بمێنێتەوە , بەڵام لە بەشێکی دیکەدا پێشکەوتوو بێت ! ئەی چۆنە گەورەترین کتێبەکان کە لە سەر فیکر و فەلسەفە و ئەدەب نووسراون ، کە پێویستیشیان بە پیشەسازی نییە , هینی ئەو وڵاتانەن کە شۆڕشی پیشەسازی تیایاندا ڕووی داوە و پێشکەوتنی ئابوورییان هەیە و ئاستی ژیانی خەڵك لەسەرەوەیە ...

**پ/ئایا ئەم باسوخواس و چەندوچوونە ، وەکو ئەدیبانی گەورەی جیهان ، بۆ نموونە وەکو "سارتەر" , "بارگاس یۆسا" تووشی ڕامان و وردبوونەوە لە وەزیفەی ئەدەب و , واسواسی بەرامبەر بە وەزیفەی ئەدەبی نەکردوویت؟**

و/خۆ "سارتەر"یش لەپێشدا بەشێك لە کارەکانی چیرۆکنووسین بووە، بەلاّم "سارتەر" لە سەردەمێکدا کەوتە سەر بیرکردنەوەی فەلسەفی کە کۆمەڵگای ئەوروپا بە گشتی و هی فەرەنسا بە تایبەت کەوتبووە ناو قەیرانێکەوە.. بیرمەندێکی وەکو "سارتەر" نەیدەتوانی خۆی لەم قەیرانە دوور ڕابگرێ ..ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شەڕی جەزائیر لە گۆڕێدا بوو .. "ئەلبێر کامۆ"، یان "ژان پۆڵ سارتەر"، بەرهەمی ئەم چرکەیەن لە ژیانی ئەدەبی فەرەنسادا، کە ژیانێکی ئاوا دەوڵەمەند و لە مێژینەی هەیە ...ئەوان نەیاندەتوانی خۆیان بدزنەوە لە شەپۆلی ئەو بیرە توندوتیژەی کۆمەڵگای گرتبۆوە کە : ئایا ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاستەو ڕەوایە، یان ناڕەوایە ؟ ئایا کۆمەڵگا لە سەر حەقە ، یان لەسەر حەق نییە ؟! ئەمە وردە وردە بیری فەلسەفیشی بەرەو وجودییەت برد... من بە هیچ جۆر ئەو ئەرکەی کە ئەدەب و شیعر لەسەر شانییەتی وبریتییە لە : دەربڕینی هەست و بیر و ئارەزووەکانو خەم و خەفەتەکانی تاکە مرۆڤ ، بێبایەخ دانانێم و ئینکاریی ناکەم ! تا ئەمە مامۆستایانەتر، زانایانەتر، شارەزایانەتریش، بەیان بکرێت " بێگومان جوانترە و جێگای ڕەونەقەو هەمووومان دەبێ پشتیوانی لێبکەین! بەلاّم من دەمەوێ بە شێوەیەکی بابەتیانە ئەوە بڵێم کە لە ئەدەبی کوردیدا ئەمە بۆ کەمە ؟! ئەو بیرە وردە جوان و مرۆییە کە لە ئەدیب و شاعیردا دەبێ ببێ و خۆی لەگەڵ خوێنەر بگونجێنێ، ئەدیب هەستە مرۆییەکەی خۆی وەها دابڕێژێت کە خەڵکی دیکە شەریکی خەمی بن .." ئەمە بۆچی کەمە ؟!

من خەیاڵم بوو لە قسەکانمدا ئەوەت پێ بڵێم کە ئەمە تاوانی شاعیر نییە ، تاوانی نوسەر نییە..!! ئەمە دوو حاڵەت هێناویەتیە ئارا :- یەکێکیان وەزعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بووە کە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە (بە شاعیر و نووسەریشەوە)و بواری نەهێشتۆتەوە بۆ بیری تاکگەرایی و خودگەرایی ... دووەمیان : کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کەم بێت، کە پێشکەوتنی پیشەسازی کەم بێت , کە ئاستی ژیان لە سەرەوە نەبێت ( لە خوارەوە بێت)، کە زانکۆ نەبێت , کە مەحافل و کۆڕی فیکری و فەلسەفی و فەرهەنگی مەوجود نەبێت .." سروشتییە نابێت چاوەڕوان بکەیت ئەدەبێکی زۆر بەرزی هاوشان لەگەڵ ئەدەبی وڵاتانی پێشکەوتوو دروست ببێت ...

لەناو کۆمەڵگادا حاڵەتی مادیی تاکەکەس وحاڵەتی مادیی کۆمەڵ , تێکەڵە لەگەڵ حاڵەتە مەعنەوییەکەی .. ئەم دووانە شانبەشان دەڕۆن .. ئەوەی کە "شاملو" دەڵێ: من خەریك دەبم بۆ شیعری جوان ، من خەریك دەبم بۆ فلان شت ، ئەگەر خەمی نان لێم گەڕێ ... ئەم خەمی نانە ، تۆ تێکەڵیشی بکە لەگەڵ ترسی گیان ، ئێمە خەمی نان و "ترسی گیان!" بە درێژایی ئەم دووسەد ساڵە مەودای نەداوین !! بۆیە هەوڵدان بۆئەوەی کە ئاستی ئەدەب بەرز بکرێتەوە لە کوردەواریدا "خۆ شتێکی زۆر باش و پیرۆزە هەمووومان کاری بۆ بکەین , بەلام دەبێ بزانین ئەمە تێکەڵ دەبێ لەگەڵ هەوڵدان بۆئەوەی ئاستی مادی و مەعیشەتی میللەت بەرز ببێتەوە ....دەبێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبێت لە ناو ئێمەدا " دەبێ خەمی نەداری و بێکەسی کەم بێتەوە لەناو ئێمەدا "

دەبێ تێکەڵبوون بە دنیای شارستانییەت و دنیای ئازاد زۆر بە فراوانی بوونی هەبێت لەناو ئێمەدا " دەبێ پیشەسازی گەشە بکات " ئەم جار پێبەپێی ئەوە "تاکەکەس" , "مرۆڤ" ,نەك لە باری مادی بەڵکو لە باری مەعنەویشەوە گەشە دەدا بە خۆی و بە بەهرەکانی و بە ئیمکانیاتی ...

**پ/زۆر سوپاس کاك سەلاح ....**

**ئێستا ئەگەر بتوانی خۆت کۆکەیتەوە و دووبارە بچییەوە ناو ئەو قۆناغەی کە گوزەراوە و تێپەڕیوە !!**

**دەتوانی ئەدەبێك کە لەو سی چل ساڵەدا کوردانی ئێرانی نوسیویانە ، پۆلێن بکەیت بەسەر چەند قۆناغ و چەند گروپ و چەند دەستەی جیاوازدا ؟ کێن ئەوانەی دەکرێ پەنجەیان بخەیتە سەر و لە ئەڵقەیەکدا کۆیان بکەیتەوە و پێیان بڵێی نوێنەری قۆناغێك ؟ گروپێکیتر لەملاوە نوێنەری قۆناغێکی دیکە ؟**

**هەروەها پێم خۆشە قسە لە "سوارە" بکەین ... قسە لە "هەژار" بکەین ... قسە لە "هێمن" بکەین، کە هەموویان دۆستی ئێوە بوون ..! ئەگەر بفەرموون لەوێوە دەست بە قسەکردن بکەینەوە جارێکی تر ....**

و/دیارە پرسیارەکە تەرکیزی لەسەر ئەم چل ساڵەی کۆتایی ئەدەبی کوردستانی ئێرانە، بەڵام خۆ ناکرێ باسی ئەم چل ساڵە بکەیت ئەگەر نەچیتە سەر ئەدەبی کوردی کوردستانی ئێران لە قۆناغی پێش ئەم قۆناغەدا ! لە ڕاستیدا ئەدەبی کوردی کۆن لە کوردستانی ئێران , هەروەك کوردستانی عێراق وا بووە.. لە کوردستانی عێراق "نالی و سالم و کوردی" بوون کە شیعری کوردییان خستە سەر ئەم ڕچەیە ، ئەوان بوون شێوە و شێوازی ئەدەبی کوردییان لە سەر وەزنی عەروزی

بەم قافیە و بەم وەزنە دامەزراند و خەڵك لە سەری ڕۆیشتن ... لە کوردستانی ئێرانیشدا تا دەڕواتەوە سەر دەورەی "وەفایی" و "حەریق" بەم شێوەیە ڕۆیشتووە.. ئەمانە دەبێت بەراورد بکرێن لەگەڵ هاودەورەکانی خۆیان لە کوردستانی عێراق !

لە نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەمدا وردە وردە بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەبی کوردستانی ئێرانیشی خستە بەر کاریگەری ..ئەمە وای کرد گۆڕانکارییەك بەسەر شێوەی شیعری کوردیدا بێت، هەم لە شێوازی گوتندا هەم لە ناوەرۆکی گوتنەکاندا .. مامۆستای ئەو گۆڕانکارییە (کە ناوەندەکەی موکریانە!) "حەسەنی سەیفی قازی/ئەبولحەسەن سەیفی قازی"یە کە لە کۆندا پێیان گوتووە "سەیف ئەلقوزات"، ( لە دەورەی پەهلەویدا ئەم لەقەبانە قەدەغە کران، ئەم لە "سەیف ئەلقوزات"ەوە گۆڕیی بۆ "سەیفی قازی")..."ئەبولحەسەن سیفی قازی" مامۆستای شێوە گوتنێکە کە ڕەنگە پێی بگوترێ کلاسیکی نوێ لە ئەدەبی موکریانیدا ... هەموو شاعیرەکانی دیکە کە لە سەروەختی کۆمەڵەی "ژ. ك" و "کۆماری کوردستان"دا سەریان هەڵدا ، شاگردی "سەیفی قازی" بوون " لەوانە: "هەژار، هێمن، خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی، حەقیقی..." ، ئەو شاعیرانە بە شاعیری کۆمەڵەی "ژ. ك" و شاعیری "کۆماری کوردستان" ناسراون !

"سەیفی قازی" وەزنی شیعر (وەزنە عەروزییەکەی) ، هەروەها قافیەی شیعر و، ئەوە کە هەردووك میسراعەکان وەکو یەك بن، هەموو

قانونەکانی شیعری کلاسیکیی ڕیعایەت کرد ! بەڵام دوو شتی گۆڕی:- یەك / ناوەڕۆکی باسەکان.. دوو /شێوازی گوتنی ... وشەی عەرەبی و فارسیی گۆڕی بە شیعرێکی کوردیی ساکار، کە کەڵکی وەرگرت لە وشە ڕەسەنەکانی کوردی، چونکە خۆی کابرایەك بوو بەشی زۆری ژیانی لە گوند دەژیا " لەگەڵ کاری کشتوکاڵی و جووت و گا و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و چوونی بۆ کوێستان و هاتنەوە .." لەگەڵ هەموو ئەوانەدا تێکەڵ و ئاشنا بوو.. لەبەرئەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری وشەی ڕەسەنی کوردیی دەزانی کە شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆی لە کوردستانی عێراق نەیاندەزانی.. بەمە جیاوازییەك کەوتە نێوان ئەم شێوە موکریانی گوتنە، لەگەڵ شێوە گوتنی بابان..! شاعیرانی سلێمانی لە نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەمدا کە هەڵکەوتوون , لە شار هەڵکەوتوون !! بۆیە کەسانێك پەیدابوون کە زمانی شارەکە باشتر بزانن لە زمانی لادێ.. بۆ ئەو وشانەش کە لە زماندا بوونیان نییە و تۆ ئیشت پێیانە , کەوتنە سەر دروستکردنی وشەی نوێ ! دیارە ئەدەبی کوردی بەوە هەنگاوێکی گەورەی هەڵهێنا، لە "تۆفیق وەهبی"یەوە هەتا دواتریش... بەڵام لە کوردستانی ئێران و بە تایبەت لە ئەدەبی موکریاندا، ئەم حاڵەتە ڕووی نەدا ! هەموو ئەو شاعیرە گەورانەی کە لە کوردستانی ئێران لە نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەمدا تا سەردەمی کۆمەڵەی "ژ. ك" سەریان بەرزکردەوە، ئەوانە بوون کە لە لادێ گەورە ببوون ! ئەمانە گەنجینەیەکی ئێجگار زۆری موفرەداتی وشەی کوردییان لەلا بوو کە خەڵکی شار نەیدەزانین،

لەبەرئەوە تەنانەت بۆ بەیانی چەمکی سیاسیو فیکری نوێ , کەڵکیان وەردەگرت لەم وشانەی کە لە ژیانی خۆیان لە گونددا سەروکاریان لەگەڵ هەبووبوو و فێری ببوون ...

**پ/ کاک سەلاح "شیمۆس هینی" هەیە , شاعیرێکی ئیرلەندییە ، خاوەنی خەلاّتی نۆبڵە، یەکێك لەو دەستکەوتانەی کە ئەو پێوەی دەنازێ و ئەدیبان و رەخنەگران باسی دەکەن ئەوەیە: خاوەنی کۆمەڵێ موفرەداتە کە لە گوندەکاندا بەکاردەبرێن، هەر لە (شیر)ەوە بیگرە تا دەگاتە ئەدەواتی کشتوکاڵی !**

و/ئەوانیش وەهایان کرد !! شیعرەکانیان جارێکی دیکە ئاماژەیە بە ژیانی کشتوکاڵی بەلاّم مەتەڵی سیاسیی پێ بەیان دەکەن:- کەنگێ عەرزێکی دەکێڵین بۆ تۆو؟! کەنگێ تۆوێکی دەچێنین بۆ شین؟! کەنگێ چێنراوێ دەگاتە بەروبۆ؟! کەی بەباهۆی کورە کوردێکی دەژین ؟!

چۆن لە دەرێ کشتوکاڵ دەکرێ ، دەبێ بەروبۆی لێ پەیدا ببێ " لە سیاسەتیشدا هەر ئەمە بەکاردێت !

"خاڵەمین" لەم بەهارییەی خۆیدا کە دەیڵێ , باسی چوونی خێلاّت دەکات بۆ کوێستان، باسی گەرمیان و کوێستان دەکات (دیارە چاوی لە بەهاریەکەی "حاجی قادر"یش هەیە!) هەموو داخوازییە سیاسییەکانی خۆی بە ئاماژەی سەفەری گەرمیان و کوێستان دەستپێدەکات و، هەر بەوەیش کۆتایی دێنێ ...

"حەسەنی سەیفی قازی" رچەشکێن و رێنوێن و دامەزرێنەر و مامۆستای ئەم رێگایە بوو " "هەژار و هێمن و خاڵەمین" وهەموو

ئەوانی دیکە ، هەموو بەدووی ئەو کەوتوون " ئەمە بەسەر ئەدەبی کوردیدا زاڵ بوو تا کۆتایی پەنجاکان ...

**پ/تا کۆتایی پەنجاکان ئەمە قۆناغێکە !**

و/ئەمە قۆناغی پەنجاکانی زاینییە ، لە سەرەتای شەستەکان و لە کۆتایی پەنجاکان، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئێراندا هات، لە باری کۆمەڵایەتی , لە باری ئابووری , لە باری سیاسی :- چاکسازیی ئەرزی هات ، نیزامی دەربەگایەتی وەکو نیزامی دەسەڵاتدار بەسەر ژیانی کۆمەڵگای گوند و عێلاتی کوردەواریدا کۆتایی پێهات ، شانبەشانی ئەوە کە نرخی نەوت زیادی کرد لە دنیادا و پارەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت ئێجگار زۆر بوو و لە گەنجینەی دەوڵەتدا کەڵەکە دەکرایە سەریەك .." دەست کرا بە کاری ئاوەدانی ... ئەم کاری ئاوەدانییە لە شارەکان ئەنجام دەدرا و پێویستی بە هێزی کاری هەرزان هەبوو!! ئەم فەلاحەی کە لە دابەشکردنی زەویوزاردا , لە چاکسازیی کشتوکاڵیدا , زەویوزاری (پێی دەڵێن: ڕەشایی، یان : قەرە !) بەرنەکەوتبوو " بوو بە هێزێکی کاری هەرزان و ڕوویکردە شارەکان ... ئەمە وایکرد خەڵکێکی زۆری کورد کە تا ئەو کاتە ناو ئێرانی نەدیبوو، شارەکانی ئێرانی نەدیبوو" بە فراوانی بڵاوبۆوە بەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا ! دیارە ئەم خەڵکە شتی تازەش فێردەبێ ، ڕەسم و دابونەریتی تازەش دێنێتەوە , هەر لەگەڵ ئەوە بڕێك پارەی تازە لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆئەوەی ژیانی خۆی پێ بگۆڕێ و پێ باشتر بکات ! هاوکات لەگەڵ ئەوە قوتابخانە و مەدرەسەی زۆر دروستکران، زانکۆکان پەرەیان

پێدرا، مافی ژنان درا و ڕێگا درا  کچ بخوێنن و بە ئاسانی و بەفراوانی بچن بۆ شوێنە زانستییەکان ! ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەی ناو ئێران کە هـی کۆتـایی پـەنجاکان و سـەرەتای شەسـتەکانە، کاریگـەریی زۆری لەسەر کوردستانیش هەبوو !! یـەکێك لـە کاریگەرییـە هـەرە گـەورەکانی بریتی بوو لە : زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی  کە واردی زانکۆکانی ئێران بوون ! گەنجێکی زۆری کورد بۆ یەکەم جار هاتنە نێو زانکۆکانی ئێرانـەوە " لـە پێـشدا هاتنـە نێـو زانکۆکـانی تارانـەوە , بـەڵام دوایـی زانکۆکانی دیکە , وەکو: "زانکۆی تەورێز" و "زانکۆی ورمێ" لە پلـەی یەکەمدا و ..., پاشانیش ئەوانی تر : "ئەسفەهان و شیراز و مەشهەد" پڕبـوون لـە خوێنـدکاری کـورد !! کۆبوونـەوەی ئـەو گەنجـە کوردانـە لەدەوری یـەکتر , فرسـەتێکی هێنـا بۆئـەوەی گـەلی کـورد کـە تـا ئـەوکات هەر لە دوورەوە ناوی یەکتریان بیستبوو ، لـە نزیکـەوە یەکتربناسن ..! مەریوانی و سنەیی زۆر کـەم لـە مێـژوودا بۆیـان هەڵکـەوتبوو شـنۆیی و نەغەدەیی بناسن یان بیانـدوێنن !! بازرگـانیی کوردسـتان لەگـەڵ یـەکتر نەبوو تا لەڕێگەی بازرگانییەوە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر هەبێت ! ڕێگـای ئاسـنی گـەورە بـەناو کوردسـتاندا تێنەدەپـەڕی و ئێـستاش تێناپـەڕێ " جادەیـەکی فراوان و سەرتاسـەری ئەوکاتـە لـە کوردستاندا نەبوو , ئێستاش تەنها یەك جادە هەیە کە گوایە کوردستان لەمسەر تا ئەوسـەری ببـات ، پەیوەنـدیگرتن نـەبوو " ئێمـە یـەکترمان نەدەناسـی، ئێمەی کورد بۆ یەکەمجار ئاوا بە فراوانی لـە زانکـۆ یـەکترمان ناسـی..! بۆیە تا ئەوکات کە حیزبایەتییش کرابوو هەر هـی یـەك ناوچـە بـوو ئـەو

ناوچەیەش "موکریان" بوو !! خەڵکی موکریان یەکتریان دەناسی، هاتوچۆی یەکتریان دەکرد، دەیانتوانی لەناو دەزگای حیزبیدا خۆیان تەنزیم بکەن، بەڵام ئەو ڕێکخراوە زۆر بە کەمی پەلی دەهاویشتە دەرەوەی ناوچەی موکریان ! کەوابوو هەم ژیانی حیزبایەتی، هەم یەکترناسین و ئاگاداربوون لە دەرد و مەرگ و ئارەزووەکانی یەکتر، ئێمە بە هۆی زانکۆکانەوە دەستمان پێی گەیشت و دەسەڵاتمان بەسەریدا پەیدابوو ....

**پ/ئەو ئەدیبانە کێ بوون کە لە زانکۆکاندا پەروەردە بوون؟**

و/منیش خەیاڵم هەبوو ئەوەت بۆ بڵێم ....

لە پەنجاوهەشت بۆ پەنجاونۆ، ئەم ژمارە زۆرەی خەڵك هاتنە زانکۆکانی ئێرانەوە، لە یەکەمین دیداردا ئێمە کەسانێك یەکترمان ناسییەوە، کە سەیرمان کرد هەموومان جۆرێك لە پەیوەندیمان بە ئەدەب و شیعرەوە هەیە، وەکو: "عەزیزی ژیان" , "عەلی حەسەنیانی"... دیارە ئەوانەی کە یەکەمجار یەکترمان ناسی، من لە هەموویان کەم تەمەنتر بووم.. بەڵام ڕەنگە ڕابردووی خەریکبوونی من بە ئەدەبەوە , لە هەموویان لە مێژینەتر بووبێت " بە هۆی وەزعی بنەماڵە و عادات و ئارەزووەکانی بنەماڵە ... لە هەر شوێنێکدا شتێك باوە، لە شوێنی ئێمەدا قسەکردن لە ئەدەب و دانیشتن و بەحسی ئەدەبی و سیاسی شەوچەرەی دیواخان بوو .. لەبەرئەوە من زۆر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەوە ڕاهاتبووم ! کە هاتیشمە زانکۆ پێم وابوو هەر منم ئەو شتانە دەزانم و زەوقم لەگەڵی هەیە..بەڵام دیتم : نەخێر "

خـەڵكی تـر هەیـە لـە منـیش زیـاتر دەزانـێ و لـە منـیش شـارەزاترە و تەمەنیشی لە من زیاترە ... ئەوە فرسەتێكی زۆر گەورە بوو ... هێشتا "سـوارە" نـەهاتبوو بـۆ زانكـۆ , "فـاتیحی شـێخ ئەلئیـسلامی"یـش نەهاتبوو .. ئەوان برێك درەنگتر هـاتن .. "سـوارە" لـە تەمـەنی ئێمـەدا بوو دەبوو لەگەڵ من بێت، بەڵام بە هۆی نەخۆشییەكەیەوە كە گرتـی دواكەوت ... تۆ دەزانـی "سـوارە" لـە تەمـەنی پـانزە شـانزە سـاڵییەوە تووشی نەخۆشییەك هات كە ناچاری كرد سێ ساڵی ڕەبەق لـە جێگـادا بكەوێت ، هـەڵیش دەسـایەوە بـە نەخۆشـی و بـە شـەلی هەڵدەسـتایەوە " ئەمە سێ ساڵی دواخست، بەڵام سەرئەنجام ئەویش هات ...

مـن خـەیاڵم هەیـە مێـژووی سـەرهەڵدانی شـیعری نوێـت لـە كوردسـتانی ئێـران پـێ بڵـێم .. ڕاستی لـەنێو هەمووماندا ئارەزوویـەك هەبوو كە شیعری كوردی نوێ بكەینەوە ...

**پ/ ئەو قسانەی كە تا ئێستا لەسەر شیعری نـوێی كـوردیی ئێـران كـراون , ڕاستكردنەوەیان دەوێت ...ئایا ئەم قسانەی جەنابت ڕاستكردنەوەن , یان چـی !؟**

و/جا نازانم چی وتراوە لەسـەر شیعری نـوێی كـوردیی كوردسـتانی ئێـران " مـن وەكـو قارەمـانی چـیرۆكێك دەبم كـە چـیرۆكەكەی خـۆی دەگێڕێتـەوە ..! ئێمـە هـەموومان زۆرمـان بـیر لـەوە دەكـردەوە چـۆن شـیعری كـوردی نـوێ بكرێتـەوە، لەوانـە (ئـەوەی كـە ڕووبـەڕوو بـوین) وەكـو: "عـەزیزی ژیـان" و "عـەلی حەسـەنیانی" و مـن ... هەرسـێكمان بەیەكەوە لە "كۆلیژی یاسا" قەبوڵ بووین و لە یەك پۆلیش بووین ...

**پ/کەستان ڕشتەی ئەدەبیاتتان نەدەخوێند؟**

و/کەسمان ڕشتەی ئەدەبیاتمان نەدەخوێند " "سوارە" لە "تەبرێز" دەیخوێند، "فاتیح" لە "مەریوان" بوو " ئێمە ئەو سێیە (عەلی حەسەنیانی و عەزیزی ژیان و من) بە یەکەوە قسەی زۆرمان لە سەر نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکرد .. لەگەڵ "سوارە"یش لە ڕێگەی نامەنووسینەوە ... "سوارە" هەم هاوڕێم بوو , هەم ئامۆزام بوو !

**پ/زۆر لە "لەتیف هەڵمەت" و "لەتیف حامید"ی ئامۆزای دەچن ! من لە ژمارەیەکی بلاوکراوەی "ڕۆڤار"دا کە تایبەت بوو بە "لەتیف حامید" , بەراوردێکم لە نێوان "سوارەی ئیلخانی زادە" و "لەتیف حامید"دا کردووە ... "لەتیف حامید" خاوەنی ئامۆزایەکی شاعیر و داهێنەرە کە "لەتیف هەڵمەت"ە " "سوارەی ئیلخانی زادە" خاوەنی ئامۆزایەکە قسە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات ! هەر زۆر لە یەکدەچن :- نەخۆشییەکەی "سوارەی ئیلخانی زادە" و نەخۆشییەکەی "لەتیف حامید" ..دەورە ڕیادی و پێشەواییەکەی "سوارەی ئیلخانی زادە" لەگەڵ دەورە ڕیادی و پێشەواییەکەی "لەتیف حامید... زۆر سەیرن !**

و/ئەم بۆچوونانەی ئێمە ڕێگای نەدەبردە هیچ جێگایەك ! واتە کەلەبەرێکمان نەدۆزیبۆوە کە لەوێوە واردی ناو دونیای تازە ببین بۆ شیعر .. ئێمە نزیکترین شت کە دەستمان دەیگەیشتێ شیعری نوێی فارسی بوو، مامۆستای شیعری نوێی فارسییش "نیمایوشیج" بوو .." دوای ئەوەش خەڵکی تر هاتن کە تیایاندابوو لە "نیما"یش بەرزتر بوو، وەکو: "ئەحمەدی شاملو" کە ناوە شیعرییەکەی "أ . بامداد" بوو,

"مەهدی ئەخەوان " کە ناوە شیعرییەکەی "م.ئومێد"ە , "سیاوش کیسرایی"( ئەمە لە دەورەی یەکەمدا ..!) بەڵام هەرچۆنێك بێت دەوری مامۆستایی "نیما" لەجێگەی خۆیدابوو ! بەهەرحاڵ دەستمان کرد بەوە کە چۆن دەکرێت ئەم گۆڕانکارییەی شیعری فارسی لە شیعری کوردیدا چاو لێبکەین , یان تەقلیدی بکەین , یان بیکوردێنین ، بیگونجێنین لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردی ....

**پ/لە زمانە کوردیە ئەدەبییەکەدا بیچێنن ..!**

و/بیچێنینەوە و بیکەینە شێوەیەك شیعرەکە نوێ کرابێتەوە ! ئەو تایبەتمەندییانەی نوێکردنەوەی شیعر کە ئێمە لەبەرچاومان بوو ئەوەبوو : خۆمان نەبەستینەوە بە وەزنە عەروزییەکەوە ، خۆمان نەبەستینەوە بەوەی دوو میسراع بە قەد یەك بن , خۆمان نەبەستینەوە بەوەی کە لە دوای هەر شیعرێکدا قافیە دەبێ جارێك دووپات بکرێتەوە... ئەمانە لە شیعری نوێی فارسیدا هەبوون، ئێمە لە بەرچاومان بوو، بەڵام چۆن ئەمە بهێنینە نێو زمانی کوردییەوە ؟ لە ناکاو ڕووداوێکی زۆر خۆش و باش و بەخێروبەرەکەت، بەڵام زۆر لە ناکاو و کتوپڕ " هاتە گۆڕێ !! لە پێش هەمووشیاندا بۆ من و "عەزیزی ژیان" کە لە ئێمە بە ئەزموونتر و بە تەمەنتر بوو " ماوەیەك پێش ئەوە کاری کردبوو، هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری ئەدەبیشدا.." بەڵام دوای ماوەیەك هاتبۆوە سەر خوێندن و لەگەڵ ئێمە قەبوڵ بووبوو بۆ ناو "کۆلیژی یاسا" .."عەزیزی ژیان" پەیوەندیی زۆری دروست کردبوو" خەڵك کە دەهاتن بۆ کوردستانی

عێراق کتێبی تازەیان بۆ دەهێنا!! دوو جەڵد کتێبی "گۆران"یان بۆ هێنابوو: "بەهەشت و یادگار" و "فرمێسك و هونەر" ‟ من تا ئەوکات هیچ شتێکم لە "گۆران" نەدەزانی , سەرەڕای ئەوەی لە منداڵییەوە لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردی خەریك بووبووم و گوێم لێ بووبوو و باسی ئەدەبم لەلاکرابوو، بەڵام هەموو ئەوانە تایبەت بووبوون بە ئەدەبی کلاسیکیی کوردییەوە !! ئەوەندەی لەسەر "نالی و سالم و کوردی و وەفایی و مەحوی" دەمزانی ‟ هەر هیچ شتێکم لەسەر ئەدەبی نوێی کوردی و شیعری نوێی کوردی و نوێبوونەوە نەدەزانی ‟ تا زۆری پێ نەچوو"عەزیزی ژیان" کتێبێکی دیکەی بۆ هات کە لێکۆڵینەوەکەی "ڕەفیق حیلمی" بوو لەسەر شیعر و ئەدەبی کوردی "بەرگی دووەمی", ئەوەی لە کۆتاییدا چاپ بوو!

ئەم دوو کتێبە , بەتایبەت هەردوو جڵدەکەی کتێبەکەی "گۆران" دنیایەکی تازەی لەبەردەم ئێمەدا کردەوە ‟ دیارە کتێبەکەی "ڕەفیق حیلمی" بێجگە لە "گۆران" خەڵکی دیکەی وەکو "شێخ نوریی شێخ سالح"یشی بە ئێمە ناساند !! ئێستا ئێمە تێگەیشتین کە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و دامەزراندنی بناغەیەك بۆ شیعری نوێ، لە مێژینەیە‟ ئەوە ئێمە ئاگامان لێ نەبووە، دەنا پێش ئێمە خەڵکێکی زۆر هەوڵی بۆ داوە، کاری تێدا کردووە، پیاوی گەورەیشی تێدا پەیدابووە ! دیارە ئەمە نائاگایی ئێمەیە، ڕەنگدانەوەیەکی ئەم دابڕانەی کوردستانە لە یەکتر، ئەم دابڕانە سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەی کە چەند سەد ساڵێکە لە کوردستاندا تەحمیل کراوە ‟

ئەمـــە وای کردبـــوو ئێمـــە وەکـــو گـــەنج هـــیچ ئاگایـــەکمان لـــە گۆڕانکارییـەکانی نـاو شیعری کوردی لـە کوردستانی عێراقدا نـەبوو " بـەڵام کـە شـیعرەکەی "گـۆران"مـان بینـی , بارودۆخەکـە گـۆڕا ... مـن شـاعیر نـەبووم ، مـن کـارم کـاری لێکدانـەوە و ڕەخنـەگری بـوو.. ئـەم ڕەخنەگرتنـە و دوو کتێبەکـەی "عـەزیزی ژیـان" وای لێکـردم کـە مـن ئـەمجار بـە چـاوێکی وردتـر و قـوڵترەوە سـەیری ئـەم ئەزموونـە تازەیـە بکەم" کورد گوتەنی: بە چاوی موشتەری سـەیری بکـەم ! بـا لـە پێشدا بڵێم: شاگەشکە بووم بە دیتنی هەردوو کۆمەڵە شیعرەکەی "گۆران" و تێگەیـشتم کـە ئـەو شـتەی ئێمـە لێـی دەگـەڕێین ئەمەیـە ! ئەمەیـە تـای تەرازوومان بۆ ڕاست دەکاتـەوە لـە بەرامبـەر ئـەو سەرچاوەیەی ئـەدەبی فارسی کە لە "نیما"وە هاتبوو بۆ نوێکردنەوەی شیعری فارسی و ئێمە تەنیا ئەومان لەبەردەستدا بوو بۆ چاولێکەری ! "گۆران" تـەرازووی بۆ ڕاسـتکردینەوە و تێیگەیانـدین کـە لـە زمـان و ئـەدەبی کوردیـشدا ئـەم تێکۆشـان و هـەوڵ و تەقەلایـە دراوە، ڕێگاکـە دۆزراوەتـەوە و، نمونـەی باشمان لەبەردەستدایە .. من ئەوەندەم پیٚ خۆش بوو " ئەوەندە خەریك بووم بـە "گـۆران"ەوە"تەنانـەت دەرس و سیاسەتیـشم لـەبیر چـوبۆوە لـە خۆشیدا ..!

لە بیرمە "سوارە" لە تەورێز بوو.. من هـەر لـە نێـوان هەفتەیـەك یـان لە نێوان دە ڕۆژ جارێك نامەیـەکم بـۆ دەنووسـی، نامەیـەکی زۆر دوور و درێـژ ! جـاری وا هـەبوو دە – پـازدە لاپـەڕە ! لـە هەریـەك لـەو نامانـەدا کردبوومان بە عادەت شیعرێکم لە شیعرەکانی "گۆران" بۆ دەنووسی ..

دوایی بۆچوونی خۆم و لێکدانەوەی خۆمم لەسەر ئەو شیعرە (چەندە دەتوانێ یارمەتییان بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگا) بۆ دەنووسی ...

**پ/ئەو نامانەی دەتنوسین بۆ "سوارە"، هیچیان ماون؟ بۆئەوەی بزانین توانای ئەدەبی و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی ئەوسات چۆن بووە و لە چ ئاستێکدا بووە ؟ ئەوە یەك ... دووەم: ئایا وەڵامی "سوارە"ت لەلا ماون کە لە ئەرشیفی خۆتدا پاراستبێتتن و تا ئێستا نەکەوتبنە بەردەستی خوێنەر؟**

و/خۆ ئەگەر من لە کوردستان نەژیابایەم و لەو خەباتە سیاسییەدا بەشداریم نەکردبایە " ئێستا ئەوانە سەرچاوەی مادەیەکی زۆر باش بوون بۆ چاپکردنی کتێبێك.. بەڵام نەك تەنیا ئەوانەم هیچی نەما و هەمووی سوتا و تالاَن کران (هەم هی من و هەم هی "سوارە") بەڵکو کاتێك من لە ساڵی ١٩٦٨چوومە زیندان و دوای ماوەیەك کە ڕێگا درا ئیتر نامە ئاڵوگۆڕ بکەم و خەڵك بێتە دیدارم و جارێکی تر لەگەڵ "سوارە" شەڕە نامەمان دەستی پێ کردەوە " ئەوانیشم هەمووی فەوتا!! دیارە ئەم سەفەرە چونکە دەمانزانی نامەکانمان دەخوێندرێنەوە , زۆر بە ڕەمز و ڕاز و لە تویێ چەندین پەردەدا دەماننووسین ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێجگار خۆش بوو!! من و "سوارە" هەردووکمان قۆناغێکمان بڕیبوو.. حەوت هەشت ساڵی پێ چووبوو.. یەکەمین نامەنووسینمان لەسەر "گۆڕان" وابزانم لە دەوروبەری ١٩٥٩-١٩٦٠ دابوو .. بەڵام کە لە زیندانەوە نامەم دەنووسی و "سوارە" جوابی دەدامەوە ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٠ بوو ! لانی کەم نامەکانی "سوارە"م لای خۆم ڕاگرتبوو لە زیندان، بەڵام لە کاتی

هاتنەدەرێدا هەرچی نامەی دۆستان و ڕەفیقان و تەنانەت کەس و کارو خزمیشم هەبوو کە لەگەڵ خۆم بیانهێنمە دەرێ هەموویان دەستیان بەسەردا گیرا " هیچ شتێکیان پێ نەهێشتم جگە لەو جلوبەرگەی لەبەرمدا بوو!! ڕێگایان نەدا هیچ شتێك لەگەڵ خۆم بهێنمە دەرێ " حکومەت هەمووی برد و دەستی بەسەردا گرت ! لەو نامانەدا کە ئاڵوگۆڕ دەکران من بۆچوونەکانی خۆم دەگوت:–چۆن ئەم شیعرە دەتوانێ ببێتە نموونە و سەرمەشقێك بۆ ئێمە ؟ جیاوازییەکەی چییە لەگەڵ شیعرە نوێیە فارسییەکە ؟ چەندە دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت ؟ "سوارە"ش لە بەرامبەردا هەم وەکو ئەدیب و هەم وەکو شاعیر بۆچوونەکانی خۆی دەگوت ! برێك لەو بۆچوونانەی منی قبوڵ دەکرد" برێکی وەڵام دەدایەوە " برێکی ڕەت دەکردەوە ! ئەمە وای لێ کردم تەنیا کابرایەك نەبم خوێنەر بم، بەڵکو من لەسەر "گۆران" دەستبکەم بە کاری لێکۆڵینەوە و بیکەم بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دۆزینەوەی ڕچە نوێیەکەی شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران ... بەڵام پێش ئەوە لەنێو ئێمەدا زیاتر شیعرە نوێیە فارسییەکە لەبەردەستدا بوو " یان ئەو شیعرانەمان لەبەردەستدا بوو کە بە زمانی بێگانە گوترابوون وەکو: فەرەنسی , ئینگلیزی , ئەڵمانی " دەشزانی بزوتنەوەی وەرگێڕان لە ئێران بزووتنەوەیەکی زۆر بەربڵاو و بەنرخ و دەوڵەمەندە .." ئێمە نموونەی زۆری شیعری کۆن و نوێی بێگانەشمان لەبەردەستدا بوو کە بیکەین بە سەرمەشقی شیعری نوێی کوردی.. وابزانم ئەگەر من هەڵە

نەکەم یەکەمین کەس کە بە شێوەی نویێ شیعری گوت لە کوردستانی ئێران "عەلی حەسەنیانی" بوو !

**پ/هاوقۆناغ لەگەڵ "گۆران"دا یان (بۆ نموونە) لەژێر کاریگەریی"گۆران"دا ؟**

و/بە کاریگەربوون بە گۆران، بەڵام کاریگەرییەکی جاریێ سەرەتایی بوو.. "عەلی" پێش ئەوەش کە دیوانەکەی "گۆران"مان دەستکەوێت، خۆی هەوڵی ئەوەی دەدا نموونەیەکی شیعری نوێی کوردی بخاتەڕوو! شیعرێکی هەبوو بە ناوی "جەلاد"" شیعرێکی ساکار بوو، بەڵام شیعرێکی پڕ حەماس و پڕ شۆڕ و بوێرانە بوو ...شیعرێکی تری هەبوو ناوی "بۆردوومان" بوو... هەردوو شیعرەکە تەواو سیاسی بوون ! شیعرەکەی کە باسی بۆمبارانی دەکرد یەکەمین ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بوو لەسەر ئێمە " دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٠-١٩٦١.

**پ/کاک سەلاح من لەم قسانەدا وا تێدەگەم کە بیرکردنەوەی ئێوە لەنوێکردنەوەی شیعری کوردی , پەیوەندیی بە "ڕوانگە"وە نەبووە !!**

و/ زۆر ڕاستە !! نەك ئاگامان لە "ڕوانگە" نەبوو ، بەڵکو "ڕوانگە" خۆی هێشتا نەهاتبووە سەر شانۆی کوردی.. ئەمە دەگاتە کۆتاییەکانی ١٩٥٩ و سەرەتاکانی ١٩٦٠.

**پ/کەواتە دەتوانی "سوارە" لەپێشی پێشەوە دابنێیت و بیخەیتە پێش گروپی "ڕوانگە"شەوە ؟**

و/ ئەوەیان با ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە دەکەن قەزاوەتی لەسەر بکەن ... با ئەوەش بڵێم کە بەر لە "سوارە" , "عەلی حەسەنیانی" شیعرە نوێیەکەی دەستپێکرد ! دوای "عەلی"ش ئەوەی زووتر هات (شتێك لە "سوارە" زووتر هاتە ناو مەیدان) "فاتیح" بوو .. بەڵام هیچیان نەیانتوانی ئەو کاریگەرییە لەسەر شیعری نوێی کوردی دابنێن کە دوایی "سوارە" داینا !! ئێمە هەر ئەوە نەبوو کاری ئەدەبی بە یەکەوە بکەین " بەڵکو کۆڕێکی سیاسی بووین و حیزبێکی سیاسیش بووین !!

**پ/ ئەو حیزبە سیاسییە کامە بوو ؟!**

و/ئێمە لە پێشدا (وابزانم لە ١٩٥٨ –١٩٥٩ دا , لەگەڵ یەکەمین ساڵی چونمان بۆ زانکۆ) یەکێتییەکمان دروست کرد بە نێوی: (یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران) !

(یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران) ڕێکخراوێکی نهێنی بوو " بەڵام ئەوەندە بە پەلە , ئەوەندە خێرا ,ئەوەندە دەستوبرد, کاری کرد و لەناو خوێندکارانی کورددا لە کوردستانی ئێران لایەنگر و هەواداری پەیداکرد کە شەش مانگ یان ئەوپەڕی ساڵێك کەمتری پێچوو , هیچ خوێندکارێکی کورد نە لە "زانستگای تاران" و نە لە هیچ کام لە زانستگاکانی ئێران دەستنەدەکەوت سەر بەو ڕێکخراوە نەبێت و ئەندام نەبێت تیایدا !! هەر بۆیەش دوای ماوەیەك ناوی خۆی گۆڕی بە "یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران" بۆئەوەی بۆ هەموو ئێران بێت !!

**پ/تەقدیری ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەدیب چۆن بوو ؟ جموجوڵی ئەدەبی لەناویاندا چۆن چۆنی بوو؟**

و/باوەڕ بکە ئەم ڕێکخراوە بە هۆی ئەوە کە خوێندکار دروستی کردبوو " بە هۆی ئەوەش کە پێکهێنەران و دامەزرێنەرانی خۆیان ئەدیب و خوێندکار و ڕووناکبیر و زمانەوان بوون , وای لێهاتبوو باش دەستنیشانت نەدەکرد کە ئەمە ڕێکخراوێکی خوێندکاریی بە تەنێیە کە کاری سیاسی دەکات " یان کۆڕ و ئەنجومەنێکی ئەدەبیی کوردییە ؟! ئەم دووەی وا تێکهەڵکێش کردبوو لەگەڵ یەکتردا نەدەناسرانەوە (ئێستا جێگای باسکردنی نییە !) بەلام ئەوە گرنگیی ئەدەب و زمان لە هێشتنەوە و ڕاگرتنی بوونی نەتەوایەتیی کورد نیشان دەدا.. زمان هەمیشە ئەو فاکتەرە گرنگە بووە کە بە درێژایی مێژووی ئێمە توانیویەتی بوونی نەتەوەیی بپارێزێت !

باسەکە درێژە ... با بچمەوە سەر ئەو بەشە کە پاش ئەم یەك دوو شیعرەی "عەلی" وردە وردە کۆڕەکە زیادی کرد " ساڵی پێچوو "سوارە"ش هات بۆ تاران " ئەمجا کۆڕەکەمان دەوڵەمەندتر و گفتوگۆکانیشمان گەرم و گوڕتر بوون ... "فاتیح" جیاوازیی لەگەڵ زۆریان ئەوەبوو کە بە تەنیا شاعیر نەبوو , ئەدیبیش بوو !

**پ/ (بۆ نموونە) چیرۆکی دەنووسی ؟**

و/نەخێر..! لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەدەبی کوردی باش و زۆر بوو " بەلام چیرۆکی نەدەنووسی ... کابرایەکی ئەدیب بوو .. کابرایەك بوو سەرەڕای ئەوەی کە ئەوکاتە تەمەنی کەم بوو (شتێك لە من مناڵتر بوو!)

بـەڵام کـە هاتـە نـاو کـۆڕە ئەدەبییەکـەوە , زۆر زوو (وەکـو کەسـێکی دەرەوەی ناوچەی موکریان !) گەشەی کرد ...

**پ/کاك سەلاح ئەم پێداگرتنە لەسەر ناوی "فاتیح" , یان لەسەر ناوی دیکە" سەندنەوەی ئەو ئیعتیبارە نییە لە "سوارە" و گێڕانەوەی بۆ ئەو کەسـانەی کـە لـە ئەسڵدا خۆیان خاوەنی ئەو ئیعتیبارەن ؟!**

و/نــا .. ئەمــە بەخــشینی زانیارییەکــە بــەو کەســەی کــە ئــەم زانیارییانـەی نییـە ! گێڕانـەوەی مێـژوو بـەو جـۆرەی کـە واقعـەن بـووە ئەرکێکی سەرشانی منە !ڕەنگە ئێستا تۆ نەزانی ,  یا خـەڵکێك نـەزانێ کە "فاتیح" لە هەرە ئەو کەسانەیە کە من  لەبواری سیاسەتدا بەوپـەڕی توندی ڕەخنەم لەسەری هەیە و لـە دوو تـەوەری زۆر لێك جیـاواز و زۆر دژ بە یەکتردا ڕاوەستاوین : لەسەر سیاسەت , لەسەر مەسەلەی میللی, لەســـەر دواڕۆژی گـــەلی کـــورد و لێکۆڵینـــەوە لەســـەر بزوتنـــەوەی ڕزگاریخوازیی کورد !!  "فاتیح" خاوەنی ئەو قسەیەیە کە (بەداخـەوە!) دەڵێ :– هیچ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی کوردی , لە هیچ دەورەیـەك لە زەماندا , هیچ حەقانییەتێکی نەبووە " هیچ پێشکەوتنخوازییەکی لـە دەروونـدا نـەبووە و ئەگـەر دەبێـت بەرگرییـەکی لـێ بکـرێ ، تـەنیا لەبەرئەوەیـــە کـــە داگیرکـــەرەکانی زۆر بێڕەحمانـــە گرتوویانـــە و کوشــتوویانە و لــە ڕوانگەیــەکی مرۆییــەوە مــرۆڤ دەبــێ بــەزەیی پێدابێتەوە..!! کەسێك وا بڵێ و بۆچوونی منیش دژ بەوە زۆر ئاشـکراو دیـارە ! لەبەرئـەوە مـن دەمـەوێ بڵێم :– هەڵوێستی سیاسیی ئێستای "فـاتیح" نابێـت دەوری گرنگـی ئـەو لـە کـۆڕ و کۆمـەڵ و ئەنجومەنـە

کوردییـــەکان لەبەرچـــاو ونکـــات " نابـــێ دەوری ئـــەو لـــە داهێنـــان و دامەزراندنی ئەو بناغە بەهێزەی کە شیعری نوێی کوردی لە کوردستان سەرئەنجام بە خۆیەوە گرت لەبیر بکات !!

سیاسەتێك لە چل پەنجا ساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەبووە و من لە دژی ڕاوەستاوم ئەویش ئەوەیە: دەوری ئەدەبی و هونەریی شاعیرێك دەبەستنەوە بە هەڵوێستە سیاسییەکەیەوە ! بۆ نموونە "گۆران" کە چووەتە ناو "حیزبی شیوعیی عێراق"ەوە ئیتر وا حیساب دەکرا کە ئەمە شاعیری "حیزبی شیوعی"یە و تەنیا شیوعییەکان بۆیان هەیە پیایدا هەڵدەن و ئەوانەی کە لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردا بوون , بەتایبەتی ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا , هەرگیز ناچنە سەر باسکردنی "گۆران" و تەعریف و پێداهەڵگوتنی !

**پ/واتە : پێت وایە بزووتنەوەی کوردی غەدری لە "گۆران" کردووە بەوەی نەیهێشتووە شۆرەت پەیدا بکات !! بەڵام هەن دەڵێن : "شێخ نووریی شێخ سالح" پێش "گۆران"یش دەکەوێت لە داهێناندا ! کەچی بەو حوکمەی کە "شێخ نووری" حیزبێکی بەتوانای وەکو "حیزبی شیوعیی ئەوسای عێراق"ی لە پشتەوە نەبووە , ناوی دەرنەکردووە !! واتە : هەن پێچەوانەی قسەی جەنابت دەکەن و دەڵێن : ئەوە "حیزبی شیوعی" بووە کە دەوری هەبووە لە گەورەکردنی ناوی "گۆران"دا !! بەهەرحاڵ من بڕواناکەم "حیزب" یان "ڕێکخراو" یان "گروپ" و "دەستەی سیاسی" بتوانن تاسەر ناوێك بخەنە ژێری ژێرەوە و یەکێکی تر بخەنە سەری سەرەوە ! زەمانە خۆی دواجار ئەم شتانە یەکلایی دەکاتەوە !**

و/جا ئێستا ئەو زەمانەیە نەگەیشتووەتە لای ئێمە !! ئێمە قسە لە ئێستا دەکەین !!

من دژی ئەو بۆچوونەم کە "حیزبی شیوعی" "گۆران"ی گەورە کردبێت ! من لەگەڵ ئەوەم "حیزبی شیوعی" "گۆران"ی بچکۆلە کردۆتەوە !! "حیزبی شیوعی" بەوە کە ناوی خۆی خستۆتە سەر ناوی "گۆران"ەوە ، مانعی ئەوە بووە "گۆران" ئەو جێگا گرنگە و ئەو مەقامە بەرزەی کە بە ڕاستی شیاویەتی لە ئەدەبی کوردیدا بگرێتەوە !! "حیزبی شیوعی" بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی لەگەڵ "حیزبی شیوعی" جیاوازن "گۆران" فەرامۆش بکەن " وازی لێ بێنن " ناوی نەبەن !!

ئەگەر نەبێتە بۆچوونێکی کاڵ و کرچ , یان بۆچوونێکی توندوتیژ (مرۆڤ لە بواری ئەدەبدا نابێ ئێجگار توندوتیژ و دابڕاوبێت !) ئەوا من بۆچوونێکم هەیە لەسەر "گۆران" :-

من دوای "نالی" لە هەموو ئەدەبی کوردیدا هیچ کەس نابینم بە قەد "گۆران" کاریگەریی لەسەر شیعری کوردی هەبووبێت ! هیچ کەس نابینم بە قەد "گۆران" مافی خۆی بێت کە ئەم پاناوکە فراوان و بەرین و قووڵە لە ئەدەبی کوردیدا بگرێتەوە .." بەڵام هیچ کەسیش نابینم بە قەد "گۆران" غەدری لێکرابێت و مافی زەوت کرابێت ! ئەمەش تازە نییە !! لە ناوەڕاستی پەنجاکان بەدواوە , بەتایبەت لە پەنجاو هەشت بەدواوە ، کە دەوری سیاسی و چالاکیی سیاسیی "گۆران" لەناو "حیزبی شیوعی"دا بە ئاشکرا پەرەی سەند " ئیتر ئەم لێکدابڕانەی

بەینی "گۆران" و بەینی باقی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ڕووی داو , وای کرد "گۆران" ئەو دەورە گرنگەی نەدرێتێ !! ڕەنگە هەندێك کەس بڵێن : (کە لەڕاستیدا ئینکارییشیان ناکەم!!) ئەم گرنگییەی "گۆران" لەبەرچاوی من , ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە ئێمە یەکەم ئاشناییمان لەگەڵ ئەدەبی نوێی کوردی لە ڕێگای "گۆران"ەوە بووە ! یان ڕەنگە پێیان وابێت : من خۆم وەکو نووسەرێك , یان لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبی , کاری زۆرم لەگەڵ شیعری "گۆران" کردووە" لەگەڵی ڕاهاتووم هەروەك چۆن برێك کەس پێیان وایە بە هۆی لێکۆڵینەوەکانم لەسەر "حاجی قادر" ئێجگار ئاوا موریدی "حاجی"م.. جا قەی چ دەکا ؟ ڕەنگە وابێت .. ڕەنگە وابێت ..بەڵام من پێم وایە وەك چۆن شیعری کلاسیکیی کوردی بە ناوی "نالی"ەوە دەناسرێ " شیعری نوێی کوردییش هەقە بەناوی "گۆران"ەوە بناسرێت " چونکە ئەو شیعری نوێی کوردیی چەسپاند و دایمەزراند و خستیە سەر ئەم ڕێچکەیە با پێش ئەو "شێخ نوریی شێخ ساڵح" کاری گەورەشی کردبێت و یەکەمین ڕچەی شکاندبێت " بەڵام خۆ هەمیشە یەکەمین ڕچەشکێن گەورەترین کەس نییە لە ناو ڕچەکەدا ....

**پ/ بەڵکو ئەو کەسە گەورەیە کە زۆرتر لەناو ڕچەکەدا دەمێنێتەوە ....؟**

و/ئەو کەسەی کە زۆرتر دەمێنێتەوە لەناو ڕچەکەدا و ئەو کەسەش کە کاری بەرزتر دەکا ئەو کەسەی کە هونەر و فەنەکەی بەرزترە ...

تا ئێستا هیچ کەس لە شیعری نوێی کوردیدا نەگەیشتۆتە ئەو هونەرە بەرزەی کە "گۆران" پێیگەیشت .. بەڵام سروشتییە کە

چاوەڕوان بین لە سی چل ساڵی کۆتاییدا , لە ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیـدا , چ لـە کوردسـتانی عێـراق و چ لـە کوردسـتانی ئـەودیودا , خـەڵکی دیکـە بـێن گەشـە بکـەن و لـە "گـۆران"یـش تێپـەڕن .. بـەڵام تەنانەت تێپەڕبوونی ئەوانیش لە "گۆران" , لە مەکانەتی "گۆران" کەم ناکاتەوە ....

جا با بچینەوە سەر شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ئێراندا ...

**پ/با من بیرت بخەمەوە کە لە کوێوە دەستپێبکەینەوە : مـن پرسـیم:- ئایـا دەتوانیت شیعری کوردی لە کوردستانی ئێرانـدا بەسـەر چـەند قۆناغـدا دابـەش بکەیت ؟**

**قۆناغی یەکەمت باسکرد کە قۆناغی "هێمن و هـەژار و خاڵـەمین و سـەید کامیل و..." ئەوانە ....**

و/کە هەموویان بە شاگردی "ئەبولحەسەنی قازی" دەناسرێن

**پ/پاش ئەوەیش شیعری "سوارە" و شیعری ئەو گروپەی کە لـە زانکۆکانـدا تەشەنە دەکات و جیٚ پێی خۆی قایم دەکات " بەڵام ئایا دەتوانی پاش ئەوانیش گروپێك یان تاقمێکی ترمان بۆ دەستنیشان بکەیت ؟**

و/هەر ئەو گروپەی کۆتایی کە شیعری نوێی کوردیی دانا، لە (٦٠و ٦١ و ٦٢) خۆی قۆناغێکی دووەمی بەسـەرهات کـە ئـیتر زیـاتر گەشـەی کـرد و پـەرەی سـەند..ئـەوە بـوو لـە ئـاخر ڕۆژەکـانی سـاڵی ١٣٤٢ ی ئێرانـی , یـان بـە دیقـەت بڵێم: لـە شـەوی نـەورۆزی ١٣٤٣ی ئێرانـی کـە دەکاتە ١٩٦٤ خەڵکێکی زۆر گیران " ئەوانـەی کـە گیران هـەموویان ئـەو

کەسانە بوون کە من ناویان دەبەم و باسیان دەکەم و لە پەرەگرتن و گەشەپێدانی شیعر و ئەدەبی نوێی کوردیدا دەستیان هەبوو و دەوریان هەبوو "من نەبێت .." چونکە من ساڵ و نیوێك بەرلەوە هاتبووم بۆ ئەم کوردستانی عێراقە و پێشمەرگە بووم ... دوای ساڵ و نیوێك لە دامەزراندنی یەکێتیەکەمان پەیوەندیم کردبوو  بە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"ەوە .. ئەوکات ئێمە ئەندامێتیی ئەو حیزبەشمان وەرگرتبوو .. جا هەم لە لایەن "کۆمیتەی حیزب"ەوە , هەم لە لایەن "کۆمیتەی خوێندکاران"ەوە ، منیان نارد بۆ کوردستانی عێراق " لەبەر ئەوە من لە گیرانەکەدا بەشداریی ئەو هاوڕێیانەم نەکرد.." بەڵام کاتێك دوای سێ ساڵ مانەوە لە کوردستانی عێراق گەڕامەوە بۆ کوردستانی ئێران و, گەڕامەوە بۆ نێو کۆڕە ئەدەبییەکان ، گەڕامەوە بۆ زانکۆش ، بۆ تەواوکردنی خوێندنە نیوەچڵەکەم، ئیتر ئەوانیش لە زیندان هاتبوونە دەرێ و گەڕابوونەوە بۆ زانکۆ و بۆ تەواوکردنی خوێندنە نیوەوناچڵەکەیان... ئەوسا ئیدی ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان پەیدا کردبوو (دیارە کە دەڵێم زۆر , لە چاو خۆمان " لە چاو ئەوساش) , گیرانمان دیبوو، زیندانمان دیبوو، هەڵهاتنمان دیبوو، کوردستانی عێراقمان دیبوو... من هەڵگری ئەو بۆچوون و بیروڕایە بووم کە لە کوردستانی عێراق پەیدام کردبوو لەسەر چۆنییەتی شۆڕش و ڕەوابوون یان ڕەوا نەبوون و باڵەکانی ... هەموو ئەو بیروبۆچوونانەم لەگەڵ خۆم هێنابۆوە بۆ "زانکۆی تاران" ..ئەوانیش بۆچوونەکانی ناو زیندانیان هێنابۆوە ...

**پ/ئەی لەسەر شیعر هیچت نەبردبۆوە بۆ ئەوان؟**

و/مـن لەسـەر شـیعر هـەر ئـەوەم بـردەوە کـە تـۆ ئێـستا ئامـاژەت پێکـرد... کـە گەیـشتمەوە پـێم گـوتن:- ئـەو جـۆرەی ئێمـە ئـاوا بـە خۆشەویـستی سـەیری "گـۆران" دەکـەین " ئـاوا بـە بـەرزی سـەیری دەکـەین " لـە کوردسـتانی عێـراق سیاسـەت نەیهێشتووە ئـەو بـەرزی و مەکانەتەی هەبێت ....

**پ/کێ بوون ئەوانەی ئەوکات غەدریان لە "گۆران" دەکرد ؟**

و/ئـەوکات بـە پلـەی یەکـەم " بزوتنـەوەی میللـی و ڕزگـاریخوازیی کورد" کە "پارتی" سەرکردایەتیی دەکرد ...!

**پ/کێیان قوت کردبۆوە لە بەرامبەر گۆراندا ؟! خۆ دەبێ بـۆ سـەرکوتکردنی کەسێك ، کەسێکت هەبێت لە بەرامبەریدا ڕابگری یان بەرزی بکەیتەوە ...!**

و/زۆر کەسـیان هـەبوو ...! بـەڵام بـە پلـەی یەکـەم "کامەران موکری"...!!

**پ/ "کامەران موکری"ان بەرزکردبۆوە ؟!**

و/بەڵێ ...!

گەڕانـەوە بـۆ تـاران و .." جـارێکی دیکـە سـەربەیەکەوەنان ، هـەم بەرهەمی سیاسیی دا و هەم بەرهەمی ئەدەبی .. بەرهەمە سیاسییەکەی ئـەوەبوو : ئێمـە جـارێکی دیکـە قەناعـەتمان پەیـداکرد کـە دەبـێ ئـەم کۆمەڵەیـەی خۆمـان دامەزرێنینـەوە " بـەڵام زەمانـە گـۆڕاوە , بـیری نەتەوایـەتی ناتوانـێ بەتـەنیا لـەم سـەردەمەدا کـورد ڕزگـار بکـات .... لەبەرئـەوە هـەموومان بـەو قەناعەتـە گەیـشتبووین کـە ئـەم بـیرە

نەتەوایەتییە ڕزگاریخوازییەی کورد, دەبێ موتوربە بکرێ بە بیری چەپ...ئێمە هەموومان کەوتینە سەر موتالآیەکی (دەتوانم بڵێم) باش و فراوان لە "ئەدەبیاتی مارکسی"دا و، دەستمان کرد بە خوێندنەوە .. قەناعەتمان پەیدا کرد کە هەر ڕێکخراوێکی تازە دەبێ لەسەر بناغەی "مارکسیزم – لینینیزم" دابمەزرێت !!

**پ/ناشێ بە تەمابوون ئەدەبەکەش هەڵبکێشن لە "بیری چەپ" و "مارکسیستی" ؟!**

و/بەڵێ " بەلآم ئەوە لەبەرئەوە نەبوو کە بڕیارمان دابێت دەبێ وا بکەین ! ئەوە لەبەرئەوە بوو باوەڕەکانمان پاڵی پێوەدەناین وابکەین ! تۆ وەختێك شیعر دەڵێیت لەسەر باوەڕی خۆت دەیڵێیت ! خۆ شیعر بۆ باوەڕی خەڵك ناڵێیت !؟ بەلآم هەوڵی ئەوەشمان دەدا کە سنووری بایەخە ئەدەبییەکان نەشێوێنین و نەیکەین بەقوربانی باوەڕە سیاسییەکە !!

بیرمە "فاتیح" شیعرێکی خۆشی گوتبوو بەنێوی "بەرخە مامز" ، "بەرخە مامز" شیعرێکی دڵدارانەی غەرامیی ئێجگار خۆش و جوان بوو، هەرایەکی ساز کرد" لەمەوە حەملەی پێ کرا کە : ئێستا چ وەختی ئەم شیعرە غەرامیەیە، لە کاتێکدا ئێمە لەو خەباتە توندوتیژەداین ؟! کۆڕێکی بۆ گیرا , لەو کۆڕەدا من زۆر بەتوندی دیفاعم لێکرد ! (ئێستاش کە پیر بووم ئەو عادەتەم هەر هەیە" وەختێك دەچمە ناو جەدەلەوە توندوتیژ قسە دەکەم " زۆر توندوتیژیش!!)..خۆشییەکەی ئەوە بوو "فاتیح" خۆی لەگەڵ

ڕەخنەگرەکان بوو" دەیگوت :- (بەڵێ کارێکی خراپم کردووە کە ئەم شیعرەم گوتووە !) .. من هەرای توندم لەسەر ئەوە بوو کە :- (نەخێر..! کارێکی چاکت کردووە و دیسان دووپاتی بکەوە و حەیفە ئەو توانا و ئامادەییەی خۆت لە بواری دڵداری و ئەوین و غەرام و هەستی ونەستی تاکەکەسی ومرۆیی خۆتدا بەکارنەبەیت!!)..خۆشییەکەی ئەوە بوو سەرەنجامیش من ئەوانم بەزاند!

**پ/ تۆ ئەو هەموو ساڵە پێش ئێستا , بەرگریت لە تاکگەرایی وخودگەرایی شاعیر کردووە لەناو شیعردا ! ئێستا سەیرە (کەم و زۆر) دەگەڕێیتەوە سەر ئەوەی کە شاعیران واز لەو زاتیەتە بهێنن و زیاتر تەرخان بن بۆ مەوزوعییەت " زیاتر تەرخان بن بۆ کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان !!**

و/ ئەگەر وابێ ئێمە لە قسەکانی پێشوومان‌دا شوێنێك هەیە کە حەتمەن لەو شوێنەدا باش لەیەکتر تێنەگەیشتووین ! من ناڵێم شاعیران باوا بن !! ناڵێم دەبێ شاعیر چ بکەن !! باسی ئەوەم کردووە کە ئەدەبی کوردی بە کام قۆناغدا تێپەڕیوە ؟ بۆ ئەم شاعیرانە وایان کردووە ؟ من ئەوەم لێکداوەتەوە کە ئەوە ناچارییان بووە !

**پ/ببوورە کاك سەلاح .... ساڵانی گەڕانەوەتان بۆ زانکۆکانی ئێران (تۆ لە کوردستانی عێراقەوە و هاوڕێکانیشت لە زیندانەوە !) ساڵانی "قۆناغی دووەم"ی گروپەکەی" تۆ" و "سوارە" و "فاتیح" و "عەلی حەسەنیانی"یە ؟**

و/بەڵی "قۆناغی دووەم"یەتی " بەڵام قۆناغێکە جیاوازیی کەم نەبوو لەگەڵ "قۆناغی یەکەم".. ئێمە " دوای گەڕانەوەی من لە کوردستانی

عێراق و, دوای گەڕانەوەی برادەران لە زیندان , لەڕووی سیاسییەوە جارێکی دیکە خۆمان ڕێکخستەوە ! بەلاّم وەکو هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی کە دابڕانی بەسەردا دێت و جارێکی دیکە یەکتر دەگرێتەوە ، مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی جاری پێشوو لەگەلْ بوون بۆ جاری دووەمیش لەگەلْ بووبن ..ئێمە هەم بڕێك خەلْکمان لێ جودا بۆوە، هەم بڕێك خەلْکی تازەمان زیادی کرد" لەوانەی کە جودا بوونەوە , یان گەرم و گوڕیەکەی جارانیان نەما "عەلی حەسەنیانی ، عەزیزی ژیان" ... لەوانەش کە لە "دەوری یەکەم"دا لەگەلْمان نەبوون (چونکە مندالْ بوون!!) و پاشان هاتنە ڕیزەوە : "موسلیحی شێخ ئەلئیلاسمی _ برای فاتیح" ( وەکو لێکۆلْەر هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئەدەبدا!)، "عەبدوللاّی موهتەدی" , "ئەمیری حەسەن پوور" , " بایزی مەردۆخی" ... کۆڕەکەمان لەژێر باری عاتیفەو ئیحساس هاتە دەرێ ! بوار کرایەوە بۆ لێکۆلْینەوە لەسەر ئەدەب لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە، تەنانەت بوار کرایەوە بۆ لێکۆلْینەوە لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕوانگەی مەعریفییەوە ، هەروەها بۆ لێکۆلْینەوە لەسەر مێژووی کورد , شۆڕشەکانی پێشوو, هەلْەکان, تەنانەت شۆڕشی ئەیلول و هەلْەکانی .." ئەوانەمان هەموو لەبەرچاو بوو.. ڕووداوەکانی ناو شۆڕشی کوردستان و ناو مێژووی گەلی کوردمان لێکدەدایەوە و ڕەنگی دەدایەوە لەناو شیعرەکانماندا ! شیعرە مەشهورکەی "فاتیح" (شیعری/ شەوە) ڕەنگە زۆر کەس نەزانن یان تا ئێستا باس نەکرابێت" ئەمە باسێکی شۆڕشی ئەیلولە ، کە دەلْی:- ( لەپێشدا دەنگێکی زۆر

خۆش دەهاتە بەرگویم , پیم وابوو ئەمە دەنگی باڵندەیەکە کە شەو دەخوێنێ و مژدەی هاتنی بەیانی دەدا " دەنگی کەسێکە کە بە ناو لێڕەوار و جەنگەڵدا تێدەپەڕێ و دارودرەخت دەبڕێ بۆئەوەی ڕێگا بکاتەوە و مژدە ببات بۆ هاوڕێکانی " یان دەنگی ئاوی کانییەکە کە دەڕژێتە سەر خیزە وردەکان و لە دڵ کاری دەکا !! بەڵام وردە وردە کە ئەم دەنگە نزیك بۆوە , لێی حاڵی بووم کە نەخێر ئەمە شەقژنێکی تاڵە!! پڕی کردم لە وەحشەت " پڕی کردم لە ترس و بە چاوێکی پڕ لە خۆف و ترسەوە سەیری ئێستا و داهاتووی خۆمانم کرد " ئەمجا لێم بوو بە "شەوە"یەك .." ئێستا منی وەکو مناڵێك لە باوەشی خۆیدا گرتووە و خەریکە دەمخنکێنێ !!) ... شیعری "شەوە" ئەو حاڵەتە دەگێڕێتەوە ... بەڵام دیارە ئەوکات پێمان باش نەبوو ئەم شەرحەی لەسەر بدرێ !! پێمان وابوو خۆشیەکەی لە ڕەمزییەتەکەیدایە " لە ناوەرۆکەکەیدایە " لەناوە داپۆشراوەکەیدایە !

هەروەها شیعرەکەی "سوارە" (خەوە بەردینە) ... باسی هەموو ڕابردووەکان دەکا کە (چۆن ئاوێك خەریکە لە دەروونی کێوێکەوە، لە دڵی کێوێکەوە دێتە دەرێ .. ئەم ئاوە چەندە خۆشەویستە ! هەموومان چاوەڕێی هاتنی دەکەین ! بەڵام کە دێتە دەرێ لکی زۆری لێ دەبێتەوە، بەڵام هەموو لکەکان بە ڕێگای ڕاست و ڕەوادا ناڕۆن ! هی وا هەیە سەری لێ دەشێوێ، هی وا هەیە بەلاڕێدا دەڕوا، هی وا هەیە ئیتکای بە خۆی نییە، پاڵپشتی بە دەرەوەی خۆیەتی، بەڵام لەنێو هەموو ئەوانەدا یەك "چاوگ" هەیە کە بە تەنیا ئەو شارەزای کۆسپ و کەندالی ڕێیە !)

... ئێمــە ئــەوکات پێمــان وابــوو ئــەو ڕێگایــە ئەوەیــە کــە ئێمــە دۆزیومانەتەوە ! ئەمە مانیڤێستی "سوارە" بوو کە لە واقعدا نەك هەر بۆچوونە ئەدەبییەکان ، بەڵکو بۆچوونە سیاسییەکانی سەردەمیشی بەیان دەکرد !

**پ/ "سوارە" لە (خەوە بەردینە)دا ڕۆشنتر بڵێی دەیەوێ بڵی چی ؟!**

و/ من خەیاڵم هەیە لە سەر "خەوە بەردینە" شتێك بنووسم " بەڵام تـا ئێستا سـەرقاڵی نەیهێشتووە ! سـەرقاڵی لـە لایـەك و, دژواریـی کوردسـتان لـە لایـەك و, کـاری زۆری سیاسـیش کـە ماوەیـەك پێـوەی خەریك بووم لە لایەك و, لە لایەکی ترەوە بیر لەوەش دەکەمەوە : ئایا مـن ئـەم پەردەیـە لەسـەر ئـەم بووکـە لادەم , ئـەم جوانییـەی دەمێنـێ لـە بەرچاوی خەڵك کە ئێستا هەیەتی ؟! یا لێی گەڕێم لەژێر ئەو تارایەدا خەڵك تارماییەك ببینن و خۆیان بە خەیاڵی خۆیان بیری لێ بکەنەوە کە دەبێ چەند جوان بێت ؟!

"سـوارە" لـە شـیعرەکەیدا مانیڤێستێکی بـەیان کـرد لـە بۆچـوونە سیاسییەکانی ئەم سەردەمەماندا ....

**پ/جگە لەوەی کە لە دووتوێی شیعردا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ "سوارە" دەری بڕیـوە ، ئایـا گروپـی ئێـوە لـە هـیچ کـام لـە دوو قۆناغەکـەی ژیانیـدا مانیڤێستێکی ڕۆشن و ڕاستەوخۆ و بەرچاوی دەرکرد وەك ئەوەی ڕوانگە ؟**

و/نەخێر... لە بواری سیاسیدا نا ! لە بواری ئەدەبیشدا ئێمە پێمان وابوو بەرهەمـەکان خۆیـان دەتـوانن ئـەو مانیفێستۆیە بـن ! مـن خـۆم چەندین چیرۆکی کورتم نووسی , وەکو "براڕۆ" , وەکو "کێ ڕچەی

شكاند" , وەكو "نان و فیشەك" , وەكو "بەڕێوەبەری قوتابخانە" ....
خەڵكی تریش دوای من دەستیان كرد بە نووسین، وەكو "موسڵیحی
شێخەلئیسلامی , مەحمودی مەردۆخی ..." ! جگە لەوە لێكۆڵینەوە
هەبوو لەسەر مێژووی كورد" لەسەر كاری ڕۆژهەڵاتناسی .." ئەمانە
زیاتر "ئەمیری حەسەن پوور" دەیكردن .. هەروەها "مەحمودی
مەردۆخی" دەیكردن .. ئێمە پێمان وابوو بەم كارانە بیروباوەڕێك
دەخەینە ناو جەماوەرەوە كە كوردی پێ دەناسێنیت " بزووتنەوەكانی
كوردی پێ دەناسێنێت " لەگەڵ كورد و كوردایەتیدا بیری چەپی
پێدەناسێنێت ! هەموو لەسەر ئەو شتانە سوور بووین , بەڵام بەشی
زۆری كارەكانی ئێمە لە "قۆناغی دووەم"دا دەستی پێكرد...

**پ/ئێوە لەگەڵ نەوەی پێش خۆتاندا، بەتایبەتی ئەوانەی كە بە زیندوویی مابوون و هەتا ئەو ساڵانەی كۆتایی هەر لە ژیاندا بوون، وەكو: "هێمن ، هەژار،..." بەینتان چۆن بوو ؟**

و/سەبارەت بە "هەژار"، ئەو لە "كوردستانی ئێران" نەبوو " "هەژار" ئەوكات لە "كوردستانی عێراق" بوو , لەو بزوتنەوەیە دوور بوو " نە زۆری پێ دەگەیشت، نە زۆری دەزانی، نە قسەی لەسەر دەكرد، نەخۆیشی لەم بوارە دەدا ..! بەڵام "هێمن" لەگەڵ ئەوەی كە خۆی ئەم ڕێبازەی نەگرتبووە بەر، بەڵام پشتیوانیی لێ دەكرد " پشتیوانیی لێدەكرد و پەیامی بۆ دەناردین , یارمەتیی دەداین ! دیارە جارجاریش ئەوەی دەگوت كە وا باشترە ئێوە پێوانەكانی ئەدەبی كلاسیكیی كوردی لەبەرچاو بگرن و لەم ڕێز و پێوانانە دەرنەچن !

بـەڵام بەهــەرحاڵ بـەینێکی باشمـان لەگـەڵی هــەبوو.. ئێمــەش وەکـو مامۆستایەك كە پێش ئێمە لە بواری ئەدەبی کوردیدا هەنگاوی گەورەی ناوە بەرێزەوە سەیرمان دەکرد.. بەڵام کەسمان نەچووینە سەر ئەوە کـە شێوازەکەی تەقلید بکەین و لەسەر خەتی ئەو برۆین ...

**پ/پێم باشە باس لە ئاوابوونی رۆژ و دەورانی دەستەی دووهەمی رۆشنبیری و شیعر و ئەدەب لە کوردستانی ئێراندا بکەیت!**

و/ئەم قۆناغەی کەوا من باسی دەکەم "٤" ساڵی خایاند .. لە ساڵی ١٩٦٥ەوە کە من هاتمەوە لە پێشمەرگایەتی و ئەوان هاتنەوە لە زیندان تا ساڵانی ٦٥-٦٦-٦٧ -٦٨... لە کۆتـایی یـان لـە ناوەراستی ٦٨دا جارێکی دیکە پۆلیس دەستی لێ وەشاندینەوە ... من چـوومە زینـدان !

**پ/دووبارە پەرتەوازە بوونەوە ؟!**

و/ئەم کۆمەڵەیە پەرتـەوازە بووینـەوە ... لـەم قۆناغـەدا "سـوارە" بـە تـەواوی گەشـەی کـرد و هــەموو قۆناغەکـەی خـستە ژێـر کاریگـەریی خۆیەوە ! هەموو شیعرە باشەکانی "سـوارە" , هـەروەها هـەموو شـیعرە باشەکانی "فاتیح" هی ئەم "قۆناغی دووهەم"ەن !

"سـوارە" لـە بـواری شـیعریدا دوای ماوەیـەك وای لێهـات کـە ئیـدی تـازە موونافەسـە و ململانێـی نـەکرێت !! هـەر لـە "قۆنـاغی دووهـەم"ەوە هــەمووومان بۆمــان ســەلماند کــە قۆناغەکــە لەســەر نــاوی ئــەو ســەبت دەکرێ!! ئەمە قۆناغی دووەمە ...

**پ/ "سوارە" پەیوەندیی لەگەڵ ئەدیبانی کورستانی عێراق هەبوو؟**

و/لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی من نێوە نێوە لە هەڵهاتن و خۆشاردنەوەو هاتنەوەدا بووم زۆر ئاگادار نەبووم " بەڵام دەمبیست ئەوان بڕێك لە نووسراوەکانی ناو ڕۆژنامەکانی کوردستانی عێراقیان پێ دەگەیشت ، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای هاتنەدەرەوەی من لە زیندان پاش ساڵی "٧٠" ... من یەکەمجار (وابزانم ساڵی ٧١ یان ٧٢ بوو) شیعرێکی "شێرکۆ بێکەس"م خوێندۆتەوە...ئەوە بوو گۆڤارێك کەوتبووە دەست "سوارە" .. "سوارە" ئەو شیعرەی بە من نیشان دا ! وا بزانم ئەمە ساڵی "٧٢"ە " بەڵام ئیتر لەو کاتەدا ئێمە ئەنجومەنە ئەدەبییەکەمان وەك خۆی نەمابوو .. "سوارە"ش تازە ئیتر دەوری لە شیعری کوردیدا نەمابوو !! "سوارە" دوای گیرانی من لە ٧٠ بەدواوە کەوتە ژێر چاودێری " ناچار هەم وازی لە کاری سیاسی و هەم تا ڕادەیەك وازی لە کاری ئەدەبی هێنا..!

**پ/تەندروستیی خراپ بوو ؟!**

و/تەندروستیشی هەر خراپ بوو، وەزعی مادی و بەڕێوەچوونی ژیانیشی لە هەموویان خراپتر بوو..!

**پ/وامدەزانی ئەو کە کوڕی خێزانێکی خانەدان بووە , هەرگیز پەکی لە پارە نەکەتووە !!**

و/لە هەموو ژیانیدا بە دەستەنگی و بە فەقیری ژیاوە !! باوکی "سوارە" لەگەڵ ئەوە کە لە ڕابردوودا پیاوێکی بە دەستەڵات و خاوەن موڵك بوو , بەڵام کاتێك "سوارە" گەیشتێ هیچ شتێکی نەمابوو ! براکانی خۆی یارمەتییان دەدا و دەیانژیاند ! لەبەرئەوە هیچی وای بۆ

نەدەمایەوە تا یارمەتیی "سوارە" بدات ! "سوارە" لە تاران یەکێك لە خوێندکارە هەژارەکان بوو ! بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی هەتا بڵێی دڵتەڕ بوو , پیاوێك بوو هەمیشە خەریکی ئەوین و دڵداری و حەزلێکردوویی بوو,پارەیەکی کەمیشی مابایە هەر جلوبەرگی جوانی پێ دەکڕی و خۆی دەڕازاندەوە و ڕۆژی جارێك هیچ نەبوایە دەبوو بچێ دڵدارێك ببینێ، کچێك ببینێ , بەبێ ئەوە هەڵی نەدەکرد...

لە قۆناغی دووەمدا ئەگەر نووسینی پەخشانی حیساب بکەین , چیرۆکەکانی من لەهەموویان زیاتر ناوی دەرکرد ..ئەگەر شیعریش حیساب بکەین , شیعرەکانی "سوارە" بوون بە شیعری قبوڵکراوی قۆناغی دووەم .. هەرکەسێکی دیکەش کە تازە بەرەو لای شیعر دەهات, چاوی لە شیعرەکانی "سوارە" دەکرد.. بۆیە ئیتر پاش ئەوە تا کۆتایی ئەم قۆناغە "سوارە" بوو بە شۆڕە سواری مەیدانەکە ! "سوارە" لە "٧٠"دا , پاش هەموو نەخۆشی و ناڕەحەتی و نەدارییەك ناچار بوو بچێت لە شوێنێك دابمەزرێ وەکو فەرمانبەر " بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێك کاریان بۆ کرد و یارمەتییان دا " لەوانە : (یادی بەخێر) مامۆستای شەهید "جەمیل ڕۆژبەیانی" کە خۆی ئەوکاتە لە تاران بوو و ئیشی بۆ ڕادیۆ و TVی ئێرانی دەکرد ! ئەو و کۆمەڵێکی دیکە یارمەتییان دا ، "سوارە" دامەزرا " کە دامەزرا ئیتر نەیدەوێرا زۆر پڕکێشی بکا چونکە دەترسا ئیشەکەی لەدەست بچێ !! وای لێ هات لە شیعر کەوتەوە ! وەك چۆن مریشك لە هێلکە دەکەوێت "سوارە" تازە ئیتر لە شیعر چۆوە !

له دوایین قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیی خۆیدا شیعرێکی بۆ من نارد بـۆ زینـدان ..مـن ئـەوکات حـوکمی ئیعـدام درابـووم " دوای شـەش — حـەوت مانگێـك حوکمەکـەم بـوو بـە موئەبـەد..! یـەك جـار ڕێگایـان دا چـاوپێکەوتنم هـەبێ , لـەو چـاوپێکەوتنەدا دایکـم هـات بـۆ دیـدارم.. "سـواره" شـیعرێکی دابـوو بـەو , ئـەویش لـەناو چێـشت و نانـدا شـاردبوویەوە (لـەناو یاپراخـدا) هێنـای بـۆ زینـدان !! "سـواره" ئـەو شیعرەی پێشکەش کردبوو بە من ... ئەو شیعرەیە کە دەڵی:— (من دەڵێم پەپوولەیەك فڕی بە باڵی سەوز و سورەوە !) .. تیایدا کەسێك وەڵامـی دۆسـتەکەی دەداتـەوە کـە پێـی گوتـووە : (واز بێنـە دەتگـرن و دەتکوژن ! فەرموو ئەوانەی کە ڕۆیشتن و گیران چییان بەسەرهات ؟), ئەمیش دەڵی: (من وازناهێنم ، چونکە منیش وازبێنم خۆ زەمانە واز ناهێنێ !) :

(دنیا دنیای جوانییە ، لە پەنجەرەی نیوە تاکی بومەلێڵەوە چاوم لە دیمەنی کچی بەیانییە ) !

ئەمـە ڕەنگـە ئـاخرین شـیعری "سـواره" بووبێـت کـە پـڕ بـەدڵ گوتبێتی!! لە دوایىدا "سواره" شیعرەکانی بۆ بۆنەیەك دەگوت ! یان ئارامتری دەگوت ! یا شۆڕشگێڕانە و ئاگرین نەبوو ! یا جارجار ئەگەر زەوقی هەبایە و هاوڕێکانی زۆر ڕەخنەیان لێ نەگرتایە ، شیعرێکی بە مەعشوقەکانی خۆیدا دەگوت ! بەڵام تازە نەکەوتەوە سەر ئەم شیعرە !

شـیعرێکی هەیـە "تـۆ دەریـامی" ... ماوەیـەك بـوو "سـواره"م نەدیبوو " جوابی نارد کە شیعرێکم گوتووە و لەمێژە گوتوومە و بەڵام

دەرم نەخستووە " با بۆت بنێرم !! من لە بۆکان بووم , ئەو لە تاران بوو... گەرمەی ناڕەحەتی و توندوتیژیی ئێمە بوو، وەزعمان زۆر ناخۆش بوو، خەریکی کارێکی نهێنی بووین و لەژێر چاودێریدا بووین! دیارە "سوارە" بەشدار نەبوو " "سوارە" سەری خۆی داخستبوو و لەسەر هێلکەکانی کڕکەوتبوو !! بەڵام کە ئەم شیعرەی بۆ من نارد , من بە هۆی ئەوەوە کە هەم هاوڕێ بووین و هەم ئامۆزا ..، شەڕە قسەمان هەبوو، شەڕە جنێومان هەبوو .." لەگەڵ کۆڵێك جنێو ڕاسپاردەیەکم بۆ نارد کە :- (ئەم شیعرە دوو بەشە، تۆ نیوەت لە کاتێکدا گوتووە، نیوەت لە کاتێکی تردا گوتووە !) .. دیم نیوەی ئەوەڵی شتێکی زۆر گشتی بوو" بۆ خەبات و بۆ تێکۆشان و بۆ پێداهەڵگوتن بە جوانیدا نوسرابوو.. بەڵام نیوەی دووەم , باسی "شۆڕشی کوردستانی عێراق"و باسی "حیزبی بەعس"ی دەکرد ! تێگەیشتم ئەمە لەبەر دڵی "حکومەتی ئێران" دەڵێت " چونکە ئەوکات ئێران ئەم جۆرە شیعرەی هاندەدا ! لە عێراقیشدا خەڵکیان هان دەدا کە بە خەبات لە کوردستانی ئێراندا هەڵبدا و خەڵك بە نێوی کوردستانی عێراقەوە هەندێ قسەی خۆی دەکرد ! من دەمزانی حکومەتی ئێران ئەم شیعرەی پێخۆشە , لەبەرئەوە جوابم لێگێڕایەوە گوتم : (نەڵی نەیزانی !!) .. گوتم: (ئەم شیعرە دوو بەشە .. لە دوو قۆناغی جیاوازدا گوتووتە !!) .... "سوارە" لە وەڵامدا گوتبووی : (پێی بڵێین بەو "سەگە" ! دیارە سیاسەت هێشتا زەوقی ئەدەبیی لێ تێك نەداوە ! ڕاست دەکات ئەمە دوو بەشە , بە دوو جۆر گوتوومە !!) ...

مەسەلەکەش بەمجۆرەبوو :

وەفدێکی کوردستانی عێراق , وا بزانم "دارا تۆفیق" و ئەوان بووبوون " چوو بوون بۆ ئێران .. لەوێ دەوڵەت بردبوونی ڕادیۆ و TVیان پێ نیشان بدات .. "سوارە"شیان وەکو شاعیر پێ ناساندبوون! وەفدەکە پرسیبوویان : (شیعری تازە چیت هەیە ؟) .. "سوارە" گوتبووی: (بەڵێ شیعریشم هەیە ، بەڵام هەموو لاپەڕەکانی لەلای خۆم نین , سبەینێ وەرنەوە دەتاندەمێ !) " سبەینێ ئەو شیعرەی کە کۆن گوتبووی دابوونێ و لەبەر دڵی ئەوان بەشی دووەمیشی خستبووە سەر!

**پ/ جا "سوارە" هەر بە ڕاست لەبەر ڕازیکردنی دڵی ڕژێمێك ئەو شیعرەی گوتبوو ؟!**

و/نیوەی یەکەمی شیعرەکەی : (ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتین .. فێرنەبووین بەزین و دابەزین ! ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی سوورین !) وەها نەبوو کە دەوڵەتی ئێران تەحەمولی بکات لە هیچ شەرایتێکدا !! لەبەرئەوە دەبوو ئیزافەیەکی بخاتەسەر ! کە "سوارە" "دارا تۆفیق" و ئەوانی دیبوو, بەفرسەتی زانیبوو ئەم ئیزافەیەی لەسەر بکات و شیعرەکانی پێشکەش بەوان بکات " بۆئەوەی بتوانێ نیوەی یەکەمەکەیشی بڵاوبکاتەوە !

**پ/ با لێرەدا ڕاوەستین و قۆناغی دوای ئەو قۆناغانەم بۆ باس بکەیت کە جێمانهێشتن !**

و/قۆناغی دوای ئەوە دەبێ لە خەڵکی تر بپرسیت " من ئەوەی کە بۆم گێڕایتەوە ، وەکو کەسێکم کە لەناو چیرۆکێکدا و بەڵام خۆی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە ! من لەو قۆناغەدا لەگەڵ بووم !

لە حەفتا بەدواوە تا حەفتاو نۆ , وەها خەباتی سیاسی توندوتیژ بوو لەلایەن ئێمەوە " وەها لێدان و گرتن و کوشتن توند بوو لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە " هیچ بوارێکی وا نەمایەوە بۆ کۆبوونەوەی ئەدەبی!! نەك تەنها بوار بۆ یەکتربینینەوە نەمایەوە .." بەڵکو کەس نەدەپەرژا تازە بە ئەدەبەوە خەریك بێت !! ئێمە بۆچوونێکمان هەبوو (ئایا ڕاست بووبێت یان هەڵە !) ئەوە بوو: خەباتەکە لەوە توندوتیژترە و لەوە دەستەویەخەترە بچیت لە دوورەوە سەنگەر و سێرەی لێ بگری !! (بۆتە شەڕە خەنجەر !!) ... ئێمە ئەگەر فرسەتمان هەبایە , ئەو فرسەتەمان بۆ کاری نهێنی، بۆ ڕێکخستن , بۆ تەشکیلات , بەکار دەبرد ! بڕێکمان سوور ماینەوە لەسەر کاری سیاسی، بڕێکیش سوور نەماینەوە وەکو "سوارە" ! "سوارە" خۆی لەسەر کاری سیاسی ئالودە نەکرد , دوای ئەوەش نەهات دژی قسەکانی پێشووی خۆی قسە بکات " تازە ئیتر بوار نەما بوو بۆ ئەم ڕێبازە شیعر بڵێ ! ئەگەر شیعری بۆ شتی دیکەش گوتبایە دەبوو هەموو شانازیەکانی خۆی تێك بدات ! "سوارە" ئەم شانازییەی هەیە کە ئەو کارەی نەکرد ! لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕادیۆ بوو (ڕادیۆ مەرکەزێك بوو لە ژێر چاودێریی حکومەتدا !) و تەکلیفیان لێ دەکرد شیعر بڵێت , کەچی سابت مایەوە " هیچی تری نەگوت !!

"فاتیح" کەوتە ناو کارێکی سیاسیی زۆر توندوتیژ , بواری شیعری بۆ خۆی نەهێشتەوە ! "عەلی حەسەنیانی" چوو لە "وەزارەتی ناوخۆ" بوو بە فەرمانبەر , ناردیان بۆ شوێنێك ، دوورکەوتەوە لە شیعر (ئەوەندەی من پێ بزانم!)..

ئەم قۆناغە لە دوای حەفتا کۆتایی هات ! لە حەفتا تا حەفتا و نۆ ، بە نیسبەت ئێمەوە قۆناغی خەباتی توندوتیژی سیاسی‌یە ... من لەو قۆناغی حەفتا تا حەفتاونۆیەدا سێ جار گیراوم !! سێ جار گیراوم و چوومەتە زیندان و هاتوومەتەوە ! خەڵکەکەی دیکەش کەس حاڵی لە حاڵی من باشتر نەبووە !

بەڵام ئەڵبەتە هیچ میللەتێك قسر نابێ و لە سك وزا ناکەوێ " خەڵك شتیشی گوتووە " نەسلی تازە هاتووە .." ئەم مێژووەی نەسلی تازە خودی نەسلی تازەکە دەبێ بیگێڕنەوە ... من تا کۆتایی حەفتام بۆ گێڕایتەوە ... یەك شتت لە حەفتاونۆدا بۆ ئیزافە بکەم , ئەوەیە : کە "شۆڕشی کوردی" لە کوردستانی ئێران دەستی پێکرد، نەیتوانی بەپێی پێویست خزمەتی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکات !! خەریکبوون بە کاری سیاسییەوە " خەریکبوون بە شەڕی پێشمەرگانەوە " بۆچوونێکی هەڵە لەسەر زمان کە گوایە زمان تەنها هۆی تێگەیشتن و تێگەیاندنە " نەشیاندەزانی زمان هۆی وجودی مرۆڤە " هەموو ئەوانە وای کرد کە لە حەفتاونۆوە شتێکی وەها لەبواری ئەدەب و زماندا نەکرێت کە قابیلی قسەلێکردن بێت و ئاگامان لێبێت ! بڕێك سروودی نیشتمانیی جوان جوان دەرکەوتن کە "فاتیح"

دەیگوت , "موسلیح" دەیگوت ، "ئەحمەد بازگر" دەیگوت ، "سلێمانی قاسمیانی" دەیگوت و" کەسی وەکو: "نەجمەی غولامی" , وەکو "ناسری ڕەزازی" , دەیانکرد بە سروود ! لەوانەیە بڵێم ئەمە تەنیا دەستکەوتی ئەدەبی هەموو ئەو قۆناغە بوو (کە کورد دەسەڵاتی هەبوو!!)... ئەو کاتە کە دەسەڵاتمان نەبوو " لەژێر زەخت و زۆری حکومەتدا بووین ، کاری ئەدەبیمان زۆر بوو ! بەڵام ئەوکاتەی کە دەسەڵات کەوتە دەست کورد و ڕێگا کرایەوە و ڕۆژنامە ئازاد بوو , بەرهەمێکی وام نەدیت ! یان ڕەنگە هەبووبێت و من ئاگادار نەبووبم !

**پ/ لەسەر قسەی جەنابت ئەگەر دەیەی نێوان ٦٠-٧٠ دەیەی "سوارە و فاتیح و ئێوە" بووبێت ، ئەمن پێم وایە دەیەی نێوان ٧٠-٨٠ش هەر بۆ ئەوان حساب بکەین " چونکە لەم دەیەیەشدا هیچ جموجوڵێکی ئەدەبی لە کوردستانی ئێراندا نەبووە کە شایەنی باس و مایەی دڵخۆشی بێت ! تەنانەت دەیەی نێوان ٨٠-٩٠یش من پێم وایە دەتوانین هەر بە درێژەی شکۆمەندییەکانی قۆناغی "سوارە و فاتیح و ئێوە" حیساب بکەین " بەڵام لە نەوەت بەدواوە تا ئێستا , جموجوڵێك لە ئارادا هەیە , دەتوانین ئەو قۆناغە بە قۆناغێکی سەربەخۆ حیساب بکەین (ئەگەر کەسێك ئەمەم لێ بە ئیراد نەگرێت !) ...**

و/نەخێر بەلای منەوە ڕاستە ! من ئەسڵەن ئاگادار نیم ئەم نەسلە نوێیە , لەم قۆناغە نوێیەدا , چەند ئاگاداری ئەو کارانەیە کە لە ڕابردوودا کراون ! من پێم وانییە زۆر ئاگاداربن " لەبەرئەوە باوەڕناکەم زۆر پشت ئەستوریش بن ! هەرچەند ئەگەر بەتەواوی تەواویش ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی "سوارە" نەبن , بەڵام ئەو وەکو

تارماییەکی ئێجگار گەورە و فراوان باڵی بەسەر هەموو دەیەی نەوەد بە دوای ئێستای کوردستاندا کێشاوە ! من ئەوە لە ڕووی ئەو هەموو باس و گفتوگۆ و لەسەر نوسینانەوە دەڵێم کە لە سەر "سوارە" دەکرێن ! جا بڕێکی باشی بۆچوون و بڕێکی باشی بۆ نەچوون ... زۆر جار تەعنە دەبنیم , (بەبێ ئەوەی ناوبێنن) بە ئیشارە و کینایە دەڵێن: گوایە هەر کەسێك هەیە کە دەتوانێ لەسەر "سوارە" قسە بکات بەڵام نایکات ! خۆ دەزانم بە کێی دەڵێن، بەڵام هەموو ئەو قسانە نیشان دەدا کە سێبەری "سوارە" هێشتا سێبەرێکی سەنگینە " من هەر ئەوەندە دەزانم لە ئەدەبی تازەی ئەم سەردەمە ..!

پ/ من زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم ..!

ئەگەر فرسەتی ئەوەمان هەبوو جارێکی تر قسەی دیکە بکەین و درێژە بە گفتوگۆکەمان بدەین , ئەوا تەوەری دیکە دەدۆزینەوە بۆ گفتوگۆ ! بەڵام نەوەکا ئەمە کۆتایی باس و خواس و گفتوگۆکەمان بێت ، ئەگەر قسەیەکت هەیە بۆ کۆتایی ئەم باسە , دەتوانیت بیڵێیت ....

و/ من قسەی زۆرم کردووە و تۆش کەمت نەکردووە ! لەبەرئەوە با ئەمە دواقسەمان بێت و سوپاس ...

# محەمەد ئەمین پێنجوێنی



# ئێمە مودمینی سیاسەتین !

**-بەخێرهاتنەوەتان ئەکەین بۆ کوردستان و بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

*سوپاستان ئەکەم.

**-پێم خۆشە لەم وەختەدا کە بە ئێمەت بەخشیوە گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بکەین، با سەرەتا تەوەری یەکەممان "منداڵی" بێت. دوای ئەم تەمەنە ئاوڕدانەوە بۆ منداڵی لەوانەیە تام و بۆیەکی هەبێت. با لەوێوە دەست پێبکەین.**

*بێگومان من وەکو هەموو منداڵێکی سادە قسە ئەکەم، وەکو منداڵێکی بێگوناهی ئەو سەردەمەی شاری پێنجوێن. وەك هەموو منداڵێکی بێگوناهی پێخاوسی هەژاری دونیانەدیدەی ئەو سەردەمە، منیش کە چاوم کرایەوەو هۆشم کرایەوە، بیرم لە شتەکان ئەکردەوە، ڕۆژانە چەند سەعاتێکم تەرخان کردبوو, دەچووم بۆ دەشتی پێنجوێن، بۆ سەر چەم، بۆ دەشتی "بەرباخ"، بیرم ئەکردەوە! گردێك هەیە لە پشتی "حەسەناوا"وە کە ئەکەوێتە خوارووی پێنجوێنەوە، ئەچووم بۆ سەر ئەو گردەو بیرم ئەکردەوە: من چیم؟ چۆن خولقاوم؟ ژیان چیە؟ دین چیە؟ کۆمەڵ چیە؟ نەتەوە چیە؟ لەبیرمە ڕۆژێك بەهار بوو، لە دەشتی "بەرباخ"، لەبەر هەتاوەکە ڕاکشابووم بیرم لەوە ئەکردەوە، ئایا

من لەم کۆمەڵەدا ئەبم بەچی! ئەمەویٚ چی بکەم؟ چۆن ئەتوانم شتێك بکەم؟ ئەمانە هەموو بیری ئەو سەردەمە بوون.

ژیانی ئەو سەردەمەی ئێمە زۆر سادەو ساکار بوو، زۆر ژیانێکی ئاسایی بوو. ئەچووین تەنەکەیەکمان ئەهێنا پەتێکمان تیٚئەبەستو دوو خشتمان لیٚ ئەناو پێمان ئەووت عەرەبانە، یاخود سەرە بەرمیلێکمان ئەهێناو بە تەلێکی گۆچانئاسا ئەوەمان لیٚ ئەخوڕی. یان ئێواران کۆمەڵێك گەنج کۆئەبوینەوە، کۆمەڵێك لاو کە ئەگەیشتینە تەمەنی مێردمناڵی لەسەر لیژنەدارو لەسەر سەکۆکانی بەرماڵەکان دائەنیشتینو باسی ژیانو عەشقو خۆشەویستیو کوردستانمان ئەکرد، من هەر لە مناڵیەوە عەشقی چیاو دەشتو دۆڵو گوڵ ببووم. کە ئەبوو بە بەهار, ڕووم ئەکردە دەشتی "بەرباخو حاجی شێخو کانی شەوەقەت" بە شوێن گوڵدا، ئێستاش لە بیرمە ناویان نابووم : "پەپولە" ! بەناو گوڵەکاندا دەگەڕام، باوکم ئەگەر بیویستایە بەهاران ئیشێك بکات، ئەیوت بڕۆن یان لە دەشتی "بەرباخ"ە یاخود لە "حاجی شێخ"ە لەناو گوڵەکاندا بیدۆزنەوە، یاخود چوە بۆ "شیوی تاقانە گوێز", لە گەڕەکی خۆمان " گەڕەکی بەری کەناو".

باخەکان پەرژینیان هەبوو، پڕبوون لە گوڵ، گوڵە زەردە زۆر بەناوبانگە, ئەیهێنن لێرە لە سلێمانی ئەیکەن بە حەڵواو شتی وا، لە پێنجوێن گوڵە هێرۆو گوڵە زەردە زۆرە، بەناو ئەو گوڵانەدا ئەگەڕام، ئێستاش دیمەنی ئەو گوڵە شیلانانە لەبەر چاومن، گوڵی زەردو سور. گوڵێك هەبوو نازانم بۆ پێیان ئەوت گوڵی "نانودۆبڕ" ؟! کە من

گوڵــەکانم ئەهێنایــەوە، دایکــم ئــەیوت :ئــەم گوڵــە "نــان‌ودۆبڕ"ە، مەیهێنەرەوە ماڵەوە!، گوڵێکی سپی مەیلەو پەمەیی بوو. لێم ئەپرسی بۆ ئەم گوڵە "نان‌و دۆبڕ"ە؟ بۆ ئەم گوڵە نەگبەتە؟ دیمەنی لە گوڵەکانی تر جوانترە ! من لە منداڵیمدا زۆر درێژەی نەدەینێ مامەڵەم لەگەڵ گوڵ‌و لەگەڵ تەیرو تیورو لەگەڵ سروشتدا هەر هەبووە، هەر ئەوە وای لێکردم دەست بکەم بە شیعرنوسین.

**-خولیابوونی گـوڵ دیـارە خولیـابونێکی شـاعیرانەیە، بـەڵام جگـە لـەوە چ خولیایەکی تری شاعیرانەت هەبوە کە خولیایەکی ئاسایی نەبووبێت؟**

*لەو منداڵیەدا من بە ڕاستی هـەژارم زۆر خـۆش ئەویـست، ئێمـە بـە نیسبەت ژیانی ئەوسای پێنجوێنەوە، بنەماڵەکەمان تۆزێ دەوڵەمەندو شتی وابوون، باوکم کاسبی دەکرد، بەڵام من بە تەبیعەتی حاڵ, خەڵکە هەژارەکـەم زۆر خـۆش ئەویـست، هـەر لەگـەڵ کـوڕە هەژارەکانـدا بـووم. ئێستاش لە بیرم دێت ناوی برادەرێك هەیە نایلێم، پێڵاوی نەبوو، باوکم جوتـێ کڵاشـی بـۆ سـەندبوم، ئەوەنـدە بـە حەسـرەتەوە سـەیری ئـەکرد، هەناسەی هەڵئەکێشا کە من کڵاشم هەیەو ئەو نیەتی، چوم کڵاشـەکانی خۆم دایەو چووم بە باوکم وت کڵاشەکانم ون بوە، جوتـێ کڵاشـی تـری بۆ کڕیم، برادەرێکی تر کراسێکم دایەو وتم کراسەکەیان لێ دزیـوم، ئـیتر کراس هەبوو بۆ من، ئەوەندە هەستم هەبوو گرنگـی بـدەم بـە ژیـانی ئـەو خەڵکە هـەژارە، بـۆ نمونـە لـە بیرم دێ ئەوسا ئـاوکێش هـەبوو لـە ماڵان (ژنـان ئـەهاتن پێیـان دەوتـن ئـاوکێش !) ئەچـوون بـە تەنەکـە ئاویـان بـۆ ئەهێنایین بۆ ماڵەوە، ژنێك هـەبوو ئـاوی بـۆ ئـەهێنایین، مـن هەرچـی شـتم

هەبوو ئەمدا بە منداڵەکانی ئەو، یانی ئیتر ئەو هەستەم هەبوو لەناو براو کەسەکانی ترمدا کە زیاتر پێمەوە دیاربوو، خۆشم نەمئەزانی ئەمە چییە؟ دوایی کە ئیتر کەوتمە تەمەنەوە زانیم کە ئەمە هەستێکی چینایەتیەو مەیلم بەلای ئەم چینەدا هەیە، ڕەنگە هەر ئەوەش وای لیٚکردبێتم بچمە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و چینایەتی و لەگەڵ ئەوەشدا من عەشقی چیاو دۆڵو شاخو داخو گوڵی کوردستانو سروشتی کوردستان، هەروەکو شتێ لە دڵما بوو.

-**ئەی کچو دڵداری؟!**

*وەڵلا خۆشەویستی هەبوو، بە ڕاستی لە هەندێ لە شیعرەکانیشمدا دەرئەکەوێ، لە شیعرێکدا دەڵێم:

دڵداری کۆنی ئەو چاخە

یا ڕێی کانی یا ڕێی باخە

ئێواران لەگەڵ هەندێ برادەرمدا، ئێستا ئەو برادەرانەم ڕەنگە حاجی بنو پیاوی بەتەمەن بن، یان بەرپرسو ئەمانە بن. لەبەرئەوە لەوانەیە پێیان ناخۆش بێت ناویان بڵێم، ئەچوینە ڕێگای "کانی کورە" یان ڕێگای کانیەکان، یان ڕێگای باخەکان، بۆ ئەوەی چاومان بە کچێك بکەوێت، دڵداریەکەمان بێگومان تەنها هەر شتێکی عوزری بوو، شتێکی ڕۆحی بوو، فلان کچ جوانەو ئیتر لە خەیاڵی خۆماندا هەزار تابلۆمان لەسەر ئەوە نەخشاندبوو، ئەوەش شتێکە پەیوەندیی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیەو ناتوانێ وازی لێ بهێنێ.

**-ئایا کچانی پێنجوێن وایان لیٚ نەکردویت پێنجوێنت لەوە خۆشتر بوێ کە تەنیا وەکو پێنجوێنیەك خۆشت بوێ؟**

*من پێنجوێنم بە شاخ و داخ و باخ و ئەرزو ئاوو مرۆڤیەوە خۆش دەوێ، ئەمە شتێکە لەگەڵ پەروەردەبوونمدا دروست بوە، نە ڕەگەزپەرست و نە **ناوچەپەرستیشم**، بەڵام سروشتی جوانی ئەو ناوچەیەو مرۆڤە سادەو ساکارو ساویلکەکانی ئەو شارو ناوچەیە, حەزو **خۆشەویستیەکەمی** دروست گەورە کردوە. ژیانمان هێندە ساکار بوو بە سێ چوار ماڵ یەك دەرگامان هەبوو. ئێواران کە چێشتی تاسکەبابی لێدەنراو بۆنەکەی بەو ناوەدا بڵاو دەبۆوە، ئەو ماڵەی کە ئەو چێشتەی دەکرد, بەسەر چەند ماڵێکدا دابەشی دەکردو ماڵەو ماڵ بە قاپ ئەیگێڕا. واتە هاریکاریەك و هەرەوەزیەکی سەرەتایی هەبوو، تەنانەت لە زستان و لە کاتی بەفرماڵیندا، بە جارێ دە تا پانزە گەنج و لاوو پیر کۆدەبوونەوە بۆ ماڵینی بەفری سەربانی ماڵێك. ئەم ڕۆحی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە پاکە بێ بەرژەوەندیە کە لەسەر بنچینەیەکی مرۆڤی دروست ببوو، ئەمە بوو زیاتر وای کردبوو کە من ئەو خەڵکەم زیاتر خۆش بوێ و ئێستەش هەموویان بە کەس و کاری خۆم ئەزانم و بە کردەیی ئەمەم تیا دیارە کە تا چ ئەندازەیەك ڕێزم بۆ ئەو شارەو بۆ خەڵکەکەی هەیە. ئەمجا وەرە سەیری کچە جوانەکان. بێگومان کچێك کچی شارێکی وابێت، مەعلوم ئەوە بۆ خۆی تابلۆیەکە بۆ هەتاهەتایە لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە.

**-ڕەنگە چەند جارێك لە پێنجوێن دابڕابن؟ ئایا دوای درێژترین دابڕانتان کە چەندساڵ‌و چەند مانگیان خایاندوە، هەستتان بە چی کردوە؟ بۆ نمونە لەم سەردانەوەیەتان بۆ کوردستان ئەگەر چووبیتەوە بۆ ئەوێ هەستت بەچی کردوە؟**

*دیارە من زۆرجار لە پێنجوێن دابڕاوم، بەڵام هەمیشە هەوڵی زۆرم داوەو تەنانەت سەرکێشیشم کردوە بۆئەوەی سەردانی پێنجوێن بکەمەوە، ئەمە لەوکاتانەدا کە بۆمن نەبوە بچمە پێنجوێنەوەو لەوێ قاچاخ بوم، ئەو سەرکێشییانەم بۆ ئەوە کردوە بە دیداریان شادببمەوە. بێگومان تا ماوەی دابڕانەکەشم زیاتر بووبێت ئەوە زیاتر مەیلی ئەوێم کردوە، ئەم دابڕانەی ئێستەشم حاڵەتێکی تایبەتیە، چونکە ئەو شوێنەی لێی دەژیم غەریبم لێی، واتە با بە جەستە لەوێ بم، بە ڕۆح هەر لە پێنجوێنم. لەم سەردانەشمدا کە چومەوە پێنجوێن، هەستم بە ناخۆشیەك کرد، چونکە زۆر جێگەی ئەو شارە هێشتا ئاوەدان نەبۆتەوەو شەقام‌و گەڕەکەکان تێك چون. لەگەڵ ئەوەشدا بەوە شادمان بوم کە چوومە ئەوێ‌و سەردانی "حاجی شێخ‌و بلکیان‌و بەرباخ‌و هێلانە کولاران"م کردەوەو بەو دیمەنە دڵڕفێنانەی ئەوێ شاد بوومەوە.

**-ئەی کەبابخانەو چایخانە میللیەکانی پێنجوێن؟**

*سەبارەت بە کەبابخانەکان، ئەوکاتە ئێمەی منداڵ (با کوڕە دەوڵەمەندیش بووینایە !) پارەیەکی وامان چنگ نەدەکەوت‌و زۆر حەزیشمان لە کەباب بوو، نان‌و کەبابێك بە ١٤ فلس بوو.. لەبەرئەوە لەگەڵ خۆمان نانمان ئەبردو تەنیا دە فلسی کەبابەکەمان دەداو چوار فلسی نانەکەمان نەدەدا. بە ڕاستی ئێستا هیچ کەباب‌و خواردنێك

تـامى ئـەوەى ئـەو سـەردەمە نـادات. ئـيتر نـازانم ئەمـە پەيوەنـدى بـە تەمەنەوە هەيە، يان بـە ڕاسـتى وايـەو خـواردنى ئێـستا وەك هـى جـاران نيە.

**-من بڕوام وايە تواناى چەشتن و چێژكردن توانايەكى زۆر سـيحرييە. ڕەنگـە لە هەڵشكان و گەورەبوندا ئەو توانايە كـەم بێتـەوە، واتـە لەوانەيـە تواناكـە كـەم بووبێتەوە، دەنا كەباب هەر كەبابە!**

*ڕاستە ئەوە ڕۆڵى هەيە، بەڵام ئەوەش ڕۆڵى خۆى هەيە كە ئەوكاتە گۆشـتەكە ڕاسـتەوخۆ دواى سـەربڕين، يەكـسەر گەرماوگـەرم دەكـرا بـە كـەباب، ڕەنگـە كـەبابى ئێـستا گۆشـتى ڕۆژانـى پێـشوو بێـت، ئەمـەش هەيە.

**-ناوچەى پێنجوێن بە هـۆى جێگاكەيـەوە كـە سـنوريە ڕووداوى زۆر نـاخۆش تيايدا ڕووى دەدا، وەك خەڵك كوژران و قاچاخچى كوژران و قاچاخچى ڕاونـان، هەندێجار دواى لە خەو هەستانى بەيانيان دەمانبيست كە لە مزگەوت چوار تەرمى "ولاغار"ى خەڵكى "مەريوان" يا هينى جێگـەى تـرى لێيـە. ئـەو ژيـان و كەشـە تايبەتەى پێنجوێن هەيبوە، ئايا تا چەندێ لە زەينى تۆدا ماوەتەوە؟**

*بێگومان لام ماوەتەوە، چونكە باوكى خۆم يەكێك بوو لەوانـەى كـە ئــەو مامەڵەيــەى دەكــرد. بۆيــە هەميــشەش ميوانــدار بــووين و ميوانەكانيشمان لە زۆر جێگەو شارو دێى ئەو ديوەوە دەهـاتن. ئـەوەى زۆر لـە يادەوەريمـدا جێگـەى بـۆ خـۆى داگيركردبێـت، ئـەوە بـوو كـە ئێـواران بـارى "چـا" ئامـادە دەكـرا، ئێمـەى منـداڵيان ئـەنارده سـەر كۆڵانەكان تا بزانين پۆليس هەيە يان نا، ڕێگە خۆشە يان نا؟ ئەگـەر بـێ

گرفت بوایە لە دورەوە ئیشارەتمان دەدان و ئەوانیش خێرا خۆیان و باریان دەگەیاندە "چەمی تاقانەگوێز" و لەوێوە دەردەچون. ئەمەم زۆر لەیادە کە چۆن ئێمەیان دەکردە تەتەر بۆ دەرچوون.

یادەوەریەکی زۆر سەیری تر ئەوە بوو کۆمەڵێك خەڵکی "سنە" هەبون ئەهاتن چایان لە باوکم ئەکڕی، ئەمان ئەیان وت ئێمە سەبرمان پێوە نایەت، زۆرجار لەبەر پژمەیەك بارەکەیان ئەخستەوەو نەدەڕۆیشتن. جارێکیان بیرمە کەس نەبوو بپژمێت، بزنەکەمان پژمی، بارەکەیان دانایەوەو نەکەوتنە ڕێ. ئێمەش ماڵمان زۆر قەرەباڵغ بوو جاری وا هەبوو بە ڕاستی حەزمان ئەکرد سوك بن و بارەکانیان بار بکەن و بڕۆن, چەند جار ئەمانوت ئەمە پژمەی بزن بوو هی کەس نەبوو، کەچی ئەیان وت نا.. ئێمە سەبرمان پێوە نایەت.

**-ئایا ئەم بیروباوەڕە خورافی و میللیانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەدەبیات و نووسینی تۆ هەبوە؟**

*لە نوسیندا زۆرجار پەنام بردۆتەوە بۆ فۆلکلۆر, چونکە حاڵەتی ڕۆحیی ناو کۆمەڵگای کوردیی تیایە. دیارە هەموو ئەو خورافەو بیرە میللییانەش لە بارە تایبەتیەکانی کۆمەڵگای کوردیەوە هاتونەتە ئاراوە. هەرچەند باوەڕیشم بەو شتانە نەبێت کە هەندێکیان شتی نازانستین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزم بۆیان هەیەو ڕێزم بۆ کۆمەڵەکەم هەیە.

**-ڕەنگە "گابریل گارسیا مارکیز"یش لە واقیعدا باوەڕی بەو خورافەو بیرە میللیانەی کۆمەڵی خۆی نەبێت، کەچی لە ئەدەبیاتی خۆیدا ئەرکیان پێ دەسپێرێ. منیش کە پرسیارم ئاراستە کردن، لەوێوە نالێم کە بڕواتان بەو**

**خورافاتانە هەیە، بەڵکو لەوێوەیە کە ئەرکیان پێ بسپێری لە نوسـین و ئـەدەبیاتی خۆتدا.**

*بەڵی ئەوەم کردوە، تۆ یـان هـەر کەسێکی تـر کـە شـیعرو نوسـینی منـی دیبێت بێگومان ئـەوەی بەرچاو کـەوتوە کـە ئـەرکم پـێ سـپاردون و کاریگەریی خۆیشیان هەبوە.

**-ئایا ئەتوانی لە کەیەوە عومری خـۆت لەسـەر ئـەدەبیات و نوسـین حـساب بکەیت؟**

*زۆرباش لە بیرمە کە لە ساڵی ١٩٥٧دا یەکەم شیعری خۆم نوسـی، ئەوکاتـە تەمـەنم حەڤـدە هـەژدە سـاڵ دەبـوو. بەیانیـەکی ئـەو سـاڵە بـوو باوکم بە کارێك لە "قەڵادێ" ناردمی بـۆ سـەر کانیەکـە، بەیانیـەکی زوو بـوو، کـە میوانمـان دەهـات دەهاتنـە ئـەو جێیـە، بـۆ ئـەوەی مـن لـەوێوە بەسەر شاخەکەی ئەودیودا بیان هێنمـەوە بـۆ ماڵـەوە، لـەوێ چاوەڕێی میـوان بـووم، یەکـەم شـیعرم بـۆ هـات، قەڵـەم و کاغـەزم پـێ بـوو، شیعرەکەش ناوی "کوردستان" بوو. ئەوکاتە ناردم بۆ گۆڤاری "هیوا"، وا ئـەزانم لـە "پۆسـتەی خوێنـدەواران"دا چـەند کۆپلەیـەکیان لێ بـڵاو کردبۆوە، ئەمە هاندەرێك بوو بۆ من کە من لاوێکی پێنجوێن بووم ئەوان هێندەیان لێ بڵاوکردبۆوە.

**-بێگومان بەرلەوە خەریکی شیعر خوێندنەوە هەبوویت !**

*بـەڵی، خـەریکی شـیعر خوێندنـەوە هـەبووم، بـە تایبـەتی دیـوانی "قانع" م زۆر دەخوێندەوە. هەروەها "دیـلان"و "گـۆران"و شـیعرەکانی "خیـام" کـە لـە لایـەن "شـێخ سـەلام"ەوە کرابوونـە چوارینـەی کـوردی،

زۆرینەی ئەو چوارینانەم لەبەر بووو ئێستەش زۆربەیانم لەبەر ماوە. ئەوکاتە، هەروەکو عاشقێك بۆی دەچوومە ئەو دەشتەو ئەمخوێندنەوەو لەبەرم دەکردن، دواتر کەوتمە ناو ڕۆحی "گۆران و نالی" یەوەو ئەمویست لە دەریاکانی ئەواندا مەلە بکەم.

**-ئایا ئەو ساڵانە دۆستو هاودەمو هاوتەمەنی خۆت هەبون کە هاوخولیات بن و هانت بدەن و پێکەوە بازنەیەکی ڕۆشنبیری دروست بکەن؟**

*بەڵێ.. لەو سەردەمەدا ئەوەی زۆر شیعری لا گرنگ بوو "حسێنی حاجی مەلا دڵتەڕ" بوو، ئەو هەر شتێکی دەست بکەوتایە بۆی ئەهێنامو منیش هەر شتێکم دەست بکەوتایە بۆم دەبرد، ئەویش شاعیر بوو، شیعری ئەنوسی، بێجگە لەو "بەکری حاجی سەفەر" کە ئەویش شیعری دەنوسی و بۆی دەهێناین. هەروەها ئەوانەی کە بیرم بێت شیعریان لەو کاتەدا نوسیبێت "شێخ عەلی نزارەیی" یش بوو. بێگومان شیعری ئەوکاتەی من، هەستم ئەکرد زیاتر لایەنە سیاسیەکە بەسەریدا زاڵە. شیعرەکانم بۆ دەخوێندنەوەو ئەوانیش هەروەها. بۆ مەسەلەی نوسینەوەی شیعرەکانیش "حسێنی حاجی مەلا" لە هەمومان زیاتر دەستو خەتی خۆش بوو، ئێمەش بەومان دەنوسیەوەو ناومان نابوو "چاپخانەی دڵتەڕ !!"، شیعرەکانی بە کاغەزی کۆپی بۆ دەنوسیمەوەو بڵاوی دەکردەوە. واتە "حسێنی حاجی مەلا" زۆر هاندەری من بوو. ئیتر ئەمانەی ناوم هێنان ئەوانەن کە ئێستا لەبیرمن و شیعرمان دەنوسی و بۆ یەکترمان دەخوێندەوە.

**-ئەی ڕەحمەتی (حەمەی دەروێش حەمە صاڵح) "حەمەی باخەوان" ؟**

*"حەمەی باخەوان" شاعیر بوو، ئەو لە ئێمە گەورەتر بوو، ئەو شیعری زۆر جوانی هەیە، زۆرجار ئەویش شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندینەوە. بێگومان ئێمە دیوەخانێکمان هەبوو، کە "قانع" دەهاتە پێنجوێن، باوکمان دەعوەتی دەکرد، "موفتی" ئەهاتو "ئەحمەد موختاری پێنجوێنی" کە پیاوێکی زاناو ڕێزدار بوو، ئەوانە ئەهاتنە ماڵمانو من لەوانەوە گوێم لە شیعرەکانی "سەعدیو فیردەوسی" بوە، کە دیارە ئەوان زیاتر گرنگییان بە شیعری کلاسیکی فارسی دەدا، شیعرەکانیان بە فارسی دەخوێندەوەو ڕاڤەیان دەکردو چێژێکی زۆر تایبەتی هەبوو. ئەو ڕۆشنبیرانەی ئەو سەردەمە بۆ من خوێندنگەیەك بوون، ئەوان منیان جولاندەوە، هەم بۆ سیاسەت، هەم بۆ شیعرو ئەدەبیات.

**-ئەتوانی ئەوە بڵێی کە ئەگەر باوکت ئەو توانا مادییە باشەی نەبوایەو خاوەنی ئەو متمانەیە نەبوایە، ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو تۆ "محەمەد ئەمین پێنجوێنی"ت لێ دەرنەچێ؟**

*وەکو وتم، ئەوە ڕۆڵی خۆی هەیە، ئەمەش وەنەبێت کە دیوەخانەکە هەر جێی ئەوان بوبێت، بەڵکو دیوەخانەکە وەك وێستگەیەك بو, جاری وا هەبوە پێنج شەش کەس لە دیوەخانەکەدا نوستون، دواتر هەڵئەستانو نانیان ئەخواردو ئەڕۆیشتن. زۆرینەی جار هەرچی لە "مەریوان"ەوە ئەهات ئەهاتنە ماڵی ئێمە کە بە ناوی "ماڵی حاجی ئەحاشەل" یان "ئەحمەدی حەمە خوامراد" ناسرابوو. جا لەمانیشدا مرۆڤی بەهرەمەندو سیاسیو ڕۆشنبیری ئێرانی

هەبوون. بە تایبەتی پاش کودەتای "موسەدیق" لەو کەسانە زۆر دەهاتنە ماڵی ئێمەو لەو بابەتانە زۆر دەدوانو ڕادیۆی کوردیی باکۆی ئازەربایجانیان ئەکردەوە.

ئەمانە هەمووی ڕۆڵی خۆی هەبووەو ئەوەش لەیاد نەکەم کە برا گەورەی خۆم "کاك مەحمود"، زۆر زۆر هانی ئەدام بۆ خوێندن، چونکە مـن دوای تێپەڕبوونی تەمەن , لـە "پرۆسەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری"یەوە دەستم دایە خوێندنو یەکسەر بە دوای ئەوێدا چوومە پۆلی چوارەمی سەرەتاییو لەگەڵ خوێندندا تا سێی ناوەندی ڕۆیشتم. نەمتوانی زیاتر بڕۆم, چونکە فەرمانی گرتنم دەرکرابوو کە ببومە کادێری "حیزبی شیوعی"، بەڵام دوای ئەوەش وەك دانەبڕان لە خوێندن بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوەو بەدواداچون.

جا ئێستەش حەزئەکەم وەفایەك یاد بکەمەوە" یەکەم وشە کە نوسیم لە "خوێندنی ئێوارانی نەهێشتنی نەخوێندەواری"دا بوو، کە ساڵی جارێك "شەوان" دەهاتنە ئەوێ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، یەکەم وشەم، "کاك مەحمودی برام" داوای لێکردم بنووسم "ئازادی!!"، منیش نوسیمو ئەویش "پاندانە پارکەر"ەکەی خۆی، کە زۆر لای خۆشەویست بوو، پێشکەش کردم. ئەو داوایەی کاك مەحمودم وای کرد عەشقی ئازادی ببم، کە ئازادی خۆی وشەیەکی قەدەغە بوو.

**-ئەوانە کێ بوون کە لەگەڵ تۆدا بوونو هاوڕێت بوون بۆ ناو دنیای سیاسەت؟**

*هەر لەو سەرەتای منداڵیو مێردمنداڵییەوە، کۆمەڵێکمان لە پێنجوێن دروست کرد بە ناوی "کۆمەڵی کاوە". ئەم کۆمەڵەمان

ڕێکخستنێك بوو "سیاسی" " پەیڕەوی ناوخۆمان بۆ دانابو کە ئێمە ناومان نابوو "مەرجەکانی وەرگرتن لە ڕێکخستنی کاوە"، شتی سەیرو عەنتیکەی تیابوو !!

-کێ سەردەستەی ئەم ڕێکخراوە بوو؟

*بە ڕاستی، من ڕۆڵێکی سەرەکیم هەبوو، هەروەها کاك بەکری حاجی سەفەر..

-ئەو کاتە تەمەنتان چەند ئەبوو؟

*لە نێوان حەڤدەو هەژدەو تا نۆزدەی تەمەنماندا ئەبووین. ئەندامەکانی تریش کە لە بیرم بێت، ئەحمەدی حاجی حەمەی قوربانی، شێخ عەلی، سابیری دەروێش ئەحمەد، ئەمانە وەك دەستەی دامەزرێنەر. هەروەها عومەری حەمە عەلی، ڕەفیقی ئەحەی مینە ڕەنان, جوان بیرم دێ یەکەم کۆبوونەوەمان لەسەر گردی "حەسەناوا" بوو، کە یەکەم وتار من خوێندمەوە لەژێر ناوی "خوتبەدان چ ڕۆڵێکی هەیە". هەریەکێك لە ئێمە، شانەیەکی ڕێکخراوەیی هەبو. نابێت ڕۆڵی حسێنی حاجی مەلاشمان بیر بچێت، کە ڕۆڵی چاپخانەی بۆ دەبینین لە بڵاوکراوەکانماندا. ئەوکاتە من پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی عێراقیشدا هەبوو، بۆیە ڕۆڵی باشم دەبینی. هەروەها پەیوەندیم لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی کوردستانو حیزبی شیوعیو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، ئەمیان لە ڕێگەی حەمەی ڕەشە بەحریو کاك مەحمودی برامەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات کە دەرچوو، حەمەی ڕەشە بەحری بۆی هێنام، بردم لەو

ڕێکخراوەی خۆمان بۆ برادەرانم خوێندەوە کە جێی سەرنجی هەموان بوو. هەروەها کاک مەحمودی برام وێنەیەکی خوالێخۆشبو(مستەفا بارزانی) بۆ هێنام کە لە ژێریدا نوسرابوو "ژەنەراڵ مستەفا بارزانی"، کە ئەویش لە سلێمانی لە (حیلمی عەلی شەریف)ی وەرگرتبو.

هەموو ئەم شتانەی پێم دەگەیشتن لە پێنجوێن نیشانی برادەرانم دەدانو کاریگەری خۆی هەبوو، چونکە ئامانجەکانی ئێمە کوردایەتی کردنو پاراستنی زمان بوو. لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەشدا هەمومان سوێندمان خوارد بە قورئانو بە خەنجەرو بە ئاوێستا, و لەکاتی سوێند خواردنیشدا وێنەمان گرتوە. فیلمەکەم هێنا لە سلێمانی لای وێنەگرێك بە ناوی "عوسمان"ەوە لە ستۆدیۆی یادگار کە ئەیان وت کەسێکی شیوعییەو متمانەی پێ دەکرا، وێنەکانم لا شتەوە، بەمجۆرە وێنەکان شایەتی زەمانەن بۆ ئەوەی کەس خیانەت نەکات.

**-لەگەڵ ڕێکخراوو گروپە حیزبیە جیاجیاکاندا، وەکو کەسی سەربەخۆ ئەو پەیوەندیانەت هەبوو" یان؟**

*پەیوەندیەکانم بەوانەوە، ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکو متمانەیی و جێی باوەڕپێکردن بوو کە گەنجێك بووم لە سەردەمێکی ئاوادا خەریکی بیری کوردایەتی و زمانی کوردی بووم، بە جۆرێکی وا کە قەدەغەم کردبوو برادەران وشەی ناکوردی لە ڕێکخراوەکەماندا بەکاربهێنن و ئەبوو هەموو بە کوردیەکی پاك و پەتی بدوێن و تەنانەت لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەشدا وامان دەکرد.

**-لێتان قبوڵ دەکرا؟ بە تایبەتی ئەوکاتە کە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵادەست بوو؟**

*بەڵێ هەموو لایەك و گەنجە پارتیەکانیش پێیان خۆش بوو، ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیش هەروەها، هەموو پێیان خۆش بوو، هەر یەکەشیان لای خۆیەوە ئەیویست ئەم کۆمەڵە گەنجەی ئێمە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.

**-کەسیان سەرکەوتو بوون؟**

*وەڵا ئیتر من خۆم بەرەو حیزبی کۆمۆنیست و هەندێکمان بەرەو پارتی دیموکرات کێش بووین.

**-با ئێستا تەوەری منداڵی و لاوی جێ بهێڵین، ئایا ئەو وەختە ژیانی حیزبی، یان ئەو پرەنسیپ و میکانیزمانەی لە ئارادا بوون بۆ ڕێکخستنی ژیانی حیزبی لەگەڵ هی ئێستادا چ جیاوازیەکیان هەبوو؟**

*کاری ئێمە لەو ڕێکخراوەیەدا تا شۆڕشی ١٤ی تەمموز بوو، دواتر لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا، کە (دکتۆر مەحمود سۆرانی) لە ئەحمەدئاوا هات و کۆبونەوەی پێ کردین و ئێمەش وەك گەنجی پێنجوێن چوبووینە ئەوێ، پاش ئەمە، شیوعی و پارتی تەشەنەیان کردو ئەمەش تا ڕادەیەك مایەی پەرت و بڵاوبونەوەی ئێمە بوو. ئەوەی بە لامەوە گرنگە بۆ وتن ئەوەیە" کە حیزبایەتی ئەو کاتە کارێکی زۆر پیرۆزو موقەدەس بوو، ئەو شتە بوو کە تۆ لە کردنیدا سودێکی مادیت پێ نەئەگەیشت، بەڵکو زیانت پێدەگەیشت بەڵام سودی مەعنەویت دەکرد. ئەوکاتە هەریەك لەو گەنجانە کە دەچوە ناو حیزبێکەوە، بە

ژیان و پارەو کاڵەو پێتاوی خۆیەوە دەچوە ناو حیزبەوەو بە نانی وشك و ژیانی کولەمەرگی ڕازی دەبوو لە پێناوی خەبات کردندا. واتە ژیانێکی دەروێشی و سۆفیانە بوو. سۆفیانە بە واتا گەورەکەی. خۆمان بە قەرزاری هەموو داواکانی حیزب دەزانی و تەنانەت بە هۆی حیزبەوە چونە سەر کانی و میوەدزینی ناو باخ و چونە سەر ڕێگای کچانمان واز لیّهێنا، چونکە کەسی ڕێکخراو دەبو مرۆڤێکی پاك بێت و لە هەمو ڕویەکەوە ڕەوشتی بەرز بێت. ئەمە بە تایبەتی لە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعیدا وا بوو. واتە بووینە سۆفیەك و کەوتینە ناو ئەو بزوتنەوە سیاسیەوە، هەتا دواجار هاتینە سلێمانی.

**-ئەو میکانیزمانەی ئێستا حیزبێك هەیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەندامی خۆی، زۆرن. لەوانە میکانیزمی ئابوری، کە ئەگەر گرتیەوە، ئەتوانێ هەموو شتێکت بەرامبەر بکات. لەوانەیە ئەو زەمانەی ئێوە، حیزب سادەترین میکانیزمی بە دەستەوە نەبووبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەندامی خۆی کە مەجبوری بکات وا بڕوات و وا نەڕوات. ئایا لای ئێوە تەنها ئەم دار عەسا سۆفیانەیە لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی تا ئەو ئاستە هۆگری حیزب بن. لە قسەی دەرنەچن و لە ڕێبازی لا نەدەن؟**

*باوەڕبوون بە مەسەلەکە ڕۆڵی گەورەی هەبوو، خەڵکی ئەوکاتە کە ئەو ئیشەیان دەکرد باوەڕیان پێی هەبوو. هەموو بە ئارەزووی خۆیان دەهاتنە حیزبەوە، بە هەموو هەست و بە هەموو ئیندیفاعێکی تەواوەوە ئەهاتنە ناو حیزبەکەوە، ئامادەی خۆبەختکردن بوون، ئەو قەناعەتە وەك چۆن لای هەموان جێگیر ببوو، لای ئێمەش هەروا بوو کە ماڵ و گیانمان لە پێناوی ئەو مەسەلەیەدا دابنێین، نەك بە هۆی مەسەلەکەوە

بە هەندێ ئامانجی کەسی خۆمان بگەین، هیوامان بەوە بوو بە ئامانجی ڕەوای گەلەکەمان بگەین و کارمان بۆ ئەوە دەکرد. واتا ئەو میکانیزمەی لە ئارادا بوو ئەخلاقیات و مەبادیئ بوو، بیروباوەڕو قەناعەت بوو، نەك دافعی مادی و شتی تر.

**-ئایا کە سەروەختی ئێوە حیزبایەتی هێندە سادەو ساکار بوە" ئێستاش لەمڕۆدا ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەردا هاتوەو ئاڵۆز بوە، چۆن تا ئەمڕۆ هێزو توانای ئەوەتان ماوە سیاسەت بکەن؟!**

*من لە شیعرێکدا باسی ئەوە ئەکەم کە ئێمە مودمینی سیاسەتین، بەداخەوە ئەو شیعرەم لێرە بڵاو نەکراوەتەوە. ئێستا لە تێگەیشتنی مندا سیاسەت بە واتای حیزبایەتی نایەت، بەڵکو سیاسەت ئیلتیزامە بە مەسەلەی نەتەوەوە، یاخود بە مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە، من کە ئێستا سیاسەت دەکەم، باوەڕم بە مەسەلەی میللەتی کورد هەیە، ئەم میللەتە چل ملیۆنیە کە لە داهاتوودا بگاتە ئامانجی خۆی و دەوڵەتی خۆی و کیانی خۆی و ئاڵای خۆی و نەخشەی خۆی هەبێت و ژیانی پارێزراو بێت و هەر یەکێك لە ئێمە خاوەنی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتی کوردیی خۆی بێت. من باوەڕم بەم شتانە هەیەو خۆم پەیوەست کردوە بەم مەسەلەیەوە، نەك حیزبایەتی بکەم، ئەمە ڕاستیەکە دەیڵێم کە من حیزبایەتی ناکەم و لەو کاتەوەی وازم لە حیزبی شیوعی هێناوە، حیزبایەتیم نەکردوە, بەڵام کە لەگەڵ هەندێ ڕەوتدا بووم لەوەوە بوە کە قەناعەتم وا بوە شتێك بۆ ئەم کوردە ئەکات. واتە من سیاسەت و

حیزبایەتی لێك جیا ئەكەمەوە، سیاسەت بە واتا فراوانەكەی، واتە سیاسەت ئیلتزامە بە مەسەلەی نەتەوەیەكەوە نەك بە حیزبێكەوە.

**-هەڵبەتە حیزبایەتی كردن كەناڵێك یاخود میكانیزمێكە بۆ سیاسەت كردن.**

*بەڵێ زۆر تەواوە.

**-حەز ئەكەم ئەگەر ئارەزوو بكەیت وەكو شایەتێكی زیندو لەسەر مێژووی حیزبی شیوعی عێراقی كە ئەندامیان بوویت، كەمێك بچینە ناو ئەو وردەكارییانەوە كە لیژنەی مەركەزیو قیادەی مەركەزی لێك جیائەكاتەوەو پاڵ بە لیژنەی مەركەزیەوە ئەنێت بۆ هاوپەیمانیەك لەگەڵ حكومەتی عێراقی ئەوسادا..**

*كاتێك من لە حیزبی شیوعیدا بووم، مەسئولیەتم هەبوە لە ناوچەی پێنجوێنو هەڵەبجەو سلێمانی و.. هتد، هەمیشە باوەڕی من نەزعەیەكی شۆڕشگێڕی تیا بوە، واتە وەكو فیكر باوەڕم بە گۆڕانكاری هەبوە، جا بە هەر وەسیلەیەك بێت، پێویستە گۆڕانكاری دروست بكرێت نەك چاوەڕێی ئەوە بین گۆڕانكاریەكە خۆی بێتە پێشەوە. كە قیادەی مەركەزیش دروست بوو، ئامانجمان ئەوە بوو ڕژێمی عێراق بگۆڕین، ئەویش بە زەبری چەك لە كوردستانو لە باشوری عێراقیش. ئەوە بوو وای لە من كرد بچمە ناو قیادەی مەركەزییەوە. كە چووشمە ناوی، توانیم ڕۆڵێكم هەبێت لە ڕێكخراوەكەداو پاشتر تا ماوەیەكی زۆر لە كوردستاندا كارمان كرد.

ئەبێ ئەوەیش بڵێم كە قیادەی مەركەزی بە هەڵەشەییو بە ئینفیعالو بە شێوازێكی وا هاتنە پێشەوە كە ڕاستەوخۆ بەو كەفو كوڵەوە یەكسەر بە ئامانج بگەین، لە كاتێكدا ئەو ئامانجانە دوای

چەندین ساڵ خەبات حیزبی شیوعی پێیان نەگەیشتبوو، ئەمەش وەك لینین دەڵێت "نەخۆشیی چەپڕەوی منداڵانە" بوو، ئەمە لەناو ڕێکخراوەکەو ئەقڵیەتی کادێرەکاندا زۆر ڕەنگی دایەوەو ئەم هەڵەشەیی و توندڕەوییە وای کرد کە قیادەی مەرکەزی سەری خۆی بدات بە دیوارەکەداو ئاوا پەرش و بڵاو بێتەوە. حەز ئەکەم ئەوەشتان بۆ ڕاست بکەمەوە کە قیادەی مەرکەزی وای نەکردوە باڵی لیژنەی مەرکەزی بچن بەلای حکومەتدا، نا..، ئەمان باوەڕیان وا بوو ئەبێت لەگەڵ حکومەتدا بالیسیۆنێك دروست بکەن، کە ئەو کاتە فیکرەی پەرەسەندنی ناسەرمایەداری هەبوو (تطور لا رأسمالیة)، فیکرەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هەبوو، کە سیاسەتی سۆڤیەت بوو, بەڵکو بتوانن لەم ڕێگایەوە سوسیالیزم لە عێراقدا بسەپێنن. کەسەکانی ناو قیادە، لە پێش قیادەو لە دوای قیادەش ئەمە پێڕەویان بوو، کە پێڕەوی ئێمەش بوو، بە هەرحاڵ ئاکامەکەی ڕوخان بوو.

**-بەشی ئەدیب و ڕۆشنبیر لەناو حیزبی شیوعیی ئەوساداو لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی و ڕزگاریخوازی کوردیدا چەندێك بوو؟**

*لە ڕاستیدا، زۆربەی ڕۆشنبیرو ئەدیبی عێراق بە کوردستانیشەوە، ئەو کاتە کە سەرەتا بوو (ساڵانی ١٩٥٨ و تا دەیەی شەستەکانیش) سەر بە حیزبی شیوعی بوون، یان حەزیان بە حیزبی شیوعی هەبوو. ئەمە شتێکی ئاشکرایە، واتە ڕەوتی مارکسی ئەو وەختە برەوی هەبو، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەوکاتە لە پرۆگرامەکەیاندا چەندجار ڕایانگەیاند کە سود لە بیرو باوەڕی مارکسی وەردەگرن. ئەمە

وتەی زۆر سەرکردەشیان بوو. هەر بۆ نمونە لەم ساڵانەی دواییدا کە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)دا زۆرەها شەو پێکەوە دادەنیشتین, هەمان مۆرکی پێوە دیاربوو. مەبەستم ئەوەیە کە مارکسیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا باوێکی هەبو.

**-ببورە، پێم خۆشە ئەگەر بیرت مابێ, بەناو, ناوی ئەو ئەدیبانەی ئەو کاتە بهێنی کە خەریکی سیاسەت بوون، یان ئەوانەی ڕۆڵێکیان هەبوە لە پێشخستنی پرۆسەی خەباتو سیاسەت لە کوردستاندا، بۆ نمونە مـن "حسێن عارف"ت بیر دەخەمەوە.**

*بەڵێ من خۆم لەگەڵ "حسێن عارف"دا کاری سیاسیم کردوە، بێجگە لەو دکتۆر عیزەدین، حەمەی مەلا کەریم، کە ئیشم لەگەڵ کردون. هەروەها هونەرمەندو ئەدیبی عێراقی کە یان بیری مارکسییان هەبوە یان لەگەڵ بزوتنەوەی شیوعیدا بون، وەك جەواد سەلیم، لەوانەیە ئێستا ناوەکانم نەیەتەوە یاد، بەڵام لە کوردەکانیشدا زۆر لە ڕۆشنبیرەکان یان شیوعی بوون یان سەردەمێك لەگەڵ حیزبی شیوعیدا بوون، وەك د. مارف خەزنەدار، فلان, فیسار, زۆرن کە لەوانەیە هەندێکیان پێیان ناخۆش بێت ئێستا ناویان بهێنم. زۆربەی ئەم ڕۆشنبیرو ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندانە کە زۆر جێگەیان دیارە لەناو هونەرو ئەدەبی کوردیدا یان سەر بە حیزبی شیوعی بون، یان سەردەمانێك کاریان لەگەڵ حیزبی شیوعیدا کردوە.

**-ئایا حیزبایەتی کردن بۆ ئەدیب زەربەی لە ئەدەبەکە نەئەدا؟**

*زۆرجار خەڵك دەڵێن "ئەڵبەتە منیش ڕام وایە"، کە ئەگەر ماموٚستا (ئیبراهیم ئەحمەد) خەریکی ڕۆماننوسیو چیرۆکنووسی بوایە، لەوانە بو لە (یەشار کەمال) ناودارتر بێت لە ئەدەبدا. لێرەدا حەز ئەکەم شتێکتان بیر بخەمەوە، کە شایەتیشم هەیەو (مەلا شوکرە)، لە پێنجوێن ڤیستیڤاڵی ئاشتیخوازان بو لە ساڵی ١٩٥٩دا، من شیعرێکم خوێندەوە بە ناوی "من ئینسانم"ەوە، ماموٚستا (گۆران) کە سەرۆکی هەموو کۆمیتەی ئاشتیخوازان بوو، لەویٚ بو. کە لەسەر تەختەکە هاتمە خوارەوە، بانگی کردم، ئەوکاتە من لە پێنجوێن ڕۆڵێکم هەبوو لەناو حیزبی شیوعیدا، وتی:

"تۆ هەر خەریکی شیعر بە، بەم تەمەنە لاویەوە ئەم شیعرە جوانانە ئەڵێیت"..

من کتێبخانەی حیزبم بەڕێوە دەبردو گەنجێکی خوێنگەرم بوومو کاروبارەکانی ڕێکخستنم بەڕێوە دەبردو.. هتد، بانگی کردمو وتی:

"بەم تەمەنە لاویەوە ئەو شیعرە جوانانە ئەڵێیت، باشتر وایە هەر خەریکی شیعر بیت، ئەبیت بە شاعیر".

ژمارەیەکی گۆڤاری بەیانیشی پێشکەش کردم کە بە دەستو خەتی خۆی لێی نووسی"

"بۆ شاعیری دەنگ زولاڵی پێنجوێنی" حەمەومین".

مەلا شوکریش کە بەڕێوەبەری کۆڕەکە بوو هەمان وتەی دوبارە کردەوە کە خەریکی شیعر بم لە جیاتی سیاسەت تا ون نەبم، وەکو ونیش بوم.

**-دەڵێن سیاسـەتکردنی ئێـستاتان بـە واتـا گـشتگیرەکەیەتی (لـە دەرەوەی حیزب)، بەڵام خۆ ئێستا ئەنـدامیت لـە کۆمەڵـەی نەتـەوەیی کـورددا، ئایـا ئەمـە دووبارە گەڕانەوە نیە بۆ ناو کەناڵە تەقلیدیەکەی سیاسەتکردن.**

*لە ڕاستیدا مـن زوتـر ویـستم باسـی ئەمـە بکـەم. بـە ڕاسـتی کـە مـن چـومە ئـەوروپا زیـاتر لەگـەڵ کوردەکـانی بـاکور پەیوەنـدیم زۆرتـر بـوو، هـەر لـە ڕێگـەی ئەوانیـشەوە چـومە ئـەوروپا, بـەو مەبەسـتە چـوم کـاری سیاسی و دیبلوماسی و ڕۆشنبیری بکەم، بەڵام نەك بە واتا حیزبیەکەی، ئیتر کە چوینە ئەوێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵـە سیاسـەتمەدارو پەرلـەمانتارەی کـوردی بـاکور کـە هاتبونـە ئـەوێ، پەرلـەمانی کوردسـتانی دەرەوەی وڵاتمان دامەزراند, منیش یەکێك لە دەستەی دامەزرێنـەرو لـە دەسـتەی خاوەن بیرۆکەی ئەو پەرلەمانە بوم. نیازمان وابو حکومەتێکی کوردیش لە مەنفا دروست بکەین و بەمەش ئەو پەرلەمانە دروست بوو کە خۆم لە دەستەی بەڕێوەبەران بوم و یەکێك بوم لە دەستەی پێڕەو دانان و دانانی پرۆگرامی ناوخۆ.

جا لە کاتی دانانی ئەم پەیڕەوو پرۆگرامەدا نوکتەیەك لێـی ڕوودام، ژمارەیەك بووین، کوردی باشور هەر من بووم، ئەوانی تر کوردی بـاکور بون، مەرجەکانی بوون بە ئەندام باس ئەکرا (کە لە هەموو پەرلەمانێکدا هەیـە)، یـەکێك لـەو خاڵانـەی مـن ئەمویـست بیڵـێم ئـەوە بـوو کـە ئـەو کەسەی دەیەوێ ببێت بـە ئەنـدام پەرلـەمان پێویـستە (کامـل ئەهلیـەتی) هەبێت کە ئەمـە خـۆی ڕسـتەیەکی عەرەبیـەو ئەمویـست ئـەوە بڵـێم: ئـەو کەسـە پێویـستە ئەهلیـەتی تـەواو بێـت، بـەڵام لای برادەرەکـانم وشـەی

"ئەهلیەت" واتایەکی تری هەبوو کە "مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕین"ە، کە پێم لەسەر ئەمە دادەگرت ئەوان زۆریان لا سەیر بوو کە ئەندام پەرلەمان پێویستە (مۆڵەتی ئۆتۆمبیل لێخوڕین)ی هەبێت، هەرچەندیشم کرد نەمتوانی وشەیەکی کوردی بۆ "ئەهلیەت" بدۆزمەوە، ئەمە وای کرد کۆبوونەوەکەمان بۆ ڕۆژی دواتر دوا بخەین بە هۆی ئەو موناقەشە گەرمەی کە لەسەر ئەو وشەیە ڕوویدا. من دواتر تێگەیشتم کە ئەهلیەت لای ئەوان "مۆڵەتی شۆفێری"ە.

دێمەوە سەر باسەکە، ناتوانین بڵێین ئەمە گەڕانەوەیە بۆ کەناڵە تەقلیدیەکە، چونکە ئێمە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کارکردنماندا کوردمان بە زۆر جێگە ناساند، هەر کۆبونەوەیەکمان لە وڵاتێکدا دەکرد، بۆ نمونە یەکێکمان لە ڕۆما لە پەرلەمانی ڕۆما کرد، یەکێکی ترمان لە پەرلەمانی ڕوسیاو یەکێك لە پەرلەمانی دانیمارکو لە هۆڵەنداو بەلجیکاو بەم شێوەیە. ڕەنگە هەندێ لەو حکومەتانەش پێیان ناخۆش بووبێت کە ئەچوینە هۆڵەکانیانەوە. بۆیە پەرلەمانتارەکانیان هەوڵیان بۆ دەدا ین شوێنی ترمان بۆ دابین بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە لە هەندێکیاندا بە ڕەسمی دەچوینە هۆڵەکانیانەوە. جا ئەم کۆبونەوانەشمان ئەبوە هۆی ناکۆکی نێوان حکومەتی تورکیاو ئەو وڵاتە، بۆیە حکومەتی تورکی پرۆتیستیۆیەکی ئەکردو ئەوان وەڵامیان دەدانەوە، وەزیری خاریجی هەردوولا قسەیان دەکردو بەمجۆرە ئەو ڕۆژی کۆبوونەوانە دەنگی دەدایەوەو میدیاکان باسیان دەکردو مەسەلەی کورد جارێکی تر ئەهاتەوە ئاراو باسی کوردو میژوی کوردو

خەباتی کوردو بزوتنەوەکانی کورد لە کەناڵەکانەوە دەبیستراییەوە. بە هۆی ئەمەوە خەڵکانێکی زۆر بە مەسەلەی کورد ئاشنا ئەبون، جگە لەوەی کە بە مۆڵەتی ڕەسمی زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ڕوسیاو تەنانەت ژاپۆن‌و وڵاتە عەرەبیەکان ئەگەڕاین. هەر بۆ نمونە بەناوی ئەنیستیتۆوە چوینە لای "پەترۆس گالی" کە ئەوکاتە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتوەکان بو، ئەمەش بوە هۆی کێشەیەکی گەورەی نێوان تورکیاو نەتەوە یەکگرتوەکان‌و تورکیا هەڕەشەی دەستکێشانەوەی لە نەتەوە یەکگرتوەکان کردبو.

لە بۆنەیەکی تردا چوینە لای "پاپای ڤاتیکان"، لەو سەردانەماندا من بەرگی کوردیم پۆشیبو، ئەم سەردانەشمان دەنگێکی گەورەی دایەوە. هەروەها چوینە لای پەرلەمانی ئەوروپاو هەمو دام‌و دەزگاکانی پەرلەمانی ئەوروپا.

واتە ئەو چوار ساڵی کارەمان، تا ڕادەیەك، ناڵێم زۆر، ڕۆڵی خۆی هەبوو کە ئامانجیشمان هەر ئەوەیە مەسەلەی کورد لە مەسەلەیەکی ئینسانیەوە بگۆڕین بە مەسەلەیەکی سیاسی‌و چل ملیۆن خەڵکی کورد چارەی سیاسی دەوێ نەك ئینسانی.

**-واتە لە ئەوەڵەوە تا ئێستا، بە گوێی وتەکەی مامۆستا گۆرانت نەکردوە کە شیعر بنوسی‌و سیاسەت نەکەیت، من پێم وایە تا سەر لەناو سیاسەتدا بمێننەوە.**

*بەڵێ.. بە داخەوە بە قسەم نەکردوە..

پاش ئەمە، کۆنگرەی نەتەوەییمان دامەزراند. کە لە خولی یەکەمیدا دوو حیزبی گەورەی تیابوو، (پ,ك,ك) و (ی,ن,ك). پاشتر جگە لەمان نزیکەی یانزە گروپ و حیزبی بچوك بچوك هاتنە ناوەوە.

**-ئەم کۆنگرەی نەتەوەی کوردە لە چەند گروپ پێکهاتبو؟ ئایا گروپەکان بە پێی رێکخستنی حیزبی دابەش بون؟**

*حیزبی زەحمەتکێشان چوار ئەندامیان هەبو، حیزبی سوسیالیست کە ئێستەش ئەندامن چوار ئەندامیان هەبوو., یەکێتی دیموکراتیان سێ ئەندامی هەیە، (ی,ن,ك) ٢٥ تا ٣٠ ئەندامی هەبو جگە لە دۆستەکانی، زۆربەی رۆشنبیرەکانی ئەوروپا دۆستی یەکێتی بوون.

**-تۆ ئەندامی کام گروپیانیت؟**

*من بێلایەنم، بەلام لەسەر (پ,ك,ك) حساب کرام، بەلام بە راستی بێلایەنم و چونکە لە رێکخراودا نیم و هەرچی ئەندامی (پ,ك,ك) یشە بە ئاشکرا ناوی خۆیان لەسەر (پ,ك,ك) حساب کرد. لەناو ئەندامانندا کەسێتی گەورەی تیابو، وەك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر مەحمود، نوری تاڵەبانی، کەسێتی کوردەکانی ئێران، وەك حاجی ئەحمەدی سەلیم بابان زادە، ئەردەلانیی کە ئەمانە ئێستاش لە کۆنگرەدا ماونەتەوە، هەروەها لە کوردی سوریا زۆر کەسی تیایە کە ئەوانیش سەر بە دوو سێ حیزبن: حیزبی سوسیالیستی کوردی سوریا، حیزبی یەساری کوردی سوریا، کە ئێستەش ئەمانە لە کۆنگرەدا ماون, بەلام ئەندامانی ی. ن. ك لە دوای شەڕی ی. ن. ك و پ.

ك. ك كشانەوە. هەندێ لە دۆستەكانیشیان كارەكانیان لەناو كۆنگرەدا وەستاند. وەلێ ئێستا چەند گروپ و حیزبێكی تیا هەیە، بۆ نمونە لە كوردستانی عێراق سوسیالیست و زەحمەتكێشان و دیموكراتیخوازان و حیزبی پارێزگاران، كە تا ئێستاش لە كۆنگرەدا ماون.. سەرۆكەكانیشیان ئەندامن و دێن لە كۆنگرەدا بەشدار دەبن. ئامانجی كۆنگرەش، بە كوردی ناساندنی مەسەلەی كوردە بە جیهان، كردنی مەسەلەی كورد لە مرۆڤیەوە بە سیاسییە.

بێگومان من نالێم ئەم كۆنگرەیە تەمسیلی هەمو نەتەوەی كورد دەكات و ڕێشی تێناچێت لەم قۆناغە مێژوییەی ئێستای مەسەلەی كورددا كۆنگرەیەكی وا دروست بكرێت كە تەمسیلی هەمو مەسەلەی كورد بكات. ڕاستە برادەرانی پ. ك. ك زۆرن و ڕۆڵی خۆیان هەیە، هۆكەشی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە كە ئۆرگانیزەو مەسرەفی چالاكیەكان (پ. ك. ك) ڕێكی دەخات.. كۆكردنەوەی ٢٥٠ هەزار كەس لە پایتەختێكی ئەوروپیدا كە هەریەكەو لە ولاتێكەوە بهێنرێت، هەروا ئاسان نیە. لە بیرمە دكتۆر مەحمود وتی: شتێكی سروشتیە پ.ك.ك نفوزی هێندە زیاد بكات، چونكە ئەو هەموو مەسرەفە ئەكەن. ئەگەر كارێكی وا لە سلێمانی بكرێت نفوزی ی. ن. ك زیاتر دەبێت و ئەگەر لە هەولێر بكرێت نفوزی پ. د. ك زیاتر دەبێت و بەمشێوەیە" وتیشی: هەبوونی شتێكی وا لە هیچ باشترە.. من خۆیشم باوەڕم وایە هەبوونی شتێكی وەها لە هیچ باشترە، شتێكی خۆشە بتوانی لە پایتەختێكی ئەوروپیدا ٣٠٠ كورد لە ولاتی جیاجیاوە بە كوردستانیشەوە كۆ

بکەیتــەوە. بـۆ نمونـە ڕوسـیاو قـەفقازیاو ئازەربایجـان و ئەرمەنـستان و عێـراق و ئێـران و تـا کوردەکـانی دانیـشتوی ئـەوروپاو ئەمـەریکا، وەك کۆمەڵی KNC دکتـۆر نەجمـەدین و ئەسعەد خێلانی و سامان شاڵی کە هەمویان ئەندامن لە کۆنگرەی نەتەوەیی لـەوێ، دێن و باسـی کۆنگرەی خۆیـان لـەوێ دەکـەن و ئێمـە باسـی ئـەمان دەکـەین، واتـە موناقەشـە دروست دەبێت و کۆنفراسات دەگیرێت.

**-ببورە لەوەی مەجبورم بۆ نـاو ئـەدەب ڕاتـان بکێـشمەوە. مـن خـۆم وەك ئەدیبێکی سیاسی سەیرت ئەکەم، ئایا تۆ خۆت سیاسیەکی ئەدیبیت یان ئەدیبێکی سیاسیت؟**

*لـە ڕاسـتیدا مـن خـۆم بـە ئـەدیبێکی سیاسـی دەزانم، وە خۆشـم بـە شاعیرێکی سیاسی دەزانم.

**-ئەدەبێك کە هی ئەدیبێکی سیاسیە, لەگەڵ ئەدەبێك کـە هـی سیاسـیەکی ئەدیبە, لەگەڵ ئەدەبی ئەدیبێکی دەرەوەی ئەو دوانەدا، چ جیاوازیـەکی هەیـە؟ ئایا تۆ ئەتوانی جیاوازی نێوان ئەم سیانە بکەیت ئەگەر بە هێڵێکی کاڵیش بوە؟**

*ئـەو کەسـەی ژیـانی لـە سیاسـەتدا خـەرج کردبێـت، بێگومـان سیاسەت لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگێك ئەداتەوە و لە نوسینەکانیدا لایـەنی سیاسـی زاڵ دەبێـت، مـن ئـەوە لـە بەرهەمـەکانی خۆمـدا، چ شـیعر چ چیرۆك، هەست پێ‌دەکەم.

لای ئەدیبێك کە لە سیاسەتەوە دوور بێت و حیزبایـەتی نـەکردبێت، کـە بـاوەڕ ناکـەم ئـەدیبی کـورد هـەبێت سیاسـەتی نـەکردبێت، لەوانەیـە لایەنە ئینسانیەکە زاڵ بێت، لەوانەشە لای ئەدیبێکی دور لـە سیاسـەت

لایـەنی ڕۆحـی یـان جوانکـاریو ئیـستاتیکا زاڵ بێـتو ڕەنـگ بداتـەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەدەبی سیاسی ناتوانێ وەك ئـەدەبی دوور لە سیاسەت بێت، چونکە کاری ئەدەبیی ئەدیبی سیاسـی هەیـە کـە زۆر گەورەیە. بە گشتی لایەنی سیاسیو ئایدۆلۆژی لای سیاسیەکان زاڵـەو لایەنی ڕۆحیو جوانکاریش لای ئەدیبانی تر زیاتر ڕەنگ ئەداتەوە.

**-لە گەرمەی کۆششی تۆ لەناو حیزبی شـیوعی عێراقـدا، یـان بـا بڵـێین لـە پەرینەوە بە تەجروبەیەکی ئاوهادا، دواجار دێتەوەو بـە هەسـتێکی ناسیونالیـستی دەنوسی. ئایا ئەم هەمانگییەت چۆنی کردوە لە نێوان فیکرێکی مارکسیـستیو ڕۆحیەتێکی ناسیونالیستیدا؟**

*شـتێك هەیـە پێـی ئـەوترێ کـارو کاردانـەوە، پـێش ئەمـەش حـەز ئەکەم ئەوە بڵێم کە مارکس وتەنی: مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسە، چونکە بیر ئەکاتەوە. کەوابو لەبەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسیەو بیرئەکاتەوە، لەوانەیە لایەنە سیاسیەکە زاڵ بێت بەسەر لایەنەکانی تریدا، منیش کـە لە بیرێکی چینایەتیەوە هـاتوم و، وەکو پێشم وتـن، هـەر لـە منداڵیـەوە ئەو چینەم خۆش ویستوەو ئێستاش هەر خۆشم دەوێ، دەبـێ سیاسـی بم.. کـە دەنوسـم "گـڵ دەبێـت بـە هیمۆگڵـۆبین" ئەمـەم لـە وەختێکـدا نوسـیوە کـە گڵـی کوردسـتان ئەسـوتێنرا، خـاکی کوردسـتان دائەبێـژراو مرۆڤی کورد بێسەرو شـوێنو ئـەنفال ئەکرا. لەوانەشـە مـن بـە حـوکمی پلەوپایە ئاگام لە زۆر شت بووبێ کە خەڵك ئاگای لێ نەبوە. من ئاگام لە زۆر شت بوو کە ئێوەی گەنج وەکو بیستن ئەتان بیست.

ئەم کارە کاردانەوەیەکی وای لا دروست کردم کە بنووسم "ئەبێت منداڵەکان قوڕ بخۆن‌و بە قوڕ دەم‌و چاو بشۆن، بۆئەوەی خۆشەویستی ئەم خاکە لە دڵیانداو لەناو هیمۆگلۆبینیاندا گەورەبێت. وام لێهاتبوو، ئەمویست هەموو منداڵێکی کورد ئاوها پەروەردە بێت. لە ناخمدا ڕقێکی پیرۆز دروست ببو، ئێستەیش بەرامبەر بەو کارانەی ئەنفال‌و گوند سوتاندن‌و کردنی وڵات بە وڵاتێکی ترو کردنی میللەتەکەی بە میللەتێکی تر، ئەمانە هەمووی کە لە نزیکەوە ئاگام لێیان بوو، هەمان کاردانەوەم هەیە.

**-بە گشتی هەست بەوە ئەکەم کە ئەم بازدانە لە شیوعیەت‌و مارکسیزمەوە بۆ ناو ئایدیایەکی تر کە تەواو پێچەوانەیەتی، بازدانێکی خێرا نەبوە، بەڵام دیسان هی ئەوەشە پرسیاری لە بارەوە بکەین.**

*حەز ئەکەم ئەوە بڵێم کە ئەو شتە لای من (نێواندژی/ تناقض)ی تیا نیە، چونکە لای کەسی مارکسیست زەویش‌و مرۆڤیش پیرۆزن. لەلای کەسی نیشتمانپەروەرو خاوەن بیری وڵاتپارێزیش هەمان شێوە زەوی‌و مرۆڤەکەی سەری پیرۆزن. واتە ئەمە نێواندژیی تێدا نیە کە مارکسیست جاڕی دژی زوڵم ئەدات. با نەکەوینە ناو وت‌و وێژی ئەوەی فلان ڕوخاو فیسار وای کرد" من وەکو بیرو فەلسەفە بیر لە مارکسیەت دەکەمەوە نەك وەك پراکتیزە بوونی. لەوانەیە هەندێ شت هەبێت کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا نەگونجێت، بۆ نمونە ئەگەر مارکس خۆی ئەنتەرنێتی لەبەر دەستدا بوایە، ئەوا شتی تری بڵاو دەکردەوەو لە مانیفێستەکەی خۆیدا ئیزافەیەکی تری دەکرد. بۆیەشە ئەڵێم

نێواندژی تیا نیە چونکە من ئەو زوڵمەم بە چاوی خۆم دیوە. ئەوەشی نوسیومە دژی زوڵم نوسیومەو ئەڵێم "بەردی کوردستان بکەنە ملوانکە"، یان "ئەم گژوگیایەی کوردستان لە باتی نان بخۆن". کە شتێکی وا دەنوسم لەوەوەیە کە ڕقەکە هێندە پیرۆز بوە دەبێت بەرامبەر بەم کارە نامرۆڤانەیە ببیتە دوپشکو مارو ئەوان بخۆیت. واتە مەسەلەکە کاردانەوەکەیە.

**-بێگومان شیعری تۆ دوای ساڵی ١٩٨٥و تا ڕاپەڕین زۆر ڕۆشن و شۆڕشگێڕانە بوو" ئەمەت چۆن چۆنی بۆ ئەبرایە سەر؟**

*ڕونیەکەی من هەندێکی ئەنقەست بوو، چونکە ئەوکاتە پێویستی بەو ڕونیە ئەکرد، هەندێ لە برادەران کە ئێستە شاعیرو ڕۆشنبیری گەورەن، پەنایان دەبردە بەر ڕەمزی وا کە تێگەیشتنی ئاسان نەبوو، من ئەوکاتە ئەوانەم پێ قبوڵ نەبوو، ئەوەم لەلا قبوڵ بوو کە ئەبێت ئەم خەڵکە سەرگەردان نەبێت، ئەم خەڵکە بە دوای هیوایەکدا دەگەڕان، ئەبوو ئێمەی ڕۆشنبیرو ئەدیب، لەو قۆناغەدا ئەو هیوایە بدەین بەو گەنجانە.. نەك بۆ بانگەشەو پڕوپاگەندە، بۆ نمونە بۆت دەگێڕمەوە جاران لە بەردەم کتێبخانەکەی عومەردا لە سلێمانی، یان کتێبخانەی جومعە لە هەولێر ڕادەوەستام، ئاگام لێ بوو گەنجەکان بە شوێن نووسینەکانی مندا ئەگەڕان لەناو گۆڤاری بەیانو کاروانـدا، ئەگەر شیعری منیان تیا بوایە ئەیانکڕین، ئەمە بێئەوەی بمناسن کە ئەوە منم لەوێدا وەستاوم، ئەمە بۆچی، چونکە من ئەم ویست هەڵسو کەوت لەگەڵ ڕۆحی ئەو خەڵکە سەرگەردانەدا بکەم، کە خەریکە بێهیوا دەبن.

حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە هەموو ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی عێراق، بەبێ دەرئاوردن، ڕۆڵێکی زۆر شەریفانەو گەورەیان هەبوو لە بەرزکردنەوەی مۆراڵی مرۆڤی کورددا کە بە هۆی ئەو هەرەس و تێکچونەوە لە دابەزیندا بوو. بۆیە زۆرجار ئەم شاعیرو ئەدیبانە توشی ناڕەحەتی و گرتن و بردن ئەبون.

**-بۆ نمونە شەهید دڵشاد مەریوانی لەو سەروەختانەدا گیراو شەهید کرا.**

*بەڵێ ئەو ڕۆڵێکی مەردانەو شۆڕشگێڕانەی گێڕا، نابێت لەیاد بکرێ. ئیتر لەو وەختەدا کارم گەیاندبوە ئەوەی زۆر کەس تانەو توانجی ئەوەیان تێدەگرتم گوایە حکومەت خۆی مۆڵەتی داومەتێ شتی وا بنوسم. برادەرێکی سیاسی سەرکردەش (با ناوی نەڵێم) لەو کاتەی شۆڕشی شاخدا، کە شتەکانمی خوێندبۆوە وتبوی:

"وەڵا بابە ئەمە ئەگەر ئەندامی قیادەی قوتریی بەعسیش بێت، لەبەرئەوەی ئاوا بە ئاشکراو ئاوا بە مەردانە ئەو شتە چاکانەی نوسیوە، لای من مرۆڤێکی واو وایە".

جا بە ڕاستی کەسانی ترسنۆکیش هەبوون کە هەندێجار پێیان ناخۆش بوو فلان یان فیسار شتی وا دەنوسێت.. بەهەرحاڵ وەك وتم: تەنیا من نەبووم لە مەیدانەکەدا بەڵکو زۆرینەی ڕۆشنبیران، بە شیعرو چیرۆك، بە ئەدەب، بەشداربوون لە بەرزکردنەوەی مۆراڵی خەڵکدا. ئەوەشی من شانازی پێوە بکەم لەو قۆناغەدا، ئەوە بوو کە توانیم ئەنفال و گوندسوتاندن و ڕاگواستن و قەتڵ و عامەکانی ئەوکاتە کە لە قەسابخانەکانی کەرکوك و موسڵدا ئەنجام دەدران، بە شیعرو بە ئەدەب

بەرجەستە بکەم‌و بیان خەمە بەر دیدەی خەڵك.. ئەمەش مۆرکێکە بە شیعرەکانی ئەو قۆناغەمەوە دیارە.

جارێکیشیان لە تەلەفزیۆنی کەرکوك نەدوەیەکمان کرد، لەو نەدوەیەدا شیعرێکم خوێندەوە کە بەناو بۆ کوڕەکەمم نوسیوە، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە لەگەڵ گەورەبونی کوڕەکەمدا ترسەکانیش گەورەتر ئەبن: چۆن کوڕەکەم بشارمەوە، بیخەمە گۆڕەوە (وەك ئەوەی خەڵك لە ترسی گرتن‌و بردن‌و فیراری چاڵی شێوە گۆڕیان لە ماڵەکانی خۆیاندا هەڵکەندبو بۆ خۆیان‌و کوڕو کاڵیان)، لەکوێ بیپارێزم.. هتد. دوای پەخشی نەدوەکە لە تەلەفزیۆنەوە، هاتمە سلێمانی‌و لە پیاسەیەکدا لە گەڕەکی "توی مەلیك" پێم وابێ لەگەڵ کاك (مستەفای ساڵح کەریم)دا بووم، ئافرەتێك کە نەمدەناسی هات باوەشی پێدا کردم‌و ئەملاولای ماچ کردم‌و وتی:

"تۆ پێرێ شەو لە تەلەفزیۆن باسی کوڕەکانی منت ئەکرد".

یانی دیاربوو کە من لەو شیعرەدا موعاناتی خەڵکەکەم بەرجەستە کردبوو.

**-کارو چالاکیەکانی‌تۆ لە ئەنیستیتۆی کورد لە بەرلین؟**

*بە ڕاستی کە من چوومە ئەوروپا، لەگەڵ برادەرانی کوردی تورکیادا کاری ڕۆشنبیری‌و سیاسی‌و دیبلۆماسیم ئەکرد، دور لە حیزبایەتی، ئەوکاتە کە من چوم مەکتەبێك هەبوو پێیان ئەوت "مەکتەبی ڕۆشن". گۆڤارێکیان بە ڕێنوسی لاتینی دەردەکرد بە ناوی گۆڤاری "ڕۆشن"، داوایان لێکردم کە سەروکاریی ئەم گۆڤارو مەکتەبە

بکــەم. ڕێکخراوێکــشیان هــەبوو بــەناوی "ڕێکخــراوی ڕۆشــنبیرانی ولاتپـارێزی کوردسـتان"، وتیـان: سـەروکاری ئەمـەش بکـە، یـان لەگـەڵ ئەو برادەرانەدا ئیش بکە.

پاش ماوەیەك كار, بۆم دەرکەوت ئەمە کارێکی ڕۆتینیەو پێشنیاری چالاکیەکم کرد کە لە ئەوروپادا دەنگ بداتەوە. پێنج شەش کەس بوین کۆبوینەوە، پێشنیاری ئەوەم کرد کە ڕێپێوانێك لە "بۆن"ەوە بۆ بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا لـە "بروکسێل" ئەنجام بدەین، دوو سێیەکمان زۆر بە گەرمی قبوڵیان کرد، ئەوانی تر پێیان باش نەبوو چونکە من تازە لـە خەستەخانە هاتبومە دەرەوەو لە توانای منیان ڕانەدەبینی ئەو هەموو ڕێیە بە پێ ببڕم. وتم چەند بتوانم بەپێو کە نەشم توانی بە ئوتومبیل دەڕۆم، گــرنگ ئەنجامــدانێتی. بــەم شــێوەیە لــە ماوەیــەکی کەمــدا کارنامــەی ئیــشەکە ئیمــزا کــراو ڕێپێوانێکمــان لەبــەر پەرلــەمانی ئەڵــەمانیاوە لــە بــۆن ڕێکخــست تــا بــەردەم پەرلــەمانی ئــەوروپا لــە برۆکـسیل، بـە چـوارده ڕۆژ گەیـشتینە ئـەوێ. هـەر ڕۆژەی ٣٠ تـا ٤٠ کیلۆمـەترمان دەبڕی. ئەمـە لـە کـاتو وەرزی سـەری سـاڵدا بـوو، پلـەی گـەرما لـە نێـوان ٥ تـا ١٥ پلـە لـەژێر سفرەوە بـوو، بـەفر ئـەباری، وێنـەو فیلمەکانمان ماوە. منو (عیسمەت شەریف) لە پێشەوەی ڕێپێوانەکەدا بـوین، بڕیارمـان دابـو کـە لـە چـینی ڕۆشـنبیران بـەولاوە ڕێگـە نـەدەین خەڵکی تر بێنە ناو ڕێپێوانەکەوە، چونکە ژمارەی بەشداربوان زیـاد لـە پێویست زیادی دەکرد، بەهەرحاڵ ئەوانەی ئامادەی ڕێپێوانەکە بوون، ڕۆژنامەنوسانو دکتـۆرانو ئەندازیارانو پـارێزەرانو شـاعیرو ئـەدیبو

هونەرمەندان بوون کە زیاتر ئەمانە بە هەوڵی ڕێکخراوی "یەکێتی ڕۆشنبیرانی ولاتپارێزی کوردستان" کۆکرابوونەوە. لە بیرمە داوامان لە "یەشار کەمال" کرد، وتی: "من ناتوانم.."و پزیشکێکی بۆ ناردین.

**-ئەوکاتە ئەو لە تورکیا بوو؟**

*بەڵی لە تورکیا بوو، پزیشکێکی بۆ ناردین، وتبووی: "پیرۆزبایی ئەکەم شتێکی باش دەکەن"، بەلام بە ڕاستی حەزدەکەم ئەوەش بڵێم: داوام لە زۆر ڕۆشنبیری کوردستانی باشورو ڕۆژهەلات کرد، گاڵتەیان بە مەسەلەکە ئەهات: بابە چۆن ئەبێت، خۆ شێت نەبوین بەپێ بڕۆین، هەر پێلاو١٠٠ جووت پێلاو بەشت ناکات.. یەك دوانێك ڕێك ئاوا وەلامیان دامەوە.. دواییش وتیان ئەمە ئیش نیە.. بە هەرحاڵ ئێمە ئەو ڕێپێوانەمان کرد، بەلام بێگومان پێش ئەوە دۆسیەیەکمان حازر کرد بە ئینگلیزیو فەرەنسیو بە فەلەمانی کە زمانی بەلجیکاو هۆڵندایە،و بە ئەڵمانی، بۆ هەر شوێنێك ئەڕۆیشتین سەرۆکی شارەوانیو بەرپرسی ناوچەکەمان ئەدیو ئەچوین موقابەلەمان ئەکردن. هەر بەرپرسێکی گەورەمان ئەبینی ئەمان وت: کورد ئەوەیە، ئەمە نەخشەی کوردستانە.. کورتەیەکمان دەربارەی مێژووی کورد بۆ باس ئەکرد: ئەم میللەتە چی بەسەر دێت، چۆن ئەنفال دەکرێت، چۆن لە کوردستانی باکور زمانو کلتورو هەموو شتێکی تری قەدەغەیە بە پێی یاسا، یاسای قەدەغەکردنی زمانی کوردی هەیە، یاسای قەدەغەکردنی لەبەرکردنی جلی کوردی هەیە، یاسای قەدەغەکردنی چێشتی کوردی

هەیـە، یاسـای قەدەغـەکردنی هەڵپـەڕکێی کـوردی هەیـە، هەموویـشی بەپێی یاسا خۆی..

**-ئەم ڕێپێوانەتان لە پێناو دامەزراندنی ئەنیستیۆتی کوردا بوو؟**

*ئەنیستیۆت ئەوکاتە دانەمەزرابوو.

**-مەبەستمان ئەوەیە، بۆ ئەوە بوو کە دایمەزرێنن؟**

*بۆ ئەوە بوو ڕۆشنبیران چالاکیەك بکەن لە ئەوروپا دەنگ بداتـەوە، ئامانجمـان ئـەوەبوو. بەهـەرحاڵ ئێمـە بـە ١٤ ڕۆژ گەیـشتینە برۆکسل، چوینە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا، لەوێ سەرۆکی پەرلـەمانو سـەرۆکی کۆمیتـەی ئـەوروپا موقابەلـەی کـردین، لـە پەرلـەمانی بـەلجیکی بـە ئاهـەنگێکی پێـشوازی بـەخێرهاتنیان کـردین، کـە ئێمـە بـە ڕیـشو بـەو وەزعەو بە گۆچانەوە هاتبوین..

**-بێگومان تا گەیشتنە ئەوێ ژمارەتان زۆر ببوو؟**

*هەر وەکو وتم ١٥٠ کەسمان بڕیاردا، بەڵام تا چوینە ئەوێ بوین بە (٥٠٠) کـەس، ئێمـە نـەمان دەهێـشت ئـەو کـوردەی لەوێیـە تێکـەڵمان ببێت، بۆ ئەوەی هەر بڵێین ڕۆشنبیرە، ئەگەر وابوایە زۆر دەبوو.

**-واتە ڕێپێوانی توێژێکی دیاریکراو بوو.**

*بـەڵی هینـی توێـژێکی دیـاریکراو بـوو، لـەوێ وەزیـری دەرەوەی برۆکسل دوای گفتوگۆ مقابەلـەی کردین، بە تەلـەفزیۆنو شت، پیـشان درا.. ئێمــە لــەوێ دانیــشبوین، وەزیــری دەرەوەی تورکیــا "حیمــەت چەتین" کە ئەصلی کوردە، تەلەفۆنی کردو وتی:

-تۆ چۆن ئەو تیرۆریستانە موقابەلە دەکەیت؟

ئەویش وتی:

–ئینسانێ بەم تەمەنەوە، دکتۆرو پرۆفیسۆرو شاعیر، بە پێ بێن بۆ شارەکەی من، چۆن ویژدانم قبولێ دەکات پێشوازیان لێ نەکەم؟

یانی بە توندی وەڵامی دایەوە. بە هەرحاڵ ئەوە بوو بە سەرەتای چالاکی ڕۆشنبیرانەی ئەو برادەرانە، دوای ئەوە ئیتر پێشنیاری ئەنیستۆمان کرد، ئەنیستیۆتمان کردەوە، بۆ ئەوە من هاتم پەیوەندیم کرد بە چەند کوردێکی کوردستانی عێراقەوە، بەڕێز دکتۆر "جەمال نەبەز"و چەند کەسێکی تر لە کوردستانی تورکیاوە وتیان:

–شتێکی باشەو پیرۆزباییتان لێ ئەکەین‌و بیکەن‌و ئێمەش کەم تا زۆر یارمەتیتان ئەدەین.

ئیتر ئەنیستوتمان کردەوە لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ لە بەرلین، ئەو پێشنیارەش من کردم چونکە ٢٢ی نیسان ڕۆژی یادی ڕۆژنامەگەری کوردیە، ئەویش یادێکی پیرۆزە، لەو ڕۆژەدا کردمانەوە، ئیتر گەلێ بروسکەمان بۆ هات لە شوێنەکانی ترەوە.

**-کارەکانی ئەنیستیۆت؟**

*لە دەستوری ئەنیستیۆتدا دوو سەرۆك هەیە، سەرۆکی یەکەم‌و سەرۆکی دوەم، کاك عیسمەت شەریف سەرۆکی یەکەم بوو، بەندەش دوەم. بەڵام کاری پراکتیکی من ئەمکرد، چونکە ئەو لە سویسرا بوو. بۆ مەسەلەی کارەکانیش بڕیارمان دا گرنگی بە سێ شت بدەین، یەکەم" مێژوی کورد، دوەم" زمانی کوردی، سێیەم" کلتوری کوردی بە گشتی. حەزئەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆچی مێژوی کوردمان بە

یەکـــەم کـــار دانـــا، چـــونکە مێـــژوی کـــورد تـــا ئێـــستا بـــە باشـــی نەنوسـراوەتەوە، زۆربـەی بـە شـێوێنراوی‌و نـاڕێکی نوسـراوەتەوە. وەك دەبیـنن مێـژوی کـورد بـە زۆری لـە ڕووی ڕاپـۆرتی ڕۆژهەلاتناسـەکان‌و ئەفـــسەرەکانی موخابـــەراتی دەوڵـــەتانی داگیرکـــەری کوردســـتانەوە نوســراوەتەوە، کــە زۆرینــەی ڕاپــۆرتی ســیخوڕین‌و ئێمــە ئێــستا بــە سەرچـاوەی مێـژویی دامـان نـاون. بـەلام ئـەوەش لـەیاد نەکـەین کـە (محەمـەد ئـەمین زەکـی‌و شـەرەفخانی بەدلیـسی‌و محەمـەد مـەردۆخی) هەوڵی زۆر گەورەیان داوە لەگەڵ نوسینەوەی مێژووی کورداو پێویستە میللەتی کورد بۆ تاهەتا مەمنونی ئەو زاتانە بێت.

ئێمەش بۆ ئەوەی گرنگی مێژوو نیشان بدەین، مەسەلەی مێـژوومان بە بنچینە دانا، لـەم پێناوەشدا تـا ئێستا چوار کۆنفرانسی گـەورەمان ساز داوە، لەوانە: یەکەم کۆنفرانس بە مەبەست لە شاری لۆزان سازمان دا بە ناوی "کۆنفرانسی مێژوی کورد لە لۆزان"، لۆزان ئـەو شـارەیە کـە بڕیـاری بەشـبەش کردنـی کوردسـتانی تیـادا درا بـۆ چـوار بـەش. ئـەم کارەشمـان بـە هـەوڵی بـەڕێز عیـسمەت شـەریف ئـەنجام دا کـە لـەوێ دائەنیشێت‌و پەیوەندیی زۆری لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی ئەوێدا هەیە" سـەرۆکی شـارەوانیش کارئاسـانی بـۆ کـردین‌و کۆشـکەکەی بـۆ سـازو ئامـادە کـردین‌و کۆنفرانـسەکەمان دەسـت پێکـرد. لـەوێ نزیکـەی ٣٠ کـەس بەشـدار بـون‌و سـیمیناریان پێـشکەش کـرد، کـە هەنـدێك لـەوان پسپۆڕی لە مەسەلەی کورددا هەبوو و لـە شـوێنی جیاجیـای جیهانـەوە بانگهێـشت کرابـوون، وەکـو (ماکدۆناڵـد) کـە کابرایەکـە لـە ئـەمریکا،

هەروەها "لازاریف" لە ڕوسیا کە تایبەتمەندە لە کێشەی کورددا، "حەسرەتیان" کە ئەویش هەر پسپۆڕە لە کێشەی کورددا، ئەمە جگە لە پرۆفیسۆرە کوردەکان. واتە ٣٠ دکتۆرو پرۆفیسۆرو زانای بواری کوردی، ٣٠ موحازەرەیان دەربارەی مێژووی کورد پێشکەش کردو زۆر لایەن‌و مەسەلەی شاراوەی مێژووی کوردیان ڕون کردەوە، کە ئێمە بە هەندی وەرئەگرین‌و نۆرە نۆرە ئامادەیان ئەکەین‌و ئەینێرین بۆ چاپخانەکان بە کوردی یان بە زمانی تورکی بڵاویان دەکەینەوە.

**-ئایا هیچ هەوڵێکتان داوە هاوکاریتان لەگەڵ دەزگاکانی تری چاپ‌و بڵاوکردنەوەدا هەبێت" وەك: ئەنیستیوی کورد لە تاران‌و لە پاریس و.. تاد؟**

*ئێمە لەگەڵ هەموویان پەیوەندیمان هەیە، هەندێکیان هاریکاریمان ئەکەن‌و هەندێکی تریشیان خۆیان بەدور دەگرن لێمان؟

**-تۆ بڵێی بە هۆی ئەوەوە نەبێت وا هەست بکەن ئەنیستیۆتی کورد لە بەرلین سەر بە لایەنێکی سیاسیە؟**

*بەڵێ، وایە. هەندێك لەوانە وا هەست ئەکەن ئێمە نزیکی PKK بین یان لە ژێر کۆنترۆڵی PKKدا بین. من ناڵێم ئەوان نزیك نین لێمان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە ئەنیستیۆتیەکی ڕەسمین‌و حکومەتی ئەوێ ئیعترافی پێ کردوین‌و بەشی کارگێڕی‌و بەشی هونەری‌و بەشەکانی تری وەك زمان‌و نوسین‌و ئەدەبیات‌و کۆمەڵناسیمان هەیە، کە هەمویان بەشی چالاکن‌و کارمەندەکانی ئەوێش زۆربەیان بە خۆبەخش ئیش ئەکەن‌و هەندێکیشیان کارمەندی دەوڵەتن‌و حکومەت موچەیان دەداتێ. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئەنیستیۆتەکاندا هەیە، بەڵام

دوای ئەنیستیۆتی پاریس، ئەوەی ئێمە یەکەم ئەنیستیۆتیە لە دەرەوەی وڵاتدا، ئەمە جگە لەوەی کە ئەنیستیۆتی تریش لە وڵاتانی دیکە هەن وەك ئەنیستیۆتی ئەستەنبوڵ، ئەنیستیۆتی برۆکسێل, جا بە چوار ئەنیستیۆتی بەرلین و برۆکسێل و ئەستەنبوڵ و ستۆکهۆڵم کاری هاوبەش بە ئەنجام ئەگەیەنین و بۆ کۆنفرانسات و سیمینارو کۆبوونەوە تایبەتەکانی تایبەت بە مەسەلەی کورد, بانگهێشتی یەکتری دەکەین و ئاگاداری کاری یەکترین و پێکەوە هەوڵ ئەدەین بۆ کارو چالاکی سیاسی و کلتوری و دبلۆماسی و لەم مەسەلەیەدا منیان سەرپشك کردوە کە بە ناوی ئەو چوارەوە پرۆتۆکول لەگەڵ ئەنیستیۆتی وەك تاران یان ئەستەنبوڵ یان هەرجێیەکی تردا مۆر بکەم بۆ ئاڵوگۆڕی وەفدو هاتوچۆ، واتە پرۆتۆکۆڵی ڕۆشنبیری. هەر سەبارەت بە پەیوەندیەکانمان، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنیستیۆتی واشنتۆن هەیە کە د. نجم الدین سەرۆکێتی و هەندێجار یەکتری ئاگاداری ئەکەینەوە لە کارو چالاکیەکانمان. حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە کتێبخانەی کوردی لە باکوری کوردستان هەژارە، بۆیە ئێمە ئەمانەوێ ئەو کتێبخانەیە دەوڵەمەند بکەین، کە زۆرجار پەنا ئەبەینە بەر کتێبەکانی باشورو ڕێنوسەکەی ئەگۆڕین بە لاتینی و زارەکەشی بە کرمانجی.

لەسەر مێژوو کۆنفرانسێکمان کرد بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٠٠ ساڵ بەسەر نوسینەوەی شەرەفنامەدا کە دەنگێکی گەورەی دایەوەو زۆر زانای کوردو غەیرە کورد "ئەوانەی کە کوردۆلۆژن" بەشدارییان تیا کرد، جا لە ئەوروپا گەلێك کوردۆلوژ هەن کە هەندێکیان بە مەبەستی

سیاسیەو هەندێکی تریان بە مەبەستی زانستیە. لە کارێکی وادا ئێمە هەردوو لایان بانگ ئەکەین, هەندێجار ئەو کوردۆلۆژانە شتی نازانستی و ناواقعی لەسەر کورد دەڵێن، بۆ نمونە هەندێ کوردۆلوژ هەن لە ئەڵمانیا, ئەڵێن" زمانی کوردی یەك زمان نیەو هەریەك لەو زارانەی ئێستای زمانی کوردی, بۆ خۆیان زمانی سەربەخۆن" زازاکی زمانێکە، کرمانجی زمانێکە،.. هتد!! ئەمانە کوردۆلۆژیشن.. ئێمە ئەمانەوێ ئەوە ڕەد بدەینەوە، بۆیەشە لەسەر زمان کاردەکەین.. بەهەرحاڵ مەسەلەی زمان گرفتێکی گەورەیە، تەنانەت من گلەییم هەیە لە کوردستانی باشور کە ئەوە ١٠ ساڵە، بەم هەموو دەزگایەی هەردو ئیدارەکەیەوە تا ئێستا هەوڵ بۆ ئەوە نەدراوە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو دابنرێ کە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و خوێندنگەوە دەست پێ بکات.

**-زۆر بە ڕاشکاوی پرسیاری ئەوەت ئاراستە ئەکەم: ئایا ئێوە خۆتان هەوڵێکی لەو جۆرەتان داوە تا گلەیی لە دەرەوەی خۆتان بکەن؟ ئایا هەوڵتان داوە لەو کتێبانەدا کە خۆتان چاپیان ئەکەن زمانێکی یەکگرتو پەیڕەو بکەن؟**

*با ئەوەش بڵێم کە ئێستا زمانی یەکگرتوی کوردی دروست نابێت تا کورد دەوڵەتێکی مەرکەزیی نەبێت، ئەوە پەیوەندی بە دەوڵەت و دەسەلات و بازاڕەوە هەیە، چونکە ئەم سێ شتە زمان ڕێك ئەخەن. بەڵام ئێمە لە نوسین و بڵاوکراوەکانماندا هەوڵی ئەوەمان داوە. ئێمە سێ کۆنفرانسی زمانمان گرتوە، لەو کۆنفرانسانەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی هەوڵی ئەوە بدەین زاراوەکان لەیەك نزیك بخەینەوەو ئەو

زاراوانەی پشتگوێ خراون زیندویان بکەینەوەو بیان نوسینەوەو هەمویان لە نوسین و قسەکردن و ئەدەبیات و شیعرو.. هتددا، بەکاربهێنرێن و گوێی خوێنەر بەو وشەو زاراوانە ئاشنا بکرێ و فەرهەنگۆك لە کۆتایی هەموو نوسینێکدا بکرێ. ئێمە ئەمەمان کردوە لە نوسین و چاپەمەنیەکانمانداو ڕۆڵی خۆی بینیوە، ئەوەتا برادەرانی باکور لەبری وشە تورکیەکانی ناو زاراوەکەیان ئێستا وشەی سۆرانی بەکاردێنن.

**-چەند کتێبتان تا ئێستا چاپ کردوە؟**

*کتێبمان زۆر چاپ کردوە، کە منیش هاتم کۆمەڵێك کتێبمان لەژێر چاپدا بوو، هەموو ئەوانەی تا ئێستا بەچاپ گەیشتون نزیکەی هەژدە کتێبن، ئێمە لە سەرەتای ئەنیستیۆتوە (واتە لە ١٩٩٤ ەوە) دەستمان بە چاپ نەکرد بەڵکو لە ١٩٩٦ەوە دەستمان پێکردوە.

**-بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ئێستا کە شەش ساڵ تەمەن دەکات، هەر ساڵەی سێ کتێبی بەردەکەوێ، ئایا ئەم ڕێژەیە کەم نیە؟**

*ڕاستە. بەڵام ئێمە دەزگایەکین بە ڕاستی خەڵکی کورد یارمەتیمان دەدەن، هەم بۆ چاپکردن و هەم بۆ خەرجیەکانی تریش.

**-ئایا جگە لەم کارە ڕۆشنبیرییانەی ئەنیستیۆت، ئەنیستیۆت بیر لەوە ناکاتەوە دەست بکێشێتە ناو بونیادی جالیەی کورد لە ئەوروپا، وەك ڕێکخستیان، یاخود کۆکردنەوەیان، ئاراستە کردنیان؟**

*ئێمە کاری وەها ناکەین.. کارو چالاکیی ئێمە کۆنفرانس و کۆڕی ئەدەبی و سیاسی و زانستی و.. هتد و کارو چالاکی تر لەسەر مێژوو،

لەسەر زمانو کلتوری کوردی، هەرچییەك لەمانە بکەین، لە هەموو حیزبێكو لە هەموو کەسو لایەنێك بانگ دەکەین، ئیتر هەیانە دێنو هەشیانە نایەن. بەڵام لایەنی تر هەن خەریکی ئەو کارەن، ئێمە زیاتر گرنگیمان داوە بە کارو چالاکیە ڕۆشنبیریو زانستیەکان. هەرچەند ئێمە کاری سیاسیشمان کردوە، وەکو ئەوەی بە ناوی ئەنیستیتۆوە گەیشتینە لای پەترۆس گالیو پاپای ڤاتیکان. وەلێ لەم دواییەدا، دوای ئەوەی بەڕێز عیسمەت شەریف دەستی لەکار کێشایەوەو من بووم بە سەرۆکی ڕەسمی، بڕیارمان دا خۆمان تەرخان بکەین بۆ کارە زانستیو ڕۆشنبیریەکان.

**-هەر بەو بۆنەیەوەی کە ناوی بەڕێز عیسمەت شەریف ئەهێنی: لە سەروەختی شەڕی پ. ك. كو ی. ن. ك دا نارەزاییتامەیەکی زۆر ئاراستەی دکتور عیسمەت شەریف کرا بەو سیفەتەی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە" ئایا ئەو چ هەڵوێستێکی هەبوو؟ باری دەروونیو هەڵوێستی سیاسی ئەو پیاوە لەو کاتەدا چۆن بوو؟**

*بە شێوەیەکی گشتی ئەو دژی شەڕ بوو، هەوڵێکی زۆریشی دا بۆ ڕێگرتن لەو شەڕەو بە ناوی کۆنگرەوە سەفەرێکی کرد بۆ تاران بۆئەوەی لەوێوە بێتە کوردستانو سلێمانی، بەڵام بۆی ڕێ نەکەوتو لە تاران گەڕایەوە.

بە ڕاستی ئەو دژی شەڕەو حەزیش لە شەڕ ناکاتو لە ڕاستیدا کوردێکی کوردپەروەرە، بەڵام کەسانی تر هەبون کە لایەنی شەڕیان دەگرت، یان لایەنی لایەکیان دەگرت لەو شەڕەدا.. من بەش بە حاڵی

خۆم، لە یەکەم ڕۆژی شەڕەوە، شەڕی نێوان پ.د.ك‌و پ.ك.ك‌و دواتر شەڕی نێوان ی.ن.ك‌و پ.ك.ك، دژی شەڕ بووم‌و هەرچیشم پێ کرابێت کردومەو بە برادەرانی پ.ك.ك م وتوە کە بە هەر شێوازێك‌و لەهەر ئاستێکدا بێت، شەڕی کوردستانی عێراق زەرەرێکی گەورەی بۆ پ.ك.ك‌و بۆ کوردستانی عێراق (بە پلەی سەرەکی) تیایە.

جا هەموو کۆنگرەش دژی شەڕ بووین‌و هەر کۆنگرەش بوو بەیانی دەرکردو منیش لای خۆمەوە وەك ئەنیستیتۆ لە کۆبونەوەیەکی هەر چوار ئەنیستیتۆکەدا بەشداربوم (کە لە تەلەفزیونی میدیا بلاو کرایەوە)، نامەیەکمان نوسی بۆ (بەڕێز مام جەلال)و بۆ برادەرانی سەرکردایەتی هەردولا کە ئەم شەڕە زەرەری کوردو زەرەری هەردو لای تیایەو مەسەلەی کورد لە دەرەوە ناشیرین دەکات‌و بەرەو هەڵدێری ئەبات. وا بزانم ئەم نامەیەمان لە ڕۆژنامەکانی کوردستانیشدا بلاو کرایەوە. بە هەرحاڵ ئێمە داوامان کردبو بێین بۆ سوڵح‌و بۆ ئەوەی قسەیەکی خێر بکەین" ئەمانیش لێرە ئامادەییان پیشان دا.

**-هەست ئەکەم هەندێ جار ڕۆشنبیر هەقە بێزار بێت، هەقە نارەحەت بێت، هەقە لەو دام‌و دەزگایانە بێتە دەرەوە کە یارمەتی لە حیزبێك یان لە لایەنێك وەردەگرێت‌و لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانی دەکرێت. بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە قسەیەك ئەکات‌و قسەکەی بە هیچ وەرناگیرێت، داوا ئەکات‌و ڕەت ئەکرێتەوە، ڕێگە ئەدۆزێتەوەو حسابی بۆ ناکرێ‌و بە هەند وەرناگیرێ. ئایا ڕۆڵی هەرە گەورەی ڕۆشنبیر ئەوە نیە هەمیشە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە؟**

*بە ڕای من" بۆیە دەنگی ئێمەو ڕۆشنبیرەکان وەرناگیرێت لەلایەن سیاسیەکان و هێزە سیاسیەکانی کوردەوە، چونکە ڕۆشنبیری کورد تا ئێستا نەبوە بە توێژێکی یەکگرتو کە ئیرادەی خۆی فەرز بکات.. لە مێژووی زۆر میللەتاندا بوە ڕۆشنبیرەکان ململانێی سەرکردایەتی هێزە حیزبی و سیاسیەکانیان کردوە، یان ڕۆشنبیر پێی لەسەر مەسەلەیەك داگرتوەو هێزە سیاسیەکان ناچار بون لە ڕای خۆیان پاشگەز ببنەوە، بۆ نمونە ڕۆشنبیری ئەڵەمانی "گونتەرگراس" کە خاوەنی خەڵاتی "نۆبڵ"ە، لە پێشانگایەکی کتێبدا لە فرانکفۆرت، قسەیەکی کرد، هەمو ئەڵەمانیای هەژاند! وتی:

"من شەرم لەوە ئەکەم ئەڵەمانیم کە ئەڵمانیا چەك بە تورکیا ئەفرۆشێ و تورکیاش بۆ ئیبادەکردنی میللەتی کورد بەکاری ئەهێنێ" هەر لەبەرئەوەی ئەم میللەتە داوای ئەوە ئەکەن بە زمانی خۆیان بخوێنن. ئەمە شەرمە کە ئەڵەمانیا ئەیکات و من ئیتر ئەڵەمانی نیم".

ئەم وتەیە لە هەمو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا بڵاو کرایەوە، بۆیە دوای ئەوە حکومەتی ئەڵەمانی ناچار بوو بە ڕەسمی بڵێت:

"ئێمە ئیتر چەك بە تورکیا نافرۆشین، نەبا لە دژی کورد بەکاری بهێنێ".

ئێمە ئەگەر ڕۆشنبیرەکانمان بگەنە ئاستێکی ئاوهاو ببنە توێژێك و پەیوەندییەکی ڕۆحی و ڕۆشنبیری و مرۆڤانەمان لە نێواندا هەبێت، ئەوە ئەتوانین خاوەنی دەنگ بین، بەڵام بە داخەوە ئێمە هێشتا ئەوە نین.

-زۆر بـە داخــەوە هەنـدێجار دەسـەڵاتە جۆراوجـۆرە ناوچـەییەکانی کـورد، ئەوەیان لە ڕۆشـنبیری کـورد دەوێ کـە پاسـاو بـۆ سیاسـەتی ئـەوان بهێنێتـەوە. کاتێکیش کە ڕۆشنبیر ڕەخنە ئـەگرێت، ئـەوان وا ئـەزانن بەمـە کودەتایـەکی لـە هەسـتو نەسـتی خـۆی کـردوە، یـاخود بـەجارێك لـە ئەسـڵو فەسـڵی خـۆی هەڵگەڕاوەتەوە، بە ڕای جەنابت ئەو کەسەی کە ڕەخنە ئـەگرێت لـە دیاردەیـەکی سلبی (کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ڕۆشنبیری) دڵسۆزترو کـاراترو کارمـەتر نیـە لەو کەسەی کە هەر بە تەنیا پاساو ئەهێنێتەوە؟

*بێگومان ئەوانەی پاساو ئەهێننەوە، کێشی ئەدەبیو ڕۆشنبیرییان لای خەڵك دیارە، ئەوانەشی بوێرانە ڕەخنە ئەگرن، ڕەخنـە لـەو شتانەی کـە سـتراتیژیەتی ئـەمنی قـەومی ئـەم میللەتـە دامـاوو سـتەم دیدەیـە ئەخاتە مەترسیەوە، ئەوە بێگومان ئەگەر ئەمڕۆش نەبێت لەناو خەڵکدا هەڵوێـــستیان جیـــاواز دەبێـــتو مێـــژوش تـــەنیا شـــتە ڕاســـتەکان دەنوسـێتەوە.. بـە داخـەوە جـاری پێـشوو کـە هاتمـەوە هەنـدێ شـتم ئەخوێنـدەوە بـە ڕاسـتی قێـزەون بـوون.. هەنـدێجار نـاوی ڕاسـتەقینەی نوسەرەکانیشیان لەسـەر نـەبوو، بەڵام لـە خوێندنـەوەدا ئەمناسـینەوەو ئەمزانی هینی کێن..

لـە هـەمان کاتـدا زۆر ڕۆشـنبیریش هـەبون کـە هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی شەڕەوە دژی شەڕ بونو ئەیات وت:

"نابێ ئەم شەڕە بکرێ، ئـەم شـەڕە دژی کوردەو تـەنیا کـورد تیایـدا زەرەرمەند دەبێت".

ئەوانە توانییان ڕۆڵی خۆیان ببینن..

**-ڕۆڵی ئەو قەڵەمانەی ئێستا لە ڕەهەنددا دەنوسن، چۆن هەڵدەسەنگێنی" کە ئەوانە ئێستا لە ناوجەرگەی ئەم هەموو ئاژاوەیەی بەرۆکی کوردستانی گرتوە ڕەخنە ئەگرن و هەندێجار ڕەخنەی زۆر جدیش ئەگرن؟**

*بە ڕاستی ئەو گروپە کۆمەڵێ ڕۆشنبیری هەڵکەوتون، لەوانەیە من لە هەندێ شتدا لەگەڵیاندا نەبم، بەڵام کۆمەڵێك ڕۆشنبیری هەڵکەوتون، توانیویانە لە ئەوروپا خۆیان پێ بگەیەنن و توانیویشیانە لەناو کۆمەڵگای ڕوناکبیریی کوردیدا جێگەپێی خۆیان بکەنەوە، لەبەرئەوە هەندێجار بە بوێرییەوە شت ئەنوسن، هەرچەندە هەندێجاریش لەوانەیە زیاد بڕۆن، ئەوەندە ئەڵێم کە ئەوانە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری هەڵکەوتوون لەناو ڕوناکبیریی کورددا، بۆ نمونە من لە سەردانێکمدا بۆ ئێران لە ئەنیستیتۆی کوردستان لە تاران، چەند کۆبونەوەیەکیان بۆ ڕێك خستم لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆو لەگەڵ ڕۆشنبیرەکان، تەنانەت لەگەڵ پەرلەمانتارە کوردەکانیش، زۆربەی ئەو کەسانەی من لەگەڵیان کۆئەبومەوەو ئەمبینین، لە گفتوگۆکانیاندا دەستەی ڕەهەندیان بە نمونە ئەهێنایەوە.. ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەستەی ڕەهەند کاریگەریەکیان کردوە.

ئەوەش ئەڵێم کە با ئەم دەستەیە واقعیتر بن و بێن واقیعی کوردستان ببینن و هەڵی بسەنگێنن، ئەوجا ڕەخنەکانیان ئاراستە بکەن، باشترە.

**-پێت وایە ڕەخنەگرتن لە (دەسەڵات) لە دڵسۆزی کەسێك کەم ئەکاتەوە؟**

*باوەڕ ناکەم، بۆ نمونە ڕەخنەی دڵسۆزانە، ڕەخنەی بە ویژدانانە، ڕەخنەی دروستکەرانە.. لینینیش وتەیەکی هەیە ئەڵێت: "ڕەخنە مامۆستای مرۆڤە". زۆر کەسو ڕۆشنبیری تریش ئەم قسەیەیان کردوە، بەهەرحاڵ ڕەخنە ئەبێت ڕەخنەی مامۆستایانە بێت، نەك ڕەخنەی سەرلێچەواشە کردنو ڕاستی شێواندنو جنێودانو شت دروستکردنی دور لە واقیع. ڕەخنەی دروستکەرانە خۆشە..

**-کەواتە بۆئەوەی ڕەخنە هەر لە خۆیەوە ڕێچکەیەك نەگرێتو مل نەنێت بە ڕێگەیەکەوە کە ڕێگەی خۆی نیە، هەروەها بۆئەوەش کە حیزبێك کۆنترۆڵی نەکات" باشتر نیە ئەگەر کەسانێك کە توانای زیرەکییان لە شوێنی باڵاو ئاستی باڵادایە بنێررێنە بەر خوێندن بۆ ئەوروپا؟ باشتر نیە ئەنیستیتۆکانی کورد ئەم کارە لە ئەستۆ بگرنو خەڵکانێك بنێرنە بەر خوێندنو بەر فێربون بۆ ئەوەی ڕەخنە لە کەناڵێکی ئەکادیمیەوە ئاراستە بکرێت (وەکو ئەوەی کە گروپی ڕەهەند لەگەڵ خۆیاندا ئەیکەن)؟**

*ئەوەی تۆ ئەیڵێیت ڕاستە، وەکو وتم هێشتا ماومانە بگەینە ئەوە، بە نیسبەت ئەنیستیتۆی ئێمەوە، من هەوڵی ئەوە ئەدەم کتێبی کوردیو ئەلفو بێی کوردی چاپ بکەم بۆئەوەی ئەوکاتەی کە زمانی کوردی لە تورکیا سەربەست دەبێت، بینێرینە ئەویَ بخوێنرێت.

**-واتە ئیشەکەی ئێوە زۆر سەرەتاییە.**

*بەڵی زۆر سەرەتاییە، تا ئێستا لە ئەنیستیتۆی ئێمەدا کتێبمان بۆ شەش قۆناغی خوێندن (واتە تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی) ئامادە کردوە، بەڵام ئەمانەویَ تا پۆلی دوانزە ئامادە بکەین. بۆ ئەمە پێویستم

بە گەلێك شتو گەلێك توانا هەیە.. ئێستا ناچارم لەم کتێبانەی کە لێرە لە باشوری کوردستان لە قۆناغەکانی ناوەندیو ئامادەیی دەخوێنرێن، هەر یەکەی نوسخەیەك لەگەڵ خۆم بۆ بەرلین ببەم (ئەگەر بۆم بگات) تا بیکەین بە کرمانجیو بە ڕێنوسی لاتینی، تا ئەگەر گۆڕانکاریەك لە زمانو فەرهەنگدا لە کوردستانی باکوور ڕووی دا، ئەوانە بنێرین بۆ ئەوێ، چونکە جگە لە ئێمە هیچ دەزگایەکی تر نیە بەو کارانە هەستێت.

لە لایەکی ترەوە لە ئەنیستیتۆ خەریکی کردنەوەی خولی مامۆستایین بۆ ئەوانەی لەوێن، تا ئێستا دوو خولی مامۆستاییمان کردۆتەوە، لە هەر خولێکدا ٣٠ تا ٤٠ کەسمان فێری چۆنیەتی وتنەوەی وانە کردوە، ئێمە لەم جۆرە کارانەوە دەستمان پێکردوە، ئەمە واقیعەکەی ئێمەیە، وەکو وتم: ئێمە ئەمانەوێ بایەخ بە مەسەلەکانی مێژو و زمان بدەین، ئەمە جگە لەوەی کە هەوڵمانداوە کلتوری کورد بە ئەڵەمانەکان بناسێنینو هەندێك شتی پێویست بکەین بە ئەڵەمانی، کە کردوشمانە.. ئەمانەیە ئەرکەکەی ئێمە، هێشتا نەگەیشتوین بەو قۆناغەی کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری هەڵکەوتوو کۆبکەینەوەو بیانخەینە سەر ئەو ڕێچکەیەی ئێوە باسی ئەکەن.

**-ئێوە کە باس لە کەلتووری کورد ئەکەن، ئەتانەوێ لەو ڕێگەیەوە شوناسی کورد زیندو بکەنەوەو خەبات بکەن؟**

*بە ڕاستی ئێستا وای لێهاتوە میللەت لە ڕێی کلتورو هونەرەوە زیاتر دەناسرێت، ئەورووپاش لە سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵات بێزار بوە،

بە تایبەت سیاسەتمەداری ئەم ناوچەیەی کە ئێمەی تیا ئەژین، بۆ نمونە ئێمە کە چوینە لای پاپا، یاریدەدەرەکەی وتی"

"ئێمە لایەنێکی ئاینین و ئێوە لایەنێکی کلتوری، بۆیە ئەتوانین بتانبینین، دەنا تا ئێستا زۆر حیزبی سیاسی کوردی داوای ئەوەیان کردوە پاپا ببینن و نەیانتوانیوە بیبینن".

هەمان شێوە (پەترۆس گالی)ش.. چونکە حیزبەکان، زیاتر موخابەرات و وەزارەتە خاریجییەکان و لایەنە سیاسییە گەورەو بالادەستەکان ئەیانبینن. ئەگەر ئێمە بمانەوێ بچینە ناو ئەقڵی ئەوروپاوە، زیاتر ئەبێت لە رێگەی کلتورەوە بچین. بۆ نمونە لەو ماوەیەی پێشودا ڤیستیڤاڵێکی فیلمی کوردیمان لە بەرلین سازکرد، (بەهمەنی قوبادی) هات و فیلمەکەی خۆی نمایش کرد، (فیلمی ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان)، ئەمە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، چونکە ئامادەبوان ٨٥٪ تا ٩٠٪ یان ئەڵەمان بوون، کە هونەرمەندان و رۆشنبیرو خاوەن فیکری زۆریان تیادا بوو. یەکێك لەوانە سەرۆکی شارەوانی بو کە یەکەم جاری بو بەرهەمی کوردی ببینێت, وتی:

"من نەمزانی کورد میللەتێکی هێندە گەورەو عەزیمەو لە هەمان کاتدا میللەتێکی هێندە مەزلۆمیشە".

**-ئەی ئایا ئێوە هەوڵی ئەوەتان نەداوە جگە لە فیلمی کوردی، فیکری کوردی (ئەگەر هەبێ!) یان ئەدەبی کوردی بگۆڕنە سەر زمانی ئەڵەمانی؟!**

*بەڵێ، یەکێك لە ئیشەکانمان ئەوەیە کلتوری کوردی بناسێنین. بۆ نمونە (ئەحمەدی خانی) وەرگێڕراوە، هەروەها هەندێك لە شیعرەکانی (مەولەوی)و شیعرەکانی (گۆران)مان وەرگێڕاوە..

**-خەڵکی تریش جگە لە ئەنیستیتۆ هەمان ئیشیان کردوە..!**

*بەڵێ خەڵکی تریش کردوویانە، وەك: (د. کەمال فوئاد)و زۆر کەسی تریش کاریان کردوە، ئێمەش لە پاڵیاندا بەردێك دەخەینە سەر بەردەکان.. ناڵێم ئێمە هەمو شتەکان ئەکەین.

**-پرۆژەی ڕۆشنبیری خودی خۆت، لە دەرەوەی ئەنیستیتۆو هەر ڕێکخراوێکی تر؟**

*ئێستا دیوانێکی شیعریم بە دەستەوەیە، کە گەڕامەوە ئەوێ، ئەینێرم بۆ چاپخانە، پێکهاتوە لەو شیعرانەی کە بڵاوم نەکردونەتەوە. هەروەها خەریکی نوسینەوەی یاداشتەکانیشمم. شتێکی تریشم بەدەستەوەیە (مێژوی شیعری کوردی) دەستم پێ کردوە, بەڵام ئێستا وازم لێهێناوە، لێرە لە سلێمانی هەندێ سەرچاوەشم دەست کەوت, بەڵام بە هۆی سەرقاڵیی کۆنگرەو زۆری کارەکانمەوە ئەم ئیشەیانم ئێستا وەستاوە.. ئەوەی ئێستە کاری لەسەر دەکەم یاداشتەکانمە کە هەر لە سەردەمی مناڵیمەوە تا ئەم تەمەنەی ئێستام لەخۆ دەگرێ.. ئیتر فەرعی زۆری لێ دەبێتەوە..

**-ئەگەر لە خۆت بپرسین و خۆت بکەین بە ڕەخنەگر بەسەر کارە ئەدەبیەکانی ئێستای خۆتەوە، ئەتوانی بڵێیت "لەگەڵ ئێستای شیعری کوردیدا، جێ نەماوم"**

**یان ئەتوانی جیاوازیەك لە نێوان شیعری ئێستاو شیعری کـوردیی پـێش ڕاپەڕینـدا بکەیت.**

*جیاوازی هەیە. هەرچەندە بە داخەوە ناتوانم هەمو شتەکان ببینم، چونکە ئەو شتانەی کە دەکەونە بەر دەستم‌و دەیانخوێنمەوە کەمن‌و تـاك تـاکن.. بـە گـشتی جیاوازیـەك هەیـە لـە فـۆرم‌و لـە شـێوازو لـە بەکارهێنانی هەندێ وشەدا..

**-ئەی گوتاری شیعر یان ناوەرۆکی شیعر نەگۆڕاوە؟**

*ئەتوانم بڵێم گۆڕانکاریەك هەیە، بەڵام شیعر هەر شیعرە، (یـان لای من شیعر هەر شیعرە(، هەر لە هۆمیرۆسەوە تا ئێستا، ئەو شیعرەی کە هەستێکی دا بـە من‌و فەزایـەکی بـۆ دروست کـردم، ئیتر بەهـەر فۆرم‌و شـێوازێك‌و بەهـەر تـەکنیکێك بنوسـرێ ئـەوە شـیعرە، ئێستەش هەیـەو پێشتریش هەبوە، بەڵام بە شـێوەیەکی گشتی ڕاستە گوتـاری سیاسـی/ شـیعری گـۆڕاوە، ئەوسـا گوتـاری ئێمـە دژی دیکتـاتۆرو ڕژێـم بـوو، بـە شـێوەیەك کـە ئەگـەر باسـی عەشـق‌و دڵـداریش بکرایـەت هـەر ئـەمان هێنایەوە سـەر ئـەوە.. لەوانەیـە ئێـستا ئـەم ئازادیـەی لـە کوردستاندایە وای کردبێت گوتارە شیعریەکە شێوەیەکی تر وەربگرێ.

**-ئێستا تاکەکەس وەك ئەوەی مـو لـە ماست دەربهێنـێ، خـۆی لـە کۆمـەڵ دەرهێناوە، هەست ئەکەیت شیعر تەنیا دەربڕینی کەسێکە لەو واقیعەی کە بە تەنیا خۆی تیایدا دەژی؟**

*ئـەو حاڵەتـە هەیـەو پێـشتریش هـەبوە.. هەنـدێ کـەس بـە تـەنیا دەژیـان، زۆر لـە کۆمـەڵگاوە دور بـون.. ئێـستەش لـە ئـەنجامی ئـەم

گۆڕانکاریـــەی ئێـــستا، کـــە ئـــەم بـــارە تایبـــەتیو ئـــەم ئازادیـــەی لـــە کوردسـتاندا خولقانـدوە، دور نیـە زۆر کـەس بکەونـە ئـەو گێـژاوەوە، ئەمیش وا ناوئەنێم کە جۆرە "تا"یەکە.

**-واتە بەرەو فەردانیەت ڕۆیشتن لای تۆ "تا" یەکە.**

*بەڵی "تا"یە.. هیوادارم زو ئەو کەسانە بەر بدات، جاران خەڵکی "تـادار" دەچونە زیـارەتی شەخـسەکان بـۆ ئـەوەی "تـا" بـەریان بـدات. حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە بە ڕاستی زۆر شتی زۆرو بۆر هەیە، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیەو لەباری وادا هەرکەس ئەیەوێ شتی خۆی چاپ بکات.

**-بەڵام ئایا پێت وا نیە کە بواری تر هەن بۆئـەوەی مـرۆڤ لـە ڕێیانـەوە بـچێتە ناوجەرگەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە؟ ئایا پێت وا نیە کە کاری ئـەدیب، کـارێکی ترە؟ خۆ هەر ئەبێت ئێمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان بە قۆناغێکی وا بگەینو مومارەسـەی فەردانیەت لە شیعردا بکەین؟**

*ئێمـە ئەگـەر بـەراوردی کۆمـەڵگاکانو پێـشکەوتنی ئـەوان بکـەینو ئاسـتی ژیـانو ئاسـتی هـەمو شـتەکان لێـك بدەینـەوە، ئـەبینین زۆر جیاوازین، من وا ئەزانم کە ئەرکی ڕوناکبیری ئێمە، ئەرکێکی تایبەتیەو جیـاوازە لـە ئـەرکی ڕونـاکبیری ئـەوان، وەکـو پـێم وتـن، فیلمێـك کاریگەریـەکی زۆر گـەورەی کـردە سـەر ئـەقڵی ئـەو خەڵکـە ڕۆشـنبیرەی ئەوان، کە هێنـدەی کـاری سیاسـی هـەمو حیزبـە کوردیـەکان کاریگـەری هـەبو. کـەوابو جیاوازیـەك لـە نێوانـدا هەیـە، خـەمو خولیـای گـەنجێکی ئەڵـەمانی ئـەوە نیـە کـە لای گـەنجێکی کوردسـتان هەیـە، یـان هـی

ڕۆشنبیرێك لەوێ ئەوە نیە كە لێرە هەیە، خەمو خولیای ئەو ئەوەیە شەو بچێتە بارێكو بیرەیەكی باشتر بخواتەوەو سەیرانێكی باشتر بكاتو لەگەڵ هاوەڵەكەیدا شوێنێكی باشتر بچێت، بە ڕاستی ڕۆڵی تەكنەلۆجیا لەوێ، ڕۆڵی شیعرو ئەدەبیاتی زۆر بێهێز كردوە، بۆ نمونە ئەگەر كۆڕێكی شیعری هەبێتو ئەڵەمانەكان جارجار بانگهێشتم بكەن، ئەبینم ١٠ كەس تا ١٢ كەس هاتوون كە بە تایبەت گوێ لە شیعر ئەگرن.

**-لە ڕاستیدا پێم وایە زۆرمان عەزێت داوی، من نازانم بۆ كوێی ترت ڕابكێشم. ئەگەر خۆتان پێتان خۆش بێت قسە لە بارەی تەوەرێكەوە بكەن كە لە بیرمان كردبێت، یان بابەتێكی ترو قسەیەكی ترت هەبێت بیكەیت..**

*بێگومان زۆر شتمان وتو زۆر تەوەرمان باس كرد، ئەوەی منیش ئەیڵێم وا بزانم هەر ئەوانەیە، هیوادارم ئەم گفتوگۆیە بەرچاوی خوێنەران بكەوێ.. سوپاستان ئەكەم، هیوای سەركەوتنتان بۆ ئەخوازم، هیواداریشم ئەم ئازادیو ڕەوشە ڕۆشنبیرییەی كە لێرە هەیە، بەرەو پێشتر بڕوات.

بێگومان ڕۆژگارێكی ئاوەها، یەكەمجارە كورد لە مێژووی خۆیدا بە خۆیەوە دەبینێ ! ئەم سەردەمە سەردەمێكی پرشنگدارە چ بۆ كوردی ئێرەو چ بۆ كوردی ناوچەكانی تری كوردستانو چ بۆ كوردەكانی ئەوروپا كە زیاد لە ملیۆنێك كورد لەوێ هەیەو زۆرینەیان خەریكی كاری سیاسیو دیبلۆماسیو تەنانەت ئیكۆنۆمیشن. بۆ نمونە ئێستا هەندێ لە كوردە دەوڵەمەندەكانی توركیا یەكێتیەكی دەوڵەمەندەكانیان

دامەزراندوە، تا ئێستا پێنج شەش کۆمپانیای گەورەیان کڕیوەتەوەو کاری پێئەکەن. واتە کورد گەیشتۆتە قۆناغێك کە پێویستی بە لۆبیەك هەیە، بۆ ئەو لۆبیەش پێویستی بە بنکەیەکی ئیکۆنۆمیو ئابوری هەیەو پێویستە ڕۆشنبیری کوردیش واز لە هەندێ مەسەلەی تایبەتی بهێنن، چ کەسی، چ حیزبی، چ ئایدۆلۆجی، چونکە مەسەلەیەك هەیە پێی دەڵێن "مەسەلەی کورد" کە مەسەلەیەکی مرۆڤانەیە. بۆ نمونە ئەگەر من کوردیش نەبومایە، کە کورد ئەبینم ئاوهای لێ دەکرێ، سۆزم بۆی دەبوو, خزمەتم پێئەگەیاند. وەك چۆن زۆر کەسی ناکورد لەناو شۆڕشی کورددا شەهید بوون (لە هەموو پارچەکانی وڵاتدا). واتە کورد لە قۆناغێکدایە کە قۆناغێکی زۆر زۆر پێشکەوتوەو مەسەلەکەی لەوەدا نەماوە جارێکی تر بشارڕێتەوەو بە هیچ شتێك داناپۆشرێ، بۆ نمونە مەسەلەی کورد بوە بە کارتێکی گەورە بە دەست دەوڵەتە گەورەکانی وەکو ئەمەریکاو ڕوسیاو ئەوروپاوە نەك تەنها بەدەست دەوڵەتە ناوچەییەکانەوە، لەبەرئەوە یەك شت ماوە" ئەبێت کورد گوتاری سیاسی خۆی لە ئەوروپادا یەك بخات، بە هەموو گروپو هێزە سیاسیەکانەوە، واتە یەك مەسەلە هەبێت کە مەسەلەی کورد بێتو لە ناوەوەش واز لە شەڕو کوشتارو ناشرینکردنی یەکتری بهێنن. ئیتر من ناڵێم هەمو کورد ڕێك بکەوێتو ببێت بە یەك حیزب یان یەك گروپو دەزگا، کە ئەمە بۆ ئەم قۆناغە نیە، بەڵکو با کورد لە دەرەوە گوتاری سیاسی خۆی یەك بخاتو لە ناوەوە شەڕی براکوژی نەکات، بەمە ئەتوانین هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە بڕۆین، چونکە مەسەلەی کورد

نەك هەر مەسەلەی نەتەوەیی کوردە بەڵکو مەسەلەیەکی مرۆڤانەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**-منیش وەکو خۆم، هیوادارم بگەڕێتەوە سەر مەسەلە ئەسڵیەکەی خۆت کە مەسەلەی شیعری کوردی بو بە پلەی یەکەم، چونکە بڕوام وایە(و پێم وایە تۆش بڕوات وایە) کە خەباتی ڕۆشنبیریو کەلتوریش بە هەمان شێوە بەشێکە لە خەباتی سیاسی. هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان بە تەواوەتی بگەڕێتەوە ناو خەباتی ڕۆشنبیریو کلتوریو لەناو ئەم خەباتەشدا شیعری کوردی مەسەلەی پلەیەکت بێتو سوپاسی ماندوبونت ئەکەین..**

*زۆر سوپاستان ئەکەم، بەڵام وەکو پێم وتی: من شاعیرێکی سیاسیم، من خۆم وا ئەبینم کە من شاعیرێکم یاخود نوسەرێکم ئەوجا سیاسەت ئەکەم، ئیتر سیاسەتەکەش بوە بە میراتێكو بۆمان ماوەتەوەو سوپاس.